تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5887) یەک شەممە 8ی کانونی یەکەم 2019 «20» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا دەکات

پێویستە چیتر ڕێگە نەدرێت گەلی کورد لە سووریا تووشی ئێش و ئازار و ئاوارەیی ببێت

جەیمس جێفری: پەیوەست بە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان پێویستیمان بە ڕاوێژ و هاوکاریی سەرۆک بارزانییە



دوێنێ شەممە 2019/12/7 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی کرد لە جەیمس جێفری نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا و شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوو لە ستیڤ فاگین کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر و جەنەراڵ ئێریک هێڵ فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا و ژمارەیەک ڕاوێژکاری سەربازی و سیاسیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

لە دیدارەکەدا نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا ستاییشی ئەو ئارامی و گەشبینەندەی کرد کە لە هەرێمی کوردستاندا لە ئارا دایە و جەختیشی لە پێشڤەچوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستانی کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا سەرەخۆشیی لە سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستان کرد بە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەک پێشمەرگە لە پەلامارەکانی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەردوولا تەئکیدیان لە هەماهەنگیی و کاری هاوبەشی سوپای ئەمەریکا و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش.

بارودۆخی سیاسیی عێراق و دواییێ پەرەسەندنەکان لە پرۆسەی سیاسیی و داواکاریی خۆپێشاندەران تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو و هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە پەرەسەندنی توندوتیژی و تێکچوونی سەقامگیریی عێراق نیشاندا کە کاریگەریی لەسەر خۆرێکخستنەوە و زیادبوونی هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش بە جێ بهێڵێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دواییێ گۆڕانکارییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و هاوکێشە مەیدانییەکان تاوتوێ کرا و جەخت لەوە کرایەوە کە لە هەر گۆڕانکارییەکدا پێویستە ڕێگە لە گۆڕینی دیموگرافیی ناوچەکە بگیرێت و چیتر ڕێگە نەدرێت گەلی کورد لە سووریا تووشی ئێش و ئازار و ئاوارەیی ببێت.

پەیوەست بە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند کە پێویستیمان بە ڕاوێژ و هاوکاریی سەرۆک بارزانییە.

ڕاگەیانراوێک لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە



سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیانراوێکی دەربارەی بەردەوامیی ڕووداو و توندوتیژییەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق ڕاگەیاند، **ئەمە دەقەکەیەتی:**

بە نیگەرانییەکی زۆرەوە لە بەردەوامیی ڕووداو و توندوتیژییەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەڕوانین.

ئەو کۆشتارەی بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی سڤیل لە پردی سنەک و گۆڕپانی خلانی لە بەغدا کرا، تاوانی بێ پاساون و تاوانکاران هەر کێ و لە هەر لایەنێکەوە بن، دامودەزگا و لایەنە بەرپرسەکانی عێراق دەبێ بیاندۆزنەوە و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە کاتێکدا پرسە و سەرەخۆشیی قوربانییان ئاراستەی کەسوکاری قوربانییان دەکەین و هاوخەمیانین، هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارانی دەخوازین، دووپاتی دەکەینەوە کە خۆپیشاندانی ئاشتیانە و سڤیل، مافێکی دەستووریی ڕەوا و پارێزراوە و بە هیچ شێوەیەک قبووڵکراو نییە ئەو زێدەڕۆییە لە توندوتیژی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران بەکار بێت و بکرێنە ئامانجی دەستڕێژ و هێرشی لەوجۆرە.

ئەرکی هەموو لایەکە بە گیانێکی نیشتمانیی بەرپرسیارانەوە، مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن تاکو لە دەست دەرنەچێت و پێشهاتی ترسناکتر ڕوونەدەن، چیتریش خوێن نەڕژێت و هەموان لە چوارچێوەی یاسادا بجوووڵێنەوە.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2019/12/7

گوتاری مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

چاوپۆشی لە گەندەڵیی هیچ کەس و لایەنێک ناکەم

باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا، کاریگەرییەکی ئەرێنی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت

تا ئێستا توانیومانە داهاتی ناوخۆمان زیاد بکەین و کار دەکەین بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ داهاتی ناوخۆ بە ڕێژەی 50٪ زیاد بکەین



دوێنێ بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی تێپەڕبوونی 100 ڕۆژ بەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی تەلەفزیۆنی پێشکەش کردو تیایدا ئاماژەی بە چەند لایەنێکی گرنگی کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردو هاوواڵتیانیشی دڵنیا کردەوە کە هەموو توانایاک دەخەنەگەڕ تاکو لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بگەنە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە. هەروەها باسی لەوە کرد کە کەشێکی لەباریان هێناوەتە ئاراوە کە چیتر گەندەڵی تێدا گەشە نەکات.

(دەقی وتاری سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ل3-4-5 بخوێنەوە)

ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکانی وەزارەت و دەستەو فەرمانگەکان لە 100 ڕۆژی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لەم ژمارەیەدا بخوێنەوە

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق:

پشکی هەرێم لە پڕۆژەیاسای بودجەدا زیاتر لە 10 ترلیۆن دیناڕە

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، هەرکاتێک پڕۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکرێت، هەموو هەوڵێک دەدەن ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا وەکو خۆی پەسەند بکرێت. دەشڵێت، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی داهاتوودا، زیاتر لە 10 ترلیۆن دیناڕە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



شەپۆلێکی بەفرباریین سنووری حاجی ئۆمەرانی گرتەوە

دوێنێ شەپۆلێکی بەفرباریین سنووری حاجی ئۆمەرانی گرتەوەو تا ئێستاش نزیکەی 25 سانتیمەتر بەفر باریوە. **(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)**

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا داوای هاوکاری و یارمەتیدانی ئاوارەکانی سووریا لە هەرێم دەکات

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا، د. دلاوەر ئاژگەیی بەشداری لە کۆبوونەوەی سندوقی هاریکاری مەداد بۆ پرسی پەنابەرانی سووری لە کۆمسیۆنی ئەورووپا کرد بە ئامادەبوونی نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و باڵیۆزی وڵاتانی دراوسێی سووریا. **(زیاتر لە ل17 بخوێنەوە)**

بارەگای موقتەدا سەدر بەفڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆردوومانکرا

ساڵح محەمەد عێراقی نزیک لە سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە شۆێنی نیشتەجێبوونی موقتەدا سەدر لە شاری نەجەف باشووری عێراق لە لایەن فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە بۆردومانکراوە. **(زیاتر لە ل17 بخوێنەوە)**

کرێی خوێندن لە قوتابخانە ئەهلییەکان کەم دەکرێتەوە

ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: هەوڵەکانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بەردەوامن بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە قوتابخانە ئەهلییەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە. **(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)**



پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر پێشمەرگە لە خانەقین

رۆژی پێنج شەمە 2019/12/5 سەرۆک بارزانی سەبارەت بە هێرشی تیرۆریستان بۆسەر پێشمەرگە لە دەوروبەری خانەقین پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

شەوی ڕابردوو، بەهۆی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر پێشمەرگە لە دەوروبەری خانەقین، بەداخەوە سێ پێشمەرگە شەهیدبوون. پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

پەلامارەکانی ئەمدواییەی تیرۆریستان دەرخەری ئەوەن کە تیرۆریستان خۆیان ڕێکخستۆتەوە و هەڕەشەیەکی جیددین بۆ سەقامگیریی تەواوی ناوچەکە.

مسعود بارزانی
2019/12/5

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ خەڵکی شاری سەقز

رۆژی هەینی 2019/12/6 سەرۆک بارزانی بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە هۆڵێکی زەماوەندی شاری سەقز کە ژمارەیەک هاووڵاتیی ئەم شارە گیانیان لەدەست دا، پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە شەوی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە هۆڵێکی زەماوەندی شاری سەقز ژمارەیەک هاووڵاتیی ئەم شارە گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکی تریش بریندار بوونە. بەم بۆنەخەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکەم و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ بریندارانی دەخوازم و خۆم بە هاوبەشی خەمی هاووڵاتیانی خۆشەویستی شاری سەقز دەزانم.

مسعود بارزانی
2019/12/6

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە ئامینە خانی هاوسەری شەهید محیەدین ڕەحیم دەکات

ئێوارەی دوێنێ 2019/12/7 سەرۆک مسعود بارزانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆی ئاڕاستەی ئامینە خانی هاوسەری شەهیدی سەرکردە محیەدین ڕەحیم کرد بەهۆی گیان لەدەستدانی کوڕەکەی (ئالان محیەدین ڕەحیم) لە ڕووداوێکی دڵتەزێن لە وڵاتی ئەمەریکا.

دڵشاد بارزانی بەشداری کۆنگرەی SPD دەکات

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرکردایەتیی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، بەڕێز دڵشاد بارزانی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا، بەشداری کۆنگرەی SPD بوو لە بەرلین.

لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا، دڵشاد بارزانی چاوی کەوت بە چەندین ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو پارتە و گەورە بەرپرسانی ئەڵمانیا و هەردوولا ڕەوشی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا و شەڕی تیرۆر و ئاوارەکانیان تاوتوێ کرد و دڵشاد بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەندامانی کونگرەکە خواست.

جێگای ئاماژە پێکردنە پارتی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا نزیکەی سەدوپەنجا ساڵە دامەزراوە و دووەم پارتی دەستەڵاتدارە لە ئەڵمانیا، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی ئەڵمانیا و هاوپەیمانی ئەورووپا دەنگەکانیان کەمی کردبوو و چەندین کێشەی ناوخۆییان هەبوو.

لەم کۆنگرەیەدا ئەندامانی پارتی ناوبراو سەرکردایەتییەکی نوێیان هەڵبژارد و لەناو دەسەڵاتی ئەڵمانیادا دوو پۆستی گەورە پشکی پارتی ناوبراون، کە وەزیری دەرەوە و سەرۆککۆمارە.

ڕاگەیاندراوێک لە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانەوە:

پێویستە ڕێگە نەدرێت تیرۆریستان بارودۆخی نالەباری عێراق و ناوچەکە بقۆزنەوە



پەلاماری داعش بۆ سەر لیوایەکی پێشمەرگەی کوردستان لە خانەقین، دوابەدوای زنجیرەیەک کردەوەی تیرۆریستیی یەک لە دوایەکی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک و گەرمیان، سەلێنەری ئەو ڕاستییەیە کە داعش کۆتایی نەهاتووە و هێشتا هەڕەشەیە بۆ سەر ئارامی و ئاساییش، شەڕی لەنێوبردنی ئەو دوژمنە سەرسەختەی مرۆڤایەتی هێشتا دڕێژەی هەیە.

ئێمە لە کاتێکدا سلاو و دروود بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانە دەنێرین کە لە تێکشکاندنی پەلامارەکەی داعشدا گیانیان سپارد و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکانمان دەخوازین و دەستخۆشی لە پێشمەرگە قارەمانەکانمان دەکەین، هاوڕێتیانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی دیکەی کوردستان وەک هەمیشە لە ئامادەباشیدان بۆ بەرپەرچدانەوە و تێکشکاندنی هەر جوولانەیەکی تیرۆریستان و پاراستنی خەڵک و خاکی کوردستان لە هەر مەترسییەک.

جارێکی دیکەش جەخت لەوە دەکەینەوە کە داعش هێشتا هەرەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان، دڵنیاین ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە خەریکی خۆڕێکخستنەوە و قۆستنەوەی بارودۆخەکەن بۆ فرواندنی کارە تیرۆریستییەکانیان، بۆیەش پێویستە هاوپەیمانیی دژە داعش بە هەمان گوڕ و تینی جارانەوە بەردەوام بێت و ڕێگە نەدرێت تیرۆریستان بارودۆخی نالەباری عێراق و ناوچەکە بقۆزنەوە، هەوڵەکانیش چڕ بکرێنەوە بۆ هەرچی زووتر کۆتاییهێنان بە هەلومەرجی شێواوی عێراق و گێژاوەی سەقامگیری.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/5

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵێوز جەیمس جێفری دەکات

مەسرور بارزانی: داعش هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق

جەیمس جێفری پابەندبوونی ئەمەریکای بە پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان و پشتگیریکردنی پێشمەرگە دووپات کردەوە



دوێنێ شەمە 2019/12/7 مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵێوز جەیمس جێفری نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کرد.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی گۆڕانکارییەکانی عێراق و سووریا و ناوچەکە و کرایەوە. جەخت لە بەردەوامبوونی هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق کرا. باڵێوز جەیمس جێفری پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد لە بەرامبەر دووپاتکردنەوەی پشتگیریی لە هەرێمی کوردستان و پشتگیریکردنی پێشمەرگە دووپات کردەوە.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد لە بەرامبەر دووپاتکردنەوەی پشتگیریی لە هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەوەدا، کە داعش هێشتاش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و هەماهەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان.

لیوایەکی پێشمەرگە بۆ تووندوتۆڵکردنی سەنگەرەکان ڕەوانەی خانەقین کرا

بەرپرسێکی پارتی: تاکە چارەسەر بۆ دۆخی ناوچەکە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە

بەرپرسێکی پارتی لە خانەقین ڕایگەیاند، دۆخی ئەمنیی سنووری خانەقین بە هۆی بێتوانایی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراقەوە ئاڵۆز بووە، بۆیە جارێکی دیکە داعش سەری هەڵداوەتەوە.

دەشڵێ، بۆ تووندوتۆڵکردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، لیوای 16ی هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی سنووری کۆماجۆ کراوە.

عامر ڕەفعەت، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بڕیاوەتی لە سنووری خانەقین، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان گوتی: ڕۆژ بەڕۆژ دۆخی سنووری خانەقین بەرەو خراپتر دەچێت و لە ئێستادا داعش هێرشەکانیان بۆ سەر پێشمەرگە دەست پێکردووە، چونکە دەزانن لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە گەورەترین شکستیان خواردووە، هەر بۆیە بۆ تووندوتۆڵکردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، دوێنێ لیوای 16ی هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری کۆماجۆ ڕەوانە کراوە.



ڕەفعەت ڕوونیشی کردەوە: لە زنجیرەچیاکانی حەمرین تا دەگاتە سنووری کۆماجۆ، بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی هەیە و هێزی عێراقی و حەشدی شەعبی توانای پاراستنی ئەو ناوچانەیان نییە و ڕێگریش دەکەن هێزی پێشمەرگە بچێتە ئەو ناوچانە، بۆیە تاوەکو هێزی پێشمەرگە نەچێتەوە بۆ هەموو ناوچانەکان، ئەستەمە ئەمنییەت بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە. ناوبراو باسی لەوەش کرد، شەوانە سەربازی عێراق و حەشدی شەعبی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەکوژرێن و تەنها لە ماوەی دوو مانگدا داعش زیاتر لە 20 هێرشی ئەنجام داوە، بۆیە تاکە چارەسەر بۆ ئەم دۆخە، گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە.

لیژنەی دارایی: پشکی هەرێم لە پڕۆژەیاسای بودجەدا زیاتر لە 10 ترلیۆن دینارە



بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، هەرکاتێک پڕۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکرێت، هەموو هەوڵێک دەدەن ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا وەکو خۆی پەسەند بکرێت. دەشڵێت، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی داهاتوودا، زیاتر لە 10 ترلیۆن دینارە.

د. ئەحمەد سەفار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق نزیکەی 162 ترلیۆن خەرجییە، داهات114 ترلیۆن دینارە و کورتهێنانیش 48 ترلیۆن دینارە. سەفار ئەوەشی گوتووە: پشکی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 10 ترلیۆن دینار دەبێت، جگە لەوەش، پشکی هەرێم لە بودجەی حاکیمە و سیادی و بووژاندنەوەی هەرێمەکان و بودجەی پێشمەرگە و پیترۆدۆلاریش ڕەوانە دەکرێت.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق باسی لەوەش کردووە: ئەوەی لای ئێمە گرنگە و هەوڵی بۆ دەدەین ئەوەیە، بودجە لە لیژنەی دارایی، وەکو خۆی ڕەوانە بکەین بۆ پەرلەمان و لەوێش وەکو خۆی پەسەند بکرێت، چونکە ئەوە گرنگە، کە دەستکاری نەکرێت.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/8 ژمارە (5887)

گوتاری مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد رۆژ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

کەشێکی لەبارمان هێناوەتە ئاراوە، کە چیتر گەندەڵیی تیایدا گەشە ناکات، خۆم زۆر لە سەر ئەم بابەتە رژدم و چاوپۆشی لە گەندەڵیی هیچ کەس و لایەنێک ناکەم

پلانمان داناوە بۆ زیاترکردنی داهاتی ناوخۆ و کەمکردنەوەی خەرجی بە پێی پێویستی. ئەم رێکارانەش هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێداویستی دارایی وەزارەت و فەرمانگەکان

نابێت چیتر تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات ببەستین



هاوواڵاتیانی خۆشەویست دڵنیا دەکەینەوە، هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ تاکو لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق بگەین بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە و مووچە و شایستە داراییەکانیان بە شێوەی مانگانە، بە تەواوەتی بگات و جارێکی دیکە مووچەی هاووڵاتیان پاشەکەوت نەکرێت

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

هاوواڵاتیانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان

خۆشحاڵم ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی سەد ڕۆژی کارکردن بە سەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم گوتارەتان پێشکەش بکەم.

لە ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەکەمان لە پەرلەمان، ئاماژەم بەوەکرد، کە ئەرکێکی سەختمان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام وتمان پشت بەخوا و متمانەی هاوڵاتیانمان، دەتوانین بەسەر سەختییەکاندا زاڵ ببین و ئەم قۆناغە تێپەڕێنین. خۆشحاڵم ئەمڕۆ لێرەدا ڕایدەگەینم، بە بڕوای ئێمە قۆناغی باشمان بڕیوە و ڕەوتی کارەکانمان کەوتووەتە سەر ڕاستەڕێ و دەسکەوتی بەرچاو بەدی هاتوون.

من پێشتریش باسمکردووە، ئێمە حکوومەتێکمان دەوێت، خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات، ئێمە پابەندبوونی خۆمان دووپاتدەکەینەوە بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر و حکوومەتێک کە خزمەتی خەڵک بکات، نەک بە پێچەوانەوە، ئەمەش بنەمای کارکردنمان بووە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونمانەوە.

ئێمە هەرچی لە تواناماندا بێت دەیکەین بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەشزانم هاوواڵاتیان چاوەڕوانی زیاتریان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەڵام بێگومان ئەنجامدانی پڕۆژەی گرنگ و ستراتیجی، پێویستی بە کاتی زیاتر و زەمینەی لە بارتر هەیە. پشتیوان بە خوا و هاوواڵاتیان، ئومێدمان زۆرە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست چاوەڕوانی ئێوەدا بێت.

بێگومان تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ، تەنیا دەسپێکێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە سەد ڕۆژی دەستپێکدا، کاری بەرچاومان کردووە و لە چەندین بواری گرنگدا پێشکەوتنی باش بەدی هاتوون. بۆ نموونە باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها گەڕاندنەوەی شەفافییەت و دڵنیایی زیاتر لە بواری داهاتی گشتی و ناوخۆ و نەهێشتنی ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕووتین، دەتوانین بڵێین بە گشتی حکوومەت چالاکتر و ئەکتیڤتر بووە.

دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم، ئێستا کوردستان بەهێزتر و سەقامگیرترە و حکوومەتیش شەفافترە. ئێمە هیوادارین بە بەردەوامبوون لەم پلان و ڕێکارانەی کە گرتوومانەتەبەر، لە چەند ساڵی داهاتوودا دەسکەوتی زۆر گەورەتر بەدەست بهێنین.

هاوواڵاتیانی بەڕێز:

بەر لەهەموو شتێک، هەر حکوومەتێک بیەوێت خزمەتی خەڵک بکات، پێویستە حکوومەتێکی ڕوون و شەفاف بێت.

لە بارەی داهاتی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرەتای کاری ئەم کابینەیەوە بڕیاردرا بە کۆکردنەوەی گشت داهاتەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بە جۆرێک کە بزاندرێت داهاتی حکوومەتی هەرێم چەندە، هەروەها بۆ خەرجییە پێویستییەکانیش بەرچاومان روون بێت. لە سەر ئەم بنەمایە، پلانمان داناوە بۆ زیاترکردنی داهاتی ناوخۆ و کەمکردنەوەی خەرجی بە پێی پێویستی. ئەم ڕێکارانەش هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێداویستی دارایی وەزارەت و فەرمانگەکان.

تا ئێستا توانیومانە داهاتی ناوخۆمان زیاد بکەین و کارەکەین بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ داهاتی ناوخۆ بە ڕێژەی 50 زیاد بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە و دانانی سیستەمێکی هاوسەنگی باج، کە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت و بتوانێت، داهات بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان دابین بکات.

ئێستا سەرقاڵی ڕێککخستنەوەی باجین لە هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئەو ڕێکارانەی ڕاگرتووە، کە ببوونە هۆی ئەوەی هەندێک کەس و کۆمپانیا بە شێوەیەکی نایاسایی لە باجدان ببەخشرێن.

ئێستا خەرجییەکانی حکوومەتیش، زیاتر بەداواداچوونیان بۆ دەکرێت و لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆنترۆڵێکی ناوەندییەوە، چاودێرییەکی وردی خەرجییە گشتییەکان دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین داهاتی گشتی بە فیڕۆ نادرێت و خەرجیە گشتییەکانیش بە پێی پێداویستییە لە پێشینەکان بێت.

ئێستا خەرجییەکانی حکوومەتیش، زیاتر بەداواداچوونیان بۆ دەکرێت، دەمانەوێت دڵنیابین ئەو خەرجیانە، بە شێوەیەکی دروست و لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا خەرج دەکرێن.

هەر پەیوەست بە داهاتە گشتییەکانی حکوومەتەوە، پرۆسەیەکی شەفافمان گرتووەتەبەر، بەتایبەت لە بواری داهاتی سامانە سرووشتییەکان. بە شێوەیەکی بەردەوام داتا و زانیارییەکانمان خستووەتەڕوو. ئێستا گشت هاووڵاتیان دەتوانن بزانن، داهاتی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکانمان چەندە و لە چ بواریکدا خەرج دەکرێت.

- لە بابەتی پەیوەندیدار بە پرسی گەندەڵییەوە

کەشێکی لەبارمان هێناوەتە ئاراوە، کە چیتر گەندەڵیی تیایدا گەشە ناکات، خۆم زۆر لە سەر ئەم بابەتە ڕژدم و چاوپۆشی لە گەندەڵیی هیچ کەس و لایەنێک ناکەم.

ئێستا ڕێکاری یاسایی زۆر تووندمان گرتووەتەبەر بەرامبەر ئەوانەی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا، بەرتیل وەردەگرن، یان بەرتیل دەدەن. چەندین کارمەند و بەرپرسی حکومی لەسەر بەرتیل وەرگرتن و چەندەها خاوەنکاریش، بە هۆی بەرتیلدان، لەم ماوەیەدا کەیسەکانیان دراوەتە دادگاکان.

تا ئێستا بە سەدان فەرمانبەری وەهمیمان لە لیستەکان پاک کردووەتەوە و پرۆسەکەش بەردەوام دەبێت. دەمانەوێت دڵنیابین کەسانی شایستە مافەکانیان نافەوتێت و تەنیا ئەوانەی زیدەڕۆییان کردووە، ڕێکاری پێوستیان لە بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

لە ئاستی گشت وەزارەت و دامەزراوەکان، چەندین لیژنە بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی پێکهاتوون، ڕێکاری تووند بەرامبەر هەر سەرپێچی و گەندەڵییەک دەگیرێتەبەر.

دوای سەد ڕۆژ کارکردن، ئێستا دەتوانم بڵێم گەندەڵیمان تاڕادەیەکی بەرچاو سنووردار کردووە. بە یاساش ڕووبەڕووی هەموو گەندەڵکاران دەبینەوە. لەم ماوەیەدا، زۆر هەوڵیش دراوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ساردمان بکەنەوە، بەڵام هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە، بە هەموو توانایەکمان لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین.

- لە بارەی چاکسازییەوە

یەکەم بڕگەی بەرنامەی کارمان کە لە پەرلەماندا پێشکەشم کرد، پەیوەست بوو بە چاکسازی. لە سەرەتای کاری ئەم کابینەیە، لێژنەیەکی بااڵمان لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو حکوومەت پێک هێنا و دوای چەند مانگ پێداچوونەوەیەکی باش و واقعیانە بە پڕۆژە یاسای چاکسازی، ئێستا ئەم پڕۆژە یاسایە، ئامادەیە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

بۆ باشتر و خێراتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، داوام لە هەموو وەزارەتەکان کردووە، بیرۆکراسی کەم بکرێتەوە و پلانی چوار ساڵەی خۆیان بۆ چاکسازیکردن ئامادە بکەن. دەستمان بە ئەلکترۆنیکردنی چەند خزمەتگوزارییەکی گشتی کردووە و پەرەشی پێدەدەین. خەریکین داتاسەنتەرێک، واتا ناوەندێکی زانیاری بۆ حکوومەت دادەمەزرێنین، کە زیاد لە پەنجا لە سەدی کارەکانی تەواو بووە و لە چەند مانگی داهاتوودا دەستبەکار دەبێت. ئەم ناوەندە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی، خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشی هاووڵاتیان و خاوەنکاران دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستیان بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان بگات.

بۆ نموونە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، چەندین دەروازەی سنووریمان بە یەکەوە بە ستوونەتەوە و ئێستاش بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بۆ بەستنەوەی دەروازە سنووریەکانی دیکە و فرۆکەخانەکان بەو سیستەمەوە.

تا ئێستا توانیومانە داهاتی ناوخۆمان زیاد بکەین و کاردەکەین بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ داهاتی ناوخۆ بە ڕێژەی 50٪ زیاد بکەین

من دەزانم بۆ خەڵکی ئێمە تا ئێستاش کارەبا جێی نیگەرانی و ناڕەزایی بووە، کە پێداویستییەکی زۆر گرنگە بۆ هاوواڵتییان و خاوەنکاران و کۆمپانیاکانیش. بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ باشترکردنی کەرتی کارەبا

دەمانەوێت لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە، ببین بە هەرێمێکی بەرهەمهێنەر

چاوەڕوانیمان لە خاوەنکار و کۆمپانیا خۆماڵییەکان هەیە، کە هاوکاریی زیاتری کەرتی پەروەردە بکەن و لە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە سەرانسەری هەرێم بەشدار بن



ئەمەش ئاسانکارییەکی باشی کردووە لە بواری کۆکردنەوەی گومرگ و سەرەنجام بزاقی بازرگانی گەشەی کردووە، هەروەها بووەتە هۆی باشتربوونی کوالیتی کۆنترۆل.

جیا لە بەئەلیکترۆنیکردن، هەوڵمان داوە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە ناوەندی پارێزگاکان کۆ نەکرێنەوە، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی خەڵک بێت لە سەنتەری شارەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی پاسپۆرت دەربهێنێت، یان نوێی بکاتەوە. ئێستا چەند بنکەیەکی پاسپۆرت لە چەند شارۆچکەیەک کراونەتەوە و هی تریش دەکرێنەوە. بەم شێوەیەش کات و سامانی هاوواڵتیان بە فیڕۆ ناچێت و قەرەباڵغی و جەنجاڵی لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان کەم دەکرێتەوە.

هەروەها لە بابەتی دەوامکردنی فەرمانبەرانیش، گۆڕانکاری ڕوویداوە و ئێستا فەرمانبەرانی حکوومەت باشتر لە جاران پابەندن بە کاتژمێرەکانی کارکردنیان و بەوجۆرەش ڕایی کردنی مامەڵە و کاروباری هاوواڵتیان خێراتر و کاریگەرتر بووە.

ئێستا کاردانەوەی باشی هاوواڵتیامان پێدەگاتەوە، کە نەمانی ڕووتین و خێرایی ڕاییکردنی مامەڵەکانیان لە زۆر دامودەزگادا، جێگەی خۆشحاڵییان بووە، ئەمەش زیاتر هانمان دەدات ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ڕووی کات و کوالێتییەوە بەرزتر بکەینەوە، چونکە ڕەزامەندی و خۆشحاڵیی هاوواڵتیان ئامانجمان بووە. ئێستا لە پرۆسەی زۆر خزمەتگوزاری وەک، پاسپۆرت، سالنامە و مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و دادنووسی و کاروباری شارەوانییەکان، خێرایی زیاتر بەدی دەکرێت، بە خستنەگەڕی خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان، ئەم خزمەتگوزارییانە، خێراتر و ئاسانتریش دەبن.

دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی

یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا. لە دوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سەردانی بەغدامان کرد، بۆ ئەوەی نیازپاکیمان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی داپەروەرانە، لە چوارچێوەی دەستووردا بۆ بەغدا دووبارە بکەینەوە.

باشترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا، کاریگەرییەکی ئەرێنی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێت و لە بەرژەوەندی هەموو هاوواڵتیانی عێراقیشە.

ئێمە ئامانجمان ئەوەیە، ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەی گشتگیر لەگەڵ حکوومەتی عێراق بکەین، کە لە بەرژەوەندی هەموماندا بێت. لێرەدا خۆشحاڵم کە ڕایبگەیەنم پێشکەوتنێکی باش لە گفتوگۆکامان بەدیهاتووە و لە سەر چوار تەوەر دانوستانەکان بەردەوامن:

یەکەم : دۆزینەوەی فۆرمۆڵەیەک کە دادپەروەرانە بێت بۆ بابەتی بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق.

دووەم: بە پێی دەستووری عێراق، دەسەڵات و مافەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرسی نەوت و گاز پارێزراو بن.

سێیەم: کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان، بە پێی دەستوور چارەسەر بکرێن.

چوارەم: هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێک بێت لە سیستەمی بەرگری عێراق و مافە دەستوورییەکانی پارێزراو بێت.

حکوومەتی فیدراڵی نیگەرانییەکانی ئێمەی وەرگرتووە و ئێستا بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر چارەسەرییەکان دەکەین.

بۆ نموونە بۆ یەکەمجارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە دارشتنی ڕەشنووسی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی عێراق دەکات و هەنگاوی باشمان لە گەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بڕیوە بۆ جێگیرکردنی ماف و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان، لە بودجەی 2020دا.

ئێمە ئێستا بەشێکمان لە بودجە پێدەگات. نەوتی کەرکووکیش بە هاوبەشی هەنارد دەکەین. سیاسەتە گومرگییەکانیشمان هاوتا کردووە. بێگومان چارەسەرکردنی پرسی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی، زۆر یارمەتیمان دەدات بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی زیاتر کە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و تەواوی هاوواڵتیانی عێراق بێت. لێرەدا هاوواڵتیانی خۆشەویستمان دڵنیا دەکەینەوە، کە هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ تاکو بگەین بە ڕێککەوتنێکی داپەروەرانە و مووچە و شایستە دارایییەکانیان بە شێوەی مانگانە، بە تەواوەتی بگات و جارێکی دیکە مووچەی هاوواڵتیان پاشەکەوت نەکرێت.

لە بواری جۆراوجۆردا، پێشڤەجوونی باش لە پەیوەندییەکانمان لە گەل بەغدا بەدیهاتوون، بۆ نمونە، ئێستا وەزارەتی ناوخۆی عێراق کارئاسانی بۆ پێدانی ڤیزا بۆ هاتنی بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەش وادەکات وەبەرهێنەرانی بیانی بە ئاسانی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئێمەش ئاسانکاریمان کردووە بۆ ئەو هاوواڵتیانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراق سەردانی هەرێم دەکەن و کارتی نشینگە و ئەو پارەیەی بەرامبەری وەردەگیرا لابردران، ئێستا تەنیا لە ڕووی ئەمنییەوە پێداچوونەوە بە ناوەکان دەکرێت و هەموو ئاسانکارییەک پێشکەشی ئەو هاوواڵتیانە دەکرێت تاکو لە هەرێمدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن و لە دۆخی سەقامگیر و هێمندا کات بەسەر ببەن.

دەربارەی ڕاهێنان و چاکسازی لە پێشمەرگە

ئامانجێکی هەرە لەپێشی حکوومەتی هەرێم پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی هەرێمە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی پۆلیس و دامودەزگاکانی ئاسایش بکەم بۆ ئەو دۆخە ئارام و سەقامگیرەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە جێی سەرنج و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

من خۆم شاهیدی قارەمانێتی و ئازایەتی پێشمەرگەم، کە چۆن لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بوون. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ڕێز لە قارەمانێتی و قوربانیدانەکانی پێشمەرگە دەگرێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانمان بکرێت.

وڵاتانی هاوپەیمان بەردەوامن لە ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆیان. لە ماوەی سەد ڕۆژی ڕابردوودا بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان، دەستمان بە پرۆسەی چاکسازی کردووە لە نێو یەکەکانی هێزی پێشمەرگە. لە نزیکەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری پێشمەرگە، لە سەر ئەم بابەتە کار دەکەین.

لەبارەی پەرەپێدانی وەبەرهێنان

خەریکین یاسایەکی نوێی وەبەرهێنان دادەڕێژین، کە پرۆسەکە لە قۆناخی کۆتاییدایە، بەمەش زەمینە بۆ وەبەرهێنەران خۆشتر و ئاسانتر دەبێت. ستراتیج و پلانێکی تایبەتمان بۆ وەبەرهێنان داڕشتووە، کە لەمەودا پرۆسەی وەبەرهێنان بە پێی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بێت. بۆ نموونە لە کاتێکدا کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە کەرتە هەرە گرنگەکان، بەڵام پێشتر تەنیا 2٪ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لەو کەرتەدا ئەنجام دراوە. پێویستە ئەنجامدانی پڕۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا و بە پێی ستاندارد و مەرجی دیاریکراو بن، هەر لایەنێک ئەو مەرجانە جێبەجێ نەکات، مۆڵەتی کارکردنی لێ دەسەنرێتەوە.

خەڵکێکی زۆر ئارەزوویان هەیە بێنە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، بۆیە ئێمەش ئاسانکاری پێویست بۆ هاتنی وەبەرهێنەرانی بیانی دەکەین، لە هەمانکاتیشدا، هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆش دەدەین بۆ وەبەرهێنانی زیاتر.

تا ئێستا چەندین کۆمپانیا و وەبەرهێنەری نوێ هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، کە کۆی وەبەرهێنانیان نزیک لە نیو ملیار دۆلار دەبێت لە گشت کەرتەکاندا. دڵنیاشین چەندین وەبەرهێنەری دیکەش ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەبارەی پرۆسە کارگێڕیی و یاساییەکانی وەبەرهێنان، بە نیازین خزمەتگوزارییە ئەلکترۆنییەکان پەرە پێ بدەین و سیستەمی یەک پەنجەرەیی ڕەچاو بکەین، تا پرۆسەی وەبەرهێنان خێراتر ببێت.

لە بواری پێشخستنی ژێرخانی ئابووریدا، دوای ماوەیەک لە بەدواداچوون و پێداچوونەوە، لە مانگی 10ی ئەمساڵدا ڕەزامەندیمان لە سەر خەرجکردنی شەشسەد و حەڤدە ملیار دینار داوە بۆ ئەنجامدانی سەدان پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لەوانەش بۆ پرد و ڕێگەوبانەکان و بەنداو و دابینکردنی ئاوی خاوێن و یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و دروستکردنی فەرمانگەی حکومی. مەبلەغی ئاماژە پێکراو بە شێوەیەکی مانگانە و بە قستی جیا و بە پێی توانای دارایی هەرێم بۆ پڕۆژەکان خەرج دەکرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ڕێز لە قارەمانێیتی و قوربانیدانەکانی پێشمەرگە دەگرێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانمان بکرێت

کار دەکەین بۆ هێنانە ئارای زەمینەیەکی لە باری ئەوتۆ کە بەرهەمە ناوخۆییەکانمان بتوانن کێبرکێ لەگەڵ بەرهەمی بیانیدا بکەن

لە بواری چاکسازی لە کەرتی پەروەردەدا، لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە، قوتابخانە و قوتابی و مامۆستاکان بە یەکەوە دەبەستینەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت

حکوومەتی هەرێم هی هەموو هاوواڵتیانە، بە تەنیا هی تاکە کەسێک و یان چەند حیزبێک نییە، بۆیە چاوەڕوانین هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لە بەهێزکردنی ئەم حکوومەتە پاڵپشتمان بن



هەرێمێکی بەرهەمهێنەر.

بۆ نموونە دەرفەتێکی گەورە هەیە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و سوود وەرگرتن لەو کەرتە، وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکاتی داهاتمان.

هەرێمی کوردستان دەکرێ بێتە سەبەتەی خۆراکی عێراق و تەنانەت ناوچەکەش. لەم ڕووەوە دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی گەشەپێدان لە کەرتی کشتوکاڵ ئەنجام بدەین.

هەروەها دەمانەوێ پشتگیریی کەرتی پیشەسازیش بکەین و پێشیبخەین. بۆ ئەم مەبەستەش کارمان لە سەر پێشخستن و بەهێزکردنی ژێرخانی هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەک ئاماژەمان پێدا لە دروستکردن و چاککردنی پرد و ڕێگاوبانەکان و بەنداو و سایلۆ و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانمان.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە میانەی ئەو پڕۆژانەش، پڕۆژەی یازدە بەنداو، هەروەها سێ سایلۆ لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی شایەنی ئاماژە پێدانن، چونکە گرنگییەکی زۆریان بۆ ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک لە هەرێمدا هەیە.

هەروەها خەرجی پێویستمان بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەندین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دابین کردووە. بە نرخێکی هەرزانیش، سەدان یەکەی نیشتەجێبوونمان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم بۆ هاووڵاتییانی کەمدەرامەت دەستەبەر کردووە.

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەش، سی و سێ ملیار دینارمان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبانەکان تەرخان کردووە.

هاووڵاتییانی بەڕێز:

هاوتەریب لەگەل ئەنجامدانی چاکسازی، پێویستە کار لە سەر گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستانیش بکەین. ئابووری و داهاتی ئێمە تا ئێستا بەشی زۆری بەندە بە داهاتی نەوتەوە. بە شێوەیەکی زۆر پشت بە هەناردەکردنی نەوت بەستراوە و کەرتەکانی دیکە فەرامۆش کراون. بۆیە یەکێک لە کار و ئەرکی لە پێشینەمان هەمەجۆرکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهاتە.

نابێت چیتر تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات ببەستین. دەمانەوێت لە هەرێمێکی بەکاربەردوە، ببین بە وەک پاڵپشتییەک بۆ جووتیارانی هەرێم بابەتی گەڕاندنەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکانی کردووەتە پرۆسەیەکی درێژخایەنتر و ئاسانتر، تاکو فشاری دارایی بۆ سەر جووتیاران دروست نەکرێت.

هەروەها پلانمان بۆ زیادکردنی بەرهەمی گەنم لە هەرێمی کوردستان هەیە. ڕێوشوێن و ڕێکاری پێویستمان گرتووەتەبەر، بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی. ئێمە کار دەکەین بۆ هێنانە ئارای زەمینەیەکی لە باری ئەوتۆ کە بەرهەمە ناوخۆییەکانمان بتوانن کێبرکێ لە گەل بەرهەمی بیانیدا بکەن.

لە کەرتی کشتوکاڵدا، تا ئێستا ڕەزامەندیمان لەسەر سی پڕۆژەی کشتوکاڵی داوە، وەبەرهێنەرانی بیانیش ئارەزووی خۆیان نیشان داوە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵیدا بکەن. لە دانیشتنەکانمدا لەگەل شاندە ئابووریە بیانییەکان، هەمیشە جەختم لەسەر هاندانیان بۆ وەبەرهێنان لە بواری کشتوکال لە هەرێمدا کردووە.

هاووڵاتیانی خۆشەویست:

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێمە بنیاتنانی دواڕۆژە بۆ خۆمان و نەوەکانمان.

ئێستا ئێمە کار لەسەر ئەنجامدانی چەندین پڕۆژە دەکەین بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز، ئەو ژێرخانانەی ڕۆژانە بەکاری دەهێنین.

من دەزانم بۆ خەڵکی ئێمە تا ئێستاش کارەبا جێی نیگەرانی و نارەزایی بووە، ئەرکی خۆیان لە بەفیڕۆنەدانی کارەبا و گەڕاندنەوەی خەرجیی بەکارهێنانی کارەبا لە ئەستۆ بگرن.

پەیوەست بە دۆخی پەروەردەوە، من ئاگادارم قوتابخانەکانیشمان لە ڕەوشێکی باشدا نین. سەردانی چەند قوتابخانەیەکم کردووە و دەزانم کێشە وگرفتی زۆریان هەیە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لە یەک پۆلدا دەخوێنن و ڕۆژانە سێ شەفت، دەوامیان تێدا دەکرێت. هەر بۆیەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو بارگرانییە و باشترکردنی دۆخی قوتابخانەکانمان، بودجەیەکی تایبەتمان تەرخان کردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی پێویستن.

لە بواری چاکسازی لە کەرتی پەروەردەشدا، لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە، قوتابخانە و قوتابی و مامۆستاکان بە یەکەوە دەبەستینەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت.

داهاتووی منداڵەکانمان بە خوێندن و پەروەردەوە بەندە، بۆیە گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدەین. چاوەڕوانیمان لە خاوەنکار و کۆمپانیا خۆماڵییەکان هەیە، کە هاوکاریی زیاتری کەرتی پەروەردە بکەن و لە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە سەرانسەری هەرێم بەشدار بن.

هاووڵاتییانی بەڕێز:

بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیدانی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدەکانمان، ڕەزامەندیان لەسەر خەرجکردنی هاوکارییەک داوە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش. هەروەها بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی ئاسایش و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و بریندارەکانمان.

بە پێی تواناش هاوکاری پێویست پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەین کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، یان ئەوانەی شایستەی چاودێری کۆمەلایەتین. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پشتیوانیی دارایی پێشکەشی دەیان هەزار خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکات و لە دوا هەنگاویشدا، دوای پێداچوونەوە، یارمەتیی دارایی بۆ زیاتر لە دوازدە هەزار کەسی دیکەی خاوەن پێداویستی تایبەت گەڕاندەوە، کاریش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییە تەنیا خەڵکی شایستە لێی سوودمەند بن.

هاووڵاتیانی بەڕێز

هەرچەندە لە سەد ڕۆژی کارکردنماندا دەسکەوتی باش بەدەست هاتوون. بەڵام هێشتا کاری زۆرمان لە پێشە. تا ئێستا داموەزگاکانی حکوومەت لە ئاستی ویستی ئێمەدا چالاک و بەرهەمدار نین، دەکرێ زۆر کاراتر و بەرهەمدارتر، توانا مرۆڤی و مادەیەکانمان بەکار بهێنین.

ئامانجمان کوردستانێکی بەهێزتر و سەقامگیرتر و گەشەسەندووترە.

کوردستانێک کە پەیوەندییەکی هاوسەنگی ئاشتیانەی لە گەڵ دراوسێکان هەبێ و جێی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێت.

خوازیارم بە پشتیوانی خوای گەورە و ئێوەی بەڕێز، بتوانین ئەم ئامانجە بەدیبهێنین .

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی ئێمە دووچاری بارودۆخێکی زۆر سەخت بوونەوە و زۆر ئازایانەش بەرگەی ئەو ڕۆژە سەختانەیان گرت. بۆیە ئێمە لە کاتێکدا ڕێز و پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو قوربانیدان و ئارامگرتنەتان، پێمانوایە ئێوە شایانی ژیان و گوزەرانێکی باشترن. ئێوە شایستەی حکوومەتێکی کارامە و چالاکن، کە بتوانێت خزمەتێکی شایستەتان پێشکەش بکات. ئێمە هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ بۆ خزمەتکردنی ئێوە.

هاووڵاتیانی بەڕێز، لایەنە سیاسییە بەڕێزەکانی هەرێمی کوردستان...

خۆشبەختانە کەشێکی لە بارمان ڕەخساندووە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریی و دەستە سەربەخۆکان هەیە. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر بەرەوپێشچوونی پرۆسە یاسایی و کارگێڕییەکان، لە ناو هەرێمی کوردستاندا.

حکوومەتی هەرێم هی هەموو هاووڵاتیانە، بە تەنیا هی تاکە کەسێک و یان چەند حیزبێک نییە، بۆیە چاوەڕوانین هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لە بەهێزکردنی ئەم حکوومەتە پاڵپشتمان بن. لە کارە باشەکان هاندەرمان بن و هەڵەکانمان بۆ دەستنیشان بکەن.

دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێت، کە هەموومان تەبا و یەکگرتووتر بین. چەند جیاوازی و بۆچوونی جیامان هەبێت، پێویستە لە ئاست بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان یەکریز بین.

لە جیاتی لەمپەر خستنە بەردەم یەکتری و دڵەڕاوکی و نیگەرانی دروستکردن بۆ هاووڵاتیان، با وزە و تواناکانمان و کاتمان بۆ پێشخستنی نیشتمان و خزمەتی هاووڵاتیان تەرخان بکەین.

لە کۆتایی ئەم وتەیەمدا، ڕایدەگەیەنم کە ڕاپۆرتێکی وردی کار و دەسکەوتەکانی گشت وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەت ئامادەکراوە، کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە، دەخرێتە بەر دیدەی هاووڵاتیانی خۆشەویستمان.

سوپاس بۆ خۆڕاگریتان.. سوپاس بۆ هاوکاریتان.

هەر شاد و سەرفراز بن

کوردستانیش ئاوەدانتر و بەهێزتر بێت.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/8 ژمارە (5887)
خەبات

کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت

لە چوارچێوەی هێلە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (١٠٠) ڕۆژی کارکردندا

لەژێر ڕۆشنایی هێلّە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەماوەی سەد (١٠٠) ڕۆژی یەکەمی کاری کابینەی نۆیەم، گشت وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت هەڵساون بە ئامادەکردنی پلانی کار بۆ چوار (٤) ساڵی داهاتوو کەتەواوکردنی چەندین پڕۆژەی بەردەوام و پێشنیارکردنی چەندین پڕۆژەی نوێ لەخۆی دەگرێت بەگوێرەی پێداویستی خەڵك و سەرچاوە بەردەستەکان. لە هەمان کاتدا، لە ماوەی ئەم سەد (١٠٠) ڕۆژەدا، داموەزگاکانی حکومەت بەردەوام بوونە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پڕۆژە و ئەنجامدانی چالاکی پێویست بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستەکانی چاکسازی و خزمەتگوزاری و ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدڕال و ووڵاتانی دەرەوە و ئاستەکانی ئابووری و دارایی و و کارگێڕی. حکومەتی هەرێم لەماوەی داهاتوودا بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی چاکسازییەکان و باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان کە جێگەی ڕەزامەندی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وزیران

لە ئاستی چاکسازی

1. جێبەجێ کردنی ئەحکامی یاساکانی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ ساڵی 1991 هەموار کراو و یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.
2. پرکردنەوەی فۆرمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندی دارایی فەرمانبەرە پلە تایبەتەکانی حکومەت.
3. ڕێکخستنەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی حکومەت بەپێی ڕێنمایی نوێ بەمەبەستی چەسپاندنی شەفافیەت.
4. چاوخشاندنەوە بە پڕۆژە یاسای «چاکسازی لە خانەنشینی ، موچە، دەرماڵە و ئیمتیازەکانی تر لە هەرێمی کوردستان» بە مەبەستی نەهێشتنی گەندەڵی و چەسپاندنی دادگەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات.
5. ڕێکخستنەوەی ماڵپەڕی فەرمی حکومەت و پەسەند کردنی پڕۆژەی یەکخستنی ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتەکان بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. هەروەها پەرەپێدانی تواناکانی وتەبێژی سەرجەم وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراو ەکان بە وەزارەت.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. بڕیاردان لەسەر تەرخانکردنی بڕی (33,583,712,840) ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان پێش هاتنی سەری ساڵ و لە ئێستاشدا نزیکەی لە 85%ی تەواوبووە.
2. بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردە پێش هاتنی وەرزی خوێندن و دامەزراندنی گشت مامۆستایانی گرێبەست لە وەزارەتی پەروەردە و دامەزراندنی سێ (3) یەکەمەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی ساڵی خوێندنی 2015-2016.
3. پەسەند کردنی پێشنیاری دروستکردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی.
4. پەسەند کردنی پڕۆژەی لەکاندنی مندااڵ بە خێزانی جێگرەوە.

ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- ڕاسپاردنی لیژنەیەک لە بەڕێزان وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدرال ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی سەرژمێری عیراق لە ساڵی 2020.

٢-سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، وەزیری ناوخۆ، وەزیری دارایی و ئابووری) بۆ سەردانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە.

٣- ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەفەرمی لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٤-پێکهێنانی دوو لیژنەی تەکنیکی بۆ چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان و مافی و شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ:

لیژنەی یەکەم بۆ دۆسیەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وئەندامێتی بەڕێزان:
- وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
- وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدرال.
- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

لیژنەی دووەم بۆ دۆسیەی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئەندامێتی بەڕێزان:
- نوێنەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەزیری پلاندانان.
- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٥-سەردانی شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و دانوستاندنەکان لەگەڵ بەغدا سەرکەوتوو بوون و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجە جێگیرکراون. بەپێی ڕێکەوتن، حکومەتی هەرێم ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکات و بەغداش پابەند دەبێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و بەم شێوەیەش کێشەی مووچە چارەسەردەبیت. هەروەها گفتوگۆ لەبارەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان کراوەو و لەسەر دانەوەی قەرزەکان ڕێککەوتوون.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

1. دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاوڵاتیان لە شوێنە گەشتیاریەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕووداوێکی نەخوازراو.
2. پێداچوونەوە بە یاسای دارشتنی پڕۆژەی مافی خاوەندارێتی هەزری کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو مافە بە یاسا ڕێك نەخراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستن و پارێزگاریکردن لە بەرهەمی هونەرمەند و داهێنەران.

لە ئاستی ئابووری و دارایی

1. ڕاسپاردنی بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری دارایی بۆ ئاسانکاری و دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ گەڕانەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکان.
2. پێکهێنای لیژنەیەک لە بەڕێزان وەزیری ناوخۆو وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ڕێکخستنەوەی دەروازە سنوریەکان لەڕوی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی بە مەبەستی بروپێدان و باشتر کۆکردنەوەی داهاتی ئەو دەروازە سنووریانە و یەکخستنی ڕێکارو میکانزم و پڕۆسەکانی پیادەکراو لە دەروازە سنوریەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی باشترو و ئاسانتر بە هاوردەکاران.
3. ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکانی پێدانی باجی لایەن و کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفاف و یەکسان بەسەر هەموولایەك جێبەجێبکرێت.
4. گەڕانەوەی گشت داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان و زیاد کردن (سیولە) لە بانکەکانی حکومەت و هەروەها دانانی پلانی حکومەت بۆ زیادکردنی داهات بەپێی وەزارەتەکان و کەم کردنەوەی ئەو خەرجیانەی کە ئەولەویەت نین.

وەزارەتی ناوخۆ

لە ئاستی چاکسازی

یەکەم: کەم کردنەوەی ڕوتین و دیاردەی بەرتیل وەرگرتن
بە نوسراوی ژمارە (14210) لە 2019/8/26 ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردووە کە پێویستە زیاتر گرنگی بدەن بە ڕایی کردنەوەی مامەڵەی هاوڵاتیان بە یەکسانی و دوور لە هەر کەم و کوریيەك و بەرنگاربوونەوەی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن بە مەبەستی ڕایی کردنەوەی مامەڵەکانیان.
دووەم: ڕێزگرتن لە هاوڵاتیان
بە نوسراوی ژمارە (16876) لە 2019/10/6 ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردووە کە پێویستە ڕێز لە هاولاتیان بگیرێت و هیچ کەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا قبوڵ ناکرێت.
سێیەم: بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی
لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چەندین ئەنجومەن و لێژنەی لێکولینەوە پێکهاتووەو کار لەسەر کەیسەکان دەکرێت.
چوارەم: کاراکردنی سیستەمی سکاڵا ئونلاین
لینکی تایبەت بە سکاڵا ئۆنلاین لە پێگەی ئەلیکترونی وەزارەت کارا کراوە بۆ ئەوەی گشت هاوڵاتیان و ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەران بتوانن لە ڕێگای ئەم لینکە سکاڵایان تۆماربکەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ کە تا ئێستا زیاتر لە (300) سکاڵا ڕەوانە کراون و بەدواداچوونی ووردیان بۆ کراوە.
پێنجەم: کاراکردنی هێلی گەرم
دانانی هێڵی گەرم و ڕەزامەندی دەستەی پەیوەندیەکانی عێراق (CMC) وەرگیرا بە تەرخانکردنی هێڵی گەرمی ژمارە (414) کە دەتوانرێت لە گشت هێڵی پەیوەندییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پەیوەندی بەم هێڵە بکرێت بە مەبەستی گەیاندنی سکاڵا و پێشنیاری هاوڵاتیان و ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ کارەکانی دانانی سەنتەری پەیوەندیەکانی ئەم هێڵە گەرمە بەرێوە دەچێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە کار.
شەشەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی
نوسراومان بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کردووە لە 2019/10/1 بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی بە پێی ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2018 قەدەغەیە و دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕووبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

لە سە ڕاستی پڕۆژەکانی تایبە ت بە ژێرخانی دام ودەزگاکانی وەزارەت:
ئەو پڕۆژانەی کە لە کاتی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بۆ هەموو پارێزگاکان (هەولێر– دهۆك – سلێمانی – هەڵەبجە) و ئیدارەکان (گەرمیان و ڕاپەرین) بریتین لە:
- دروست کردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەلگر لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
- بینای هاتووچۆی شەقلاوە
- س دروستکردن و کردنەوەی دەروازەی سنوری مێرگەسور-ڕووبارۆك (کۆمەڵگای زێت) لە قەزای مێرگەسور
- بینایەی هاتووچۆی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە
- بنکەی هاتووچۆی قوشتەپە
- پڕۆژەی 69 کامیرا بۆ ترافیك لایتی گۆڕە پانەکانی ناوشاری سلێمانی
- فراوانکردنی کردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبیلی هاوڵاتیان و زیاد کردنی نهۆمی هۆڵی کۆنگرە (ناو وەزارەت)
- دانان و دابین کردنی گاردرێل بۆ ڕێگای نیوان تاسلوجە و دۆکان
- دابین کردن و هێنانی دانانی پێداویستیەکانی بینایەی نوێ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر
- دانان و دابین کردنی پێداویستیەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سۆران
- دانان و دابین کردنی هێمای ڕێنیشاندەری هاتووچۆی جۆراوجۆر

بۆ ریگاکانی (عەربەت، سەیدسادق، هەڵەبجە، بیتوێن،گەرمەك)
ی ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان ب .
هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان
• ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردن نوژەن کردنەوەی ب . هاتووچۆی سنوری شاری سلێمانی
• ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی سنوری سۆران
• ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی ئیدارەی ڕاپەڕین
ل ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە)و سنوری شاری هەولێر
• ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە) ڕێگای نیوان هەولێر – کۆیە

لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

یەکەم: گفتوگۆ لەگەل بەغدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعی)

بڕیاردرا لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ناوخوی عێراق و هەرێم بۆ دیراسەت کردنی ئەو تۆمارە لاوەکیانە و لێژنە هاوبەشەکە دەستی بەکارەکانی کردووە.

دووەم: ڤیزەی هەرێم

دوای گفتووگۆکردنێکی بونیادنەرانە لەگەڵ شاندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدرالی عێراق، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڕیاری دا بە پێدانی دەسەڵاتی پێدانی ڤیزە بە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ڤیزانەی لەمەودوا لە هەرێمی کوردستان دەردەچن بۆ بیانیەکان پەسەندکراون لە هەموو عێراق و گەشتیاری بیانی دەتوانێت بە ڤیزەی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو پارێزگاکانی عێراق بکات و داوای نشینگە بکات لە هەر پارێزگایەکی عێراق بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (502) لە 2019/8/29.

سێیەم: چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارتی نیشتمانی

ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگیرا بە کردنەوەی گشت ئەو نووسینگانەی کارتی نیشتمانی کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەکراون بە هۆی کێشەی تۆماری لاوەکی و نەبوونی پێداویستی و ئامێر. وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (16146) لە 2019/9/25 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی دیراسەت کردنی پێداویستیەکانی کارتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و دابین کردنی گشت ئەو پێداویستیانە لە بوودجەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم خەرج دەکرێت بە مەبەستی دەست بەکاربوونیان.

چوارەم: چارەسەرکردنی کێشەی دەرهێنانی پاسەپۆرت لە هەرێمی کوردستان

1. وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی چوار نوسینگەی پاسەپۆرت لە قەزاکانی (سۆران ، ئاکرێ ، زاخۆ و کۆیە) و وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (13126) لە 2019/7/29 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی ئەو چوار نوسینگەیە و هەر نووسینگەیەکی تر کە لە ئایندە دەکرێتەوە. لە ئێستادا کارەکانی کردنەوەی ئەو نوسینگانە بە باشی بەرێوە دەچن و بوودجە و میلاك و باڵەخانەی پێویستی بۆی دابین کردووە و نووسینگەی سۆران بە فەرمی کرایەوەو کارەکانی کردنەوەی نووسینگەکانی تر لە قۆناغی کۆتایی دایە.

2. وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بە ناردنی بڕێکی زیاتر لە پاسەپۆرتی خام، وەك قۆناغی یەکەم بڕی (40.000) پاسەپۆرتی خام ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرا و ئێستا قەڵەباڵغی لە نووسینگەکانی پاسەپۆرت چارەسەر کراوە و پاسەپۆرت لە ماوەی (3-7) ڕۆژ وەردەگیرێتەوە.

لە ئاستی کارگێڕی

1. وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (13497) لە 2019/8/7 لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئێستا ئەم لێژنەیە کار دەکەن بۆ زیاتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری.

2. بە ئەلیکترونی کردنی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە

لە ئاستی چاکسازی

دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی باڵای ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت:

یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری لە 2019/7/23

ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگە ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی دەرکرد:

1. پابەندبوونی گشت یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی پەیڕەوی بریاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاتی دەوامی فەرمی لەسەعات 8 بۆ سەعات 3 ی دوانیوەڕۆ.

2. دانەوەی قەرزی کەڵەکەبووی وەزارەت بەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاری کەس و کاری شەهیدانی دژ بەتیرۆریستانی داعش کە بری هەریەکەیان پێنج ملیۆن دیناری.

دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت، لە 2019/8/20

1. ڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی لیواکان کە سەرەتا بڕیاری لیواکانی 3 و 4 درا.

2. قەدەغەکردنی لێدوان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی بۆ گشت فەرماندەو لێپرسراون و ئەفسەران.

3. دەستپێکردنی وانەی هۆشیاری نیشتمانی لەیەکەو لیواکاندا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری.

یە قەدەغەکردنی ئابوونەی حزبی بەهەموو شێوەیەك

5. بڕیاری قەدەغەکردنی خەرجی و سەرفکردنی نەخۆشی درا، تەنها لەحاڵەتێکدا کە بەپێی دام و دەزگا پزیشکیەکانی پێشمەرگەوە سەڵمێندرابێت.

سێیەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لە 10 2019/9/

1. بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە، لەگەڵ یەکەکانی ی70 و 80 بۆ دانانی یەك ژمێریاری سەربازی هاوبەش.

2. پەسندکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی شەهیدان، لەبارەی گواستنەوەی دۆسیەو خەرجی مووچەی مانگانەی شەهیدانی شەڕی داعش .

چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لە 2019/9/30

• ڕێکخستنی دەرمالەو پڕکردنەوەی پێویستیەکانی دادگای سەربازی کە بەبڕیار خەرجی بۆ دیاریکرا.

ا پڕۆسەی هەڵاتوو لەبەرەکانی جەنگ (هارب) و ڕێکخستنەوەی سزاکان.

• دەستپێکردنەوەی لیژنەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی کەمئەندامانی سەنگەری پێشمەرگە.

• پڕۆسەی یەکپۆشی هێزەکان کۆتایی هاتووە و لەسەروبەندی دابینکردنی جل و بەرگی وەك یەکین

• پڕۆسەی خۆڕێکخستنەوەی یەکەو دامەزراوەکانی وەزارەت لەسەر بنەمانی موئەسەساتی مۆدێرنی سەربازی بەهاوکاری ڕاوێژکارانی وڵاتانی هاوپەیمان

• ڕێکخستنەوەی کاتی فەرمی دەوامی سەربازی لەیەکەو لیواکان و هەروەها ڕێکخستنی ئەرکی کارمەندانی ناو دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

• ڕێکخستنەوەو جێگرکردنی میلاکاتی نوێی لیواکانی پیادەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.لەهەنگاوی یەکەمدا لیواکانی پیادەی 3 و 4 جێگر دەکرێت لەبامەڕنێ و کۆڵەجو

• جێبەجێکردن و خستنەسەرکاری پڕۆژەی ژمارە 6 ی ناو پڕۆژە چاکسازی پێشمەرگە لەژێرناوی (پێشمەرگە لەئایندەدا) کە خۆی لە ڕێکخستنەوەی مووچەو بەئەلیکترۆنی کردنیان دەبینێتەوە

پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕێکەوتن و پڕۆتۆکۆل

1. نوێکردنەوەو واژووکردنی یاداشتی بەردەوامی هەمەهانگی و هاوکاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە

2. نوێکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەولێر بۆ مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە کە پەرلەمانی ئەم وڵاتە بڕیاری لێداوە

3. واژووکردنی ڕێکەوتنێك لەگەڵ ووڵاتی هۆڵەندا لەڕێگەی کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لەهەولێر بۆ بەردەوامی مەشق و ڕاهێنانەکانی پێشمەرگە، بەبەشداری وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیا.

وەزارەتی دارایی و ئابووری

لە ئاستی چاکسازی

1. کار کردن لە سەر یەکخستنەوەی میکانزمی کارکردن لە دەروازە سنووریەکان لە ڕووی وەرگرتنی باج و ڕسومات و پەیکەری ڕێکخستنی دەروازە سنووریەکان.

2. ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسایی دڵنیایی ئۆتۆمبێل (التأمین ألإلزامی للسیارات فی حکومة اقلیم کوردستان).

3. داهاتی (رسمی) هەناردەکردنی سووتەمەنی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاستەوخۆ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە کاتی هەناردەکردن وەردەگیرێت کە ئەمەش کۆتایی هێنابوو بەو ڕصیدانەی کە پێشتر بە نایاسایی دەڕۆیشتن بۆ کۆمپانیاکان.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

• لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، خەرج کردنی مووچەی (12,689) دوازدە هەزار و شەش سەد و هەشتاو نۆ خاوەن پێداویستی تایبەت کە مووچەکانیان ڕاگیرابوو دوای دوبارە لە لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە (استئناف) تایبەت بە کەم ئەندامان پشکێنراون

• لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، تەرخان کردن و خەرج کردنی بڕی (3) سێ ملیار دینار بە مەبەستی داپۆشینی خەرجی تایبەت بە هاوکاری کردنی خانەوادەی سەر بەرزی شەهیدانی بەرەکانی جەنگ وەک قۆناغی یەکەم.

• لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، ڕەزامەندی درا بە قەرەبووکردنەوەی سەرجەم زیان لێکەوتوانی هێزەکانی (پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس) و فەرمانبەرانی دام و دەزگا حکومەییەکانی هەرێم کە بە ئەرکی فەرمی لە بەرەکانی جەنگ دژ بە تیرۆرستانی داعش بوون و ئۆتۆمبێلی تایبەتیان فەوتاوە لە ئێستادا سیولەی نقدی دابینکرا بۆ مەبەستی جێ بە جێ کردنی ئەم قەرەبووکردنە.

• لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، خەرج کردنی بڕی (33,583,712,840) ملیار دینار بە پێی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە جێ بە جێ دەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1. بڕی (10,113,800,000) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگاو وبانەکانی هەولێر

2. بڕی (13,051,854,000) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان.

3. بڕی (10,418,058,840) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگای دهۆك.

• پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دابین کردنی بڕی (13,182,852,000) ملیار دینار بۆ پڕۆژەی دروست کردنی پردی کۆنکریتی دووسایدی لەسەر زێی گەورە لە نزیک گوندی گۆپاڵ.

• پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخانکردنی بڕی ($14,875,110) ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری کارەبای پارێزگای دهۆك و قەزای سۆران لە پاریزگای هەولێر.

• پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخان کردنی بڕی (8,320,538,5,000) ملیار دینار بە مەبەستی ئەنجام دانی پڕۆژەی گەیاندنی خزمەتگوزاری لە بواری (کارەبا و ئاو و ئاودێری و ڕێگا و بان و تەندروستی و ووزە) بۆ سنووری قەزای چۆمان.

• پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخانکردن و خەرج کردنی بڕی (525,994,000) دینار بە مەبەستی (پڕۆژەی دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ تونێلی پێشڕەو لە سلێمانی).

• پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، خەرجکردنی بڕی (7,241,789,000) ملیار دینار بە مەبەستی دابین کردنی خەرجی هەردوو خولی ئەزموونی نیشتمانی (9) بنەڕەتی و (12) ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2018 – 2019).

• گۆڕینی نووسینگەی پەرویزخان بۆ بانکی بازرگانی و لە ئیستادا ژمارەی بانکە بازرگانییەکان بووە بە (90) بانک لە هەرێمی کوردستان

• کردنەوەی خزمەتگوزاری بانکی بۆ مامەڵەی پاسەپۆرت لە گەرمیان کە سەر بە بانکی شێرۆانەیە بۆ خزمەتکردن و کارئاسانی هاوڵاتیان.

• زیادکردنی (4) بانک بۆ سیستەمی (ICBS) کە ئەم سیستەمە بانکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە تاوەکو ئێستا (11) بانک پێکەوە بەستراوەتەوە وە بەردەوام کاری لەسەر دەکرێت.

• قۆناغی دووەمی سیستەمی ئەلکترۆنی بۆ دەروازەی (ئیبراهیم خلیل) و هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دەست پێ کرا.

• سیستەمی (ترانزێت) لە ناو گومرگی هەرێمی کوردستان جێ بە جێ کرا بۆ هەموو بازرگانێک بە بێ قۆرخکاری.

وەزارەتی داد

لە ئاستی چاکسازی

1. بە ئەلیکترۆنیکردنی (225) تۆماری هەمیشەیی تۆمارکردنی خانووبەرە.

2. دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ چەند فەرمانگەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

3. کاری بەئەلیکترۆنیکردنی فەرمانگەکانی دادنووسی چەند هەنگاوێکی بڕیوە، لە وانە (4) فەرمانگە لە هەولێر و یەک فەرمانگە لە سلێمانی و (٣) فەرمانگەش لە دهۆك بە ئەلیکترۆنی کراون.

4. تانەدان لە هەندێك بڕیاری دادگا بۆ گێرانەوە و پاراستنی سامانی گشتی :

أ- تانەدان لە بەرژەوەندی یاسا لە ڕێگای سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسرامان ژمارە (2050) لە 2019/4/18 لە بڕیاری دادگای کارگێڕی سلێمانی ژمارە (51/ك/2018) کە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاوڵاتیان بەڕێژەی 3% بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (1) ساڵی 2008 و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (6779) لە 2018/12/18 و (2705) لە 2018/6/11 ، و گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجووەنی شووڕای هەرێم / دەستەی گشتی بە ژمارە (103/ الهیئة العامة/ ادارية/2019) لە 2019/9/1 ئەمەش بووە هۆی گەرانەوەی سامانی گشتی.

ب/ تانەدان لە بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر ژمارە (6/ك/2019) بە هاوبەشی لەگەڵ داواکاری گشتی کە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاوڵاتیان بەڕێژەی 3% بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (1) ساڵی 2008 و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (6779) لە 2018/12/18 و (2705) لە 2018/6/11 ، گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجووەنی شووڕای هەرێم / دەستەی گشتی بە ژمارە (121/ الهیئة العامة/ ادارية/2019) لە 2019/9/15 ئەمەش بووە هۆی گەرانەوەی سامانی گشتی

لە ئاستی خزمەتگوزاری

کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزاری فەرمانگەکانی دادنووسی لە (25) هەزار دینار بۆ (15) هەزار دینار.

لە سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

1. تۆمارکردنی تانەیەکی یاسایی لە دادگای فیدراڵی عێراقی لە ڕێکەوتی (2019/9/24) لە دژی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی، لەسەر هەمواركردنی چەند ماددەیەک لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (12) ساڵی 2018 .

2. لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی کێشەکانی پەیوەست بە زەوی و زاری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ئەو کەم و کوڕیانەی لەو یاسا و پرۆژە یاسایانەی هەیە تایبەت بە چارەسەر کردنی کێشەی ئەم زەوی و زارانە و هەروەها تایبەت بە کێشەی تۆمارە هەمیشەییەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری سالی 1991 سووتاون.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

بەشداری کارای وەزارەت لە ئامادەکردنی پلانی دووەمی نیشتمانی عێراقی بۆ ساڵانی (2020 – 2023) تایبەت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (1325) دەربارەی ئافرەت و ئاسایش و ئاشتی.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1- هەڵمەتی چاککردنەوەی خێرا و سپاردن و واژووکردنی گرێبەست بۆ بەشێکی زۆری ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەر چوار پارێزگاکانی هەولێر, سلێمانی, دهۆک و هەڵەبجە بە گوژمەی (42) ملیار دینار بۆ (71) پڕۆژە بۆ ئەو ڕێگایانەی کە بە هۆی باران بارینی زۆر و لافاو کۆنی ڕێگاکان توشی تێک چوون و دارمان ببوون کە لە ئێستادا زۆربەیان کەوتونەتە ژێر ئەنجام دان.

2- دابین کردنی گوژمە (288,000,000,000) دینار بۆ نزیکەی (23) پڕۆژەی نوێ لە چاککردن و دروست کردنی ڕێگاوبانەکان و وەرگرتنی کۆد و تەرخانی گشتی و سالانە بۆیان لە لایەن وەزارەتی پلان دانان.

3- دەست بەکاربوونەوە و دابین کردنی گوژمە بۆ پڕۆژەی کارە خزمەت گوزارییەکانی (1500) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە (سیتەك و زرگوێز) بە گوژمەی (43,000,000,000) دینار.

4- دەست بەکاربوونەوە لە پڕۆژەی دروست کردنی 144 یەکەی نیشتەجێ بوون بە شێوازی باڵەخانەی 6 نهۆمی لە زاخۆ/ قۆناغی دوو لەگەڵ خزمەتگوزاری و داواکردنی گوژمەی سالانە بۆی بە بڕی (1,000,000,000) دینار.

5- دەست بەکار بوونەوەی پڕۆژەی ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاین و ئەنجامدانی کارە خزمەت گوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (60) یەکەی نیشتەجێ بوون لە سەید صادق بە تەرخانی سالانەی (750,000,000) دینار.

6- بەردەوامی کارکردن لە ڕێگاکانی دهۆك- هەولێر، دوکان- دەربەندیخان و کفری-دەربەندیخان.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

لە ئاستی چاکسازی

1. هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بە مەبەستی سنووردارکردنی پەخشکردنی درامای بیانییەکان کە کاردانەوە و پشتگیری زۆری لێکرا لەلایەن هاوڵاتییانەوە، لەبەرامبەردا وەزارەتی ڕۆشنبیری لێژنەیەکی کۆنترۆڵکردنی پێکهێنانەوەو چاودێری کەناڵەکان دەکات.

2. پێکهێنانی لێژنەیەك لە پسپۆران و مامۆستایانی ئایینی خاوەن پێگەی تایبەت و بەتوانا بۆ یەکخستنی گوتاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

3. پێداچوونەوە بە کرێی مواڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و سەرژمێری کردنیان و بەدواچوون و گەڕاندنەوەی ئەو مواڵکانەی کە دەستدرێژییان کرابووە سەر و دەستیان بەسەرداگیرابوون.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. تەواوکردنی پڕۆژەی کەنیسەی (ام نور) لە شارۆچکەی عەینکاوە و کەنیسەی ئەرمەن لە سەنتەری شاری هەولێر.

2. تەواوکردنی پڕۆژەی دروستکردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە گوندی بێستانە سوری ناحیەی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی دوای وەستانی پرۆژەکە بۆ ماوەی (2) ساڵ.

3. ئامادەکردن و دیراسەت کردنی (17) پڕۆژەی دروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئایینییەکان و ئامادەکردنی نەخشە و دیزانی پێویست بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خێرخوازانەوە بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە لە سەرتاسەری هەرێم.

4. دەرکردن و هەمواركردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە:

أ. دروست کردنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان و تەرخانکردنی زەوی بۆیان.

ب. ڕێنمایی نوێ بۆ زیاتر گرنگیدان و پەرەپێدان بە حوجرەی فەقێیان و پێدانی مۆڵەت کردنەوەی حوجرەی فەقێیان و دارشتنی بیرۆکەی کردنەوەی (3) حوجرەی گەورە لە سێ پارێزگای هەرێم بە ستانداردێکی پێشکەوتوو.

ج. دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کاری مامۆستایانی ئایینی خۆ بە خش .

د. دەرکردنی ڕێنمایی بنکەکانی لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز.

ه. ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەی ئامادەکردنی وتاربێژان لە هەرێمی کوردستان.

5. ئەنجامدانی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن محمد درووی خوای لەسەر بێت لەژێر چاودێری وەزارەتمان لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداریکردنی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە هەمان بۆنە لە شاری هەولێر.

6. ئەنجامدانی مەراسیمێکی شایستە و خەڵاتکردنی یەکەمەکانی دەرچووی خولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەبەشداری (700) کەس لەهەردوو ڕەگەز لەسەرتاسەری هەرێم.

لە ئاستی کارگێڕی

بنەبڕکردنی ڕۆتین بە پەیڕەوکردنی لامەرکەزییەت و دابەزاندنی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەمەبەستی ڕایی کردن و کارئاسانی کردن بۆ هاووڵاتیان.

وەزارەتی پەروەردە

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. بەستنەوەی (٤٠٠٠) قوتابخانە بەیەکەوە لەڕێی سیستەمی E–Parwarda بەهاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف کە سەرجەم داتا و زانیاریەکانی ئەو قوتابخانانە کۆ دەکاتەوە.

2. دانانی سیستەمی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەهاوکاری ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی.

3. پەسەندکردنی پرۆژەی هەورەفیرگە کە تایبەتە بەئەلیکترۆنی کردنی (٥) وانەی سەرەکی لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن (١-١٢).

4. بڵاوکردنەوەی پەڕەی سۆما کە تایبەتە بە ئەزموونە گشتیەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بەشێوەی ئۆنلاین.

5. ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان لەڕێی دەرکردنی فەرمانێکی وەزاری کە نابێت ڕێژەی میلاکاتی ئەو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیانە لە مامۆستایانی دامەزراو لە کەرتی حکومی لە (٢٠%) تێپەڕ بکات.

6. ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە هەتا ئێستا دانەمەزراون، لەڕێی دەرکردنی فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) کە دەبێت بۆ هەر (١٥٠) قوتابیەک یەک ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبێت لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکاندا.

7. دابەشکردنی (٩) هەزار تەختی دانیشتن بۆ قوتابیان کە کۆمپانیای کار دابینی کردبوو.

8. دابینکردنی سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان لەسەر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران.

9. دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ کرینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان.

10. دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو قوتابخانانەی مەترسی ڕوخانیان لەسەرە.

11. دامەزراندنی ژووری پەیوەندی ئەلکترۆنی کە هاووڵاتیان بتوانن لەڕێی چەند هێڵێکی گەرمەوە سکاڵاکانیان بگەیەننە وەزارەتی پەروەردە.

12. کارکردن بۆ پێداچوونەوە و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) و ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) ی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان.

13. تەرخانکردنی ئەم بڕە پارانە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایییەوە بۆ کارەکانی وەزارەتمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

- (٤٦٦٥٣٥٠٠) دینار بەمەبەستی بەHD کردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و کرینی پێداویستی تایبەت بە تەلەفزیۆن.
- (1,310,610,000) دینار بەمەبەستی دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی پەنابەرانی سووری بۆ هەر سێ پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی).
- دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ کرینی پێنج ملیۆن و هەشت سەد و حەفتا و پێنج لیتر نەوتی سپی بۆ قوتابخانەکان.
- (1,508,550,000) دینار بەمەبەستی کرینی کەلوپەلی پێویست بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.
- زیادکردنی پێشینەی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک – بەشی خوێندنی کوردی لە شەش ملیۆنەوە و بۆ هەشت ملیۆن دینار، هەروەها بەشی خوێندنی کوردی لە دوزخورماتوو لە دوو ملیۆنەوە بۆ سێ ملیۆن دینار و پەروەردەی خانەقین لە سێ ملیۆن دیناروە بۆ چوار و نیو ملیۆن دینار.
- دابینکردنی بڕی پێنج ملیۆن دینار بۆ دامەزراندنی ژووریکی ئەلکترۆنی بە چوار ژمارە لە هێڵی گەرم.
- (41,500,000) دینار بۆ پڕۆژەی بە ئۆنلاین کردنی پەڕەی سۆما تایبەت بە ئەزموونە گشتیەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی.
- (3,055,00,000) دینار بەمەبەستی دابینکردنی تەختی دانیشتن بۆ قوتابخانەکان.
- (7,241,789,000) دینار بۆ دابینکردنی خەرجی هەردوو خولی ئەزموونەکانی پۆلی (٩)ی بنەڕەتی و (١٢)ی ئامادەیی.

14. هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی بەئینگلیزی کردنی بابەتەکانی بیرکاری و زانست.

15. قەدەغەکردنی زیادکردنی نرخی کرێی خوێندن لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان.

16. کارکردن بۆ دانانی بانکی پرسیار تایبەت بە ئەزموونە گشتیەکانی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی.

17. سزادانی ژمارەیەک باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی کە سەرپێچی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیان کردووە بەبڕی نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن دینار.

18. بەهەمیشەییکردنی نزیکەی (٦٠٠٠) مامۆستای گرێبەست بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

لە ئاستی کارگێڕی

کەمکردنەوەی ڕۆتین و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان لەگەڵ پیادەکردنی چاودێری پێویست.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

لە ئاستی خزمەتگوزاری

کەمکردنەوەی کرێی خوێندن:

کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەڕێژەی (٤٥%) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان و، هەموو قۆناخەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا)، هەروەها کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بەڕێژەی (٢٥%) لە هەمو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان بەڕەچاوکردنی کوالێتی خوێندن.

وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچوانی ١٢ی ئامادەیی لە زانکۆکان:

کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان کە توانیان ڕێژەی (٣٠%) کورسی خوێندنی گشتی زیاد بکەین، بەو هۆیەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان (٤١٨٣٣) خوێندکار/ قوتابی وەرگیران. لە ئەنجامدا (٢٨١٨٥) خوێندکار کە دەکاتە ڕێژەی (٧٤%) لەپلانی گشتی واتە خوێندنی بەخۆڕایی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیران و، (٣١٣٦) دەرچوی دیکەش کە دەکاتە (٨%) لەخوێندنی پاراڵێل وەرگیراون، لەهەمان کاتدا (٥٥٤٤) دەرچووی دیکەش کە دەکاتە ڕێژەی (١٤%) لە خوێندنی ئێواران وەرگیران، بەوەش ڕێژەی وەرگرتن گەیشتە لە (٩٦%)، هەروەها (١٤٨١) دەرچوی دیکەش کە دەیکردە ڕێژەی (٤%) بەهۆی هەڵە پرکردنەوەی فۆرم لەهەڵبژاردنی بەشەکان ناویان نەگەڕابووە، دواتر لە پڕۆسەیەکی دیکەدا ناوی ئەوانەش گەڕایەوە، بەو شێوەیە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ یەکەمینجار ڕێژەی (100%) دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان وەرگیران. . لە هەمان کاتدا پرۆسەی وەرگرتن و سیستمی زانکۆلاین ئەمساڵ بێ گرفت بون و ناوەندیی وەرگرتن و بەشی تۆماری زانکۆکانیش باشترین خزمەتگوزاریان پێشکەش بە دەرچوانی قۆناغی دوانزەی ئامادەیی کردووە.

چارەسەرکردنی گرفتی کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا:

چارەسەری گرفتی هەمو کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا بکەین کە بەهۆکاری جیاجیا لە ساڵی (٢٠١٦)وە نەیانتوانی بوو دەست بەخوێندنی ئەکادیمی بکەن، بۆ ئەوەش لە ئەنجومەنی وەزارەت ئەم بڕیارەمان بۆ ئەو کاندیدانە دەرکرد «کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا، کە تا ئێستا ماونەتەوە و، مەرجی توانستی زمانیان بەدەستنەهێناوە، ڕێگەیان پێدەدرێت دەست بکەن بە کۆرسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆرسەکانی زمان لە سەرجەم سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکان بەهەمان ستانداردەکانی پێشوو، کە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە. سەبارەت بە داواکاری خوێندکاران/قوتابیانی دکتۆرا، ئەوانەی کە سەرجەم مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان تێدا بوو، تەنها مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزییان نەبوو، ڕێگەمان بەوانیشدا گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیان بکەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت، تا مەرجی زمان بەدەست دەهێنن.

دەرکردنی ڕێنمایی نوێی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا:

هەموار کردنەوەی ڕێنماییەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا کە تێیدا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەرجەکانی پێشکەشکردن، توانستی زمان، تەمەن، پلان و کۆرسی خوێندن کراوە، بەشێوەیەک دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا بۆ خوازیاران و دەرچوانی زانکۆکانمان لەناوخۆی وڵات بڕەخسێنین ، هەروەك خواستەنە پلانەکانمان ڕێگر بێت لە چونە دەرەوەی سامانی نیشتیمانی وڵاتەکەمان، بۆیە زۆرترین دەرفەت بۆ خوازیاران دەستەبەر دەکەین.

دامەزراندنی یەکەمەکان:

دوای ساڵانێك لە چاوەڕوانی بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانی دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) درا بەشێوەی هەمیشەیی لەسەر میلاکی وەزارەتەکەمان.

ڕایکردنی کاروباری هاوڵاتیان و گوێگرتن لە داواکارییەکانیان:

بۆ توانەوەی بەستەڵەکی نێوان هاوڵاتیان و وەزارەت، دەرگای وەزارەتمان بۆ هەموو مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران/ قوتابیان و هاوڵاتیان و چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە کردەوە، کە سەردانی وەزارەت دەکەن بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆ توانیویانە سەرنج و تێبینی و گرفتەکانیان بگەیەننە دەستمان، بە پێی توانا لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیانمان داوە.

ئیمزاکردنی یاداشتنامە لەگەڵ هەنگاریاو فەرەنسا:

یاداشتێکی لێکگەیشتنمان لەگەڵ وەزارەتی توانستە مرۆییەکانی حکومەتی هەنگاریا لەلایەك و، لەگەڵ وولاتی فەرەنسا لەلایەکی

دیکە ئیمزا کرد، بەپێی ئەو یاداشتی لێکگەیشتنانەش دەرفەتی خوێندنمان بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کوردستان لەو وڵاتانە بۆ ڕەخساندون، کە بەهۆیەوە ئهم دوو وڵاتە ساڵانە ژمارەیەك سکۆلەرشیپ (ماستەر و دکتۆرا) پێشکەش بە وەزارەتەکەمان دەکەن، ئێمەش لە پرۆسەیەکی ئاشکراو شەفافدا بەشێوەیەکی داپەروەرانە لە داهاتودا بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان ڕایاندەگەێنین.

ڕێکخستنەوەی سێنتەرەکانی پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە):

بڕیارماندا لە خولی ئایندەوە ماوەی کۆرسەکانی پێداگۆجی لە (نۆ) مانگ بۆ (شەش) مانگ کەمبکرێتەوە، لە هەمانکاتدا لەهەندێک سێنتەرە دەوامەکانیان (سێ) ڕۆژ بوو لە هەفتەیەک، ئەو ماوەشمان بۆ (دوو) ڕۆژ کەمکردەوە.

چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەی نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (60) کەمتریان هەیە:

ئەو کەسانەی کە کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (60) کەمتر بوو، ڕێنماییەکان ڕێگەیان پێ نەدەدا نازناوی زانستی بەدەست بهێنن، لەهەمانکاتدا لەناوخۆی وڵاتیش ناتوانن ماستەرو دکتۆرا بخوێنن، بۆ ئەمەش بڕیارماندا دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرو بەدەستهێنانی سەرجەم مەرجەکانی نازناوی زانستی و بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە، نازناوی زانستیان پێدەدرێت بەمەرجێک پێنج ساڵ خزمەت بکەن لە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان.

ڕێنمایی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:

لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوزایارانی خوێندنی باڵا بەتایبەت ئەو خوازیارانەی کۆنمرەیان لە (٦٠%) کەمترە، بڕیاری کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەسەندکرا. بۆ ئەو مەبەستە ڕێنمایی ژمارە (7)ی ساڵی (2019) بە ژمارە (17771) لە ڕێکەوتی (2019/10/28) ئاراستەی سەرجەم زانکۆکان کرا، بەپێی ئەو ڕێنماییە هەر کەسێك لە (60) کەمتری هەبو، لەسەرەتادا دەبێت دبلۆمی یەك ساڵە بخوێنی پاشان دەتوانێ دەست بەخوێندنی ماستەر لە بوارەکەی خۆیدا بکات.

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

لە ئاستی چاکسازی

گرێبەستی هەموارکراوی ڕێکخستنی زانیاری و کاری کەرتی ئۆتۆمبێلی تەکسی لە هەر سێ شارەکەی هەرێم (هەولێر – سلێمانی – دهۆک) کە ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ڕێکخستنەوە و بە سیستەم کردنی گشت تەکسیەکانی هەرێم لە ئەنجام دا هاوولاتی سوودمەندی یەکەم دەبێت لە ڕووی متمانە بوون و ئاسایشی تاکەکەسی و هەبوونی دەرفەتی کارکردن بۆ تەکسیەکانی شارەکان هەریەکە و بە جیا .

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمارکردنی بوومەلەرزە لە قەزای چۆمان و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەریمی کوردستان کەکارکردن لە قۆناغی کۆتاییدایە.

2. دەستکردن بە پرۆژەی دروست کردنی ڕێگاکانی فرۆکەخانە بەپێ ی ماستەر پلان M3-M4 کە توانرا بخرێتەوە گەڕ بەتەرخان کردنی بڕی (٢,٦٢٩,٤١٦,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی.

3. ئەنجامدانی کاری چاکسازی و پرۆژەی بچوک بەگوژمەی (٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠) دۆلار لەسەر بودجەی فرۆکەخانەی سلێمانی لە (٥٠%).

4. پێکهێنانی لێژنەی تایبەت لە وەزارەتمان و وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی تاوەرەکانی گەیاندن لە ناو قوتابخانە و دایەنگەکان .

5. کردنەوەی هێڵێکی (موبایلی) گەرم بۆ وەرگرتنی سکاڵای هاوولاتیان سەبارەت بە ئیش و گرفتەکانی ئینتەرنێت .

6. دانانی وێستگەی بوومەلەرزەی باشماخ و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان بە کۆدی KSPB .

7. دانانی (٦) ئامێری پێوانی باران بارین Rain gauge لە ناوچەکانی (دیبەگە – دارەشەکران – کۆیە – شەقلاوە – سەنگاو – بەردەڕەش) .

8. تەواوکردنی ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێشبینی کەش و هەوا بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

9. واژوکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای Visala لەڕێگەی کۆمپانیای (الوهج) بۆ کرین و دانانی سیستمێکی پێشکەوتوو بۆ نوسینگەی کەشناسی فرۆکەخانە (Awos) بە گوژمەی (٢,٣٢٦,٨٥٠) ملیون دۆلار لەسەر بودجەی فرۆکەخانەی سلێمانی لە (٥٠%) جێ بەجێ دەکرێت.

10. پرۆژەی تەندەرین بۆ ڕاکێشانی کێبڵی (Fiber optic) لەسەر بودجەی (٥٠%) جێ بەجێ بکرێت لەسەر بودجەی فرۆکەخانەی سلێمانی (٥٧٠,٩٦٠ دۆلار).

11. بەدواداچوون بۆ پرۆژەی ئەنتەرنێتی میری لە ڕێگای کێبڵی تیشکی بۆ وەرگرتنی ودیاریکردنی شوێنی جوگرافیای فەرمانگەکان لە ڕێگای (GPS) .

12. بەدواداچوون بۆ ئیش و کارەکانی پرۆژەی ئینتەرنێتی میری کە لە لایەن کۆمپانیای (IQ network) جێ بە جێ دەکرێت لە پارێزگای سلێمانی لە ئێستادا.

13. بەدواداچوون بۆ ئیش وکارەکانی پرۆژەی ئینتەرنێتی میری کە لە ڕێگای بێ تەلەوە دابین کراوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە لە کێشە و گرفتی فەرمانگەکان ئاگادارببین .

14. بە دواداچوون لە لایەن لێژنەی بەدواداچوونی (FTTH) لە هەردوو پارێزگای (هەلەبجە و سلیمانی) .

15. تەواو بوونی پرۆژەی (FTTH) لە پارێزگای (هەلەبجە) و بەدواداچوون بۆ بەستنەوەی لەگەڵ هەر سێ کۆمپانیاکانی موبایل (کوورەک _ اسیاسیل_ زین) لە گەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

16. پێدانی مۆڵەت بە (٢) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی کەل و پەل لە سنوری پارێزگای هەولێر .

17. نوێکردنەوەی مۆڵەتی (١٧) کۆمپانیای کەل و پەل بۆ نوسینگەکان لە بواری گواستنەوەی هاولاتیان و(5)مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی لە پارێزگای هەولێر و (10) نوسینگە مۆڵەتەکانیان نوێ کراوەتەوە .

18. لە سنوری پارێزگای سلێمانی:

- پێدانی مۆڵەت بە سێ (3) کۆمپانیای گواستنەوەی کەل و پەل و یەك (1) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی

- نوێکردنەوەی مۆڵەتی سێ (٣) کۆمپانیای گواستنەوی کەل و پەل و چوار (٤) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و شەش (٦) کۆمپانیای گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و یەك (١) کۆمپانیای تەکسی تەلەفۆنی و دوو (2) کۆمپانیای بەکرێدانی ئۆتۆمبیل.

19. لە سنووری ئیدارەی ڕاپەرین: پێدانی یەك (1) مۆڵەتی گواستنەوەی کەل و پەل و یەك (1) مۆڵەتی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێنکاران.

20. لە سنوری پارێزگای دهۆک:

- پێدانی مۆڵەت بە (1) کۆمپانیای گواستنەوەی کەل و پەل و (2) کۆمپانیا بۆ گواستنەوەی هاولاتیان وە (1) کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی

- نوێکردنەوەی مۆڵەتی دوو (2) کۆمپانیای گواستنەوی هاولاتیان و شەش (6) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و دوو (2) کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی .

21. نوێکردنەوەی مۆلەتی نوسینگەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان:

- پارێزگای هەولێر: نوێکردنەوەی مۆڵەتی (5) نوسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل و (3) نوسینگەی بەرهەمی نەوتی و (2) نوسینگەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان.

- پارێزگای سلێمانی: نوێکردنەوەی مۆڵەتی (3) نوسینگەی گواستنەوەی هاولاتیان و (1) نوسینگەی تەکسی تەلەفۆنی.

22. دابین کردنی لەرەلەری (VHF) بۆ کۆمپانیای (i-star).

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

لە ئاستی ئابووری و دارایی

1. ئامادەکردن و ناردنی پلانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ساڵانی 2020-2030 بۆ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە مەبەستی پێشکەشکردنی بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەران بۆ کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ لە بەر ئەوەی تاکو ئێستا ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە 1.58 % تێنەپەڕیوە لە کۆی گشتی ڕێژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

2. ئەنجام دانی کۆبونەوەیەکی فراوان لەوەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ قونسلخانەی هۆڵندی لە کوردستان بۆ کۆمپانیاو وەبەرهێنەرەکانی کوردستان و کۆمپانیاو وەبەرهێنەری هۆڵەندی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەی هاوبەش بەمەبەستی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی هەرێم و دابین کردنی بودجەی پرۆژەکان لە لایەن ڕێکخراوی وەبەرهێنانی هۆڵەندی (RVO) بە هاوبەشی لەگەل وەبەرهێنەرو کۆمپانیا ناوخۆییەکان ، بڕی 50% یارمەتی دارایی لە لایەن حکومەتی هۆڵەندی 50% بەشی هاوبەشەکانی پرۆژەیە و یارمەتی دارایی پێشکەشکراو لەلایەن حکومەتی هۆڵەندی لە نێوان (500,000 بۆ 3,000,000) یۆرۆیە .

3. ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ وەرگرتنەوەی قستی کشتوکاڵی لە جوتیاران بۆ ماوەی درێژ خایەن بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەی هاوبەش لە گەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەنجام درا بەمەبەستی دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

4. ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کرینەوەی ئەو گەنمەی کە دەمێنێتەوە لە هەرێم و لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق ناکڕدرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری لێژنەی هاوبەشکراوە لە نێوان وەزارەت و دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دراسەت و جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارە.

5. دانانی پلانی چاندنی گەنم بۆ وەرزی چاندنی 2019-2020 کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پلانە زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم پێشنیارکراوە کە بە گەنم بچێندرێت لە هەرێمی کوردستان.

6. وەک ئامادەکاری بۆ وەرزی چاندنی گەنم بۆ 2019-2020 دەستکراوە بە پرۆسەی دابەشکردنی بنەتۆ بۆ جووتیاران و پاککردنەوەی بنەتۆی جوتیاران و دواتر دابەشکردن بەسەر جووتیاران بە نرخی پاڵپشتکراو وەک هاندانێک بۆ جووتیاران .

7. ئامادەکردنی لیستی پێداویستی قرکەرەکان بۆ وەرزی چاندنی 2019-2020 و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دابین کردنی بووجە بۆ پێداویستیەکان کە دواتر بە نرخی پاڵپشتکراو وەک هاندانێک دابەش دەکرێت بەسەر جەتیاران بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی نەخۆشی دەرد و گیا زیان بەخشەکان لە کێڵگەکانیان.

8. بە مەبەستی پاراستن و پاڵپشتی لە بەرهەمی ناوخۆ وپاڵپشت بە یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ ژمارە (٤) ساڵی 2008 وەزارەت هەڵساوە بە قەدەغەکردنی هاوردەی چەندین بەرهەم وەک هەنار، تەماتە، هەنگوین لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ وەک پاڵپشتیەک بۆ جوتیارانی کوردستان.

9. ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی بڕی (33,322,530,000) دینار بۆ جێبەجێکردنی دوانزدە (12) پرۆژەی بەنداو.

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. ئامادە کردن و سەرپەرشتی کردن لە مەراسیمی یادکردنەوەی پەنجا ساڵەی تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی صۆریا لە قەزای زاخۆ.

2. کۆبوونەوە و وواژو کردنی کۆنووس لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەمەبەستی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی شەڕی تیرۆری داعش لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەزارەتمان .

3. هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانی بادیەی پارێزگای سەماوە کە نزیکەی (١٧١) ڕوفاتی ژن و منداڵی تێدا دەرهێنرا کە ئێستا لەپزیشکی دادوەری بەغدا پارێزراون وە ئامادەکاری کردن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی دووەم و سێ یەم ، وە هێنانەوەی ڕووفاتەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

4. ئامادەکاری بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شەنگال و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای شەهیدانی بەغدا بەرێوبەرایەتی گشتی پزیشکی دادوەری لەبەغدا لە چوارچێوەی یەکەی نیشتیمانی عیراقی

5. پێدانی کرێی خوێندنی کور و کچی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی لە زانکۆ و پەیانگاکان و قوتابخانەکان لە لایەن لێژنە تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتمان .

6. پێدانی منحەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و بەخێوکەر و پێدانی پارەی نەخۆشی.

7. وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تاپۆکردنی ئەو خانوو و زەویانەی کە دابەش کراون بەسەر کەس وکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی .

8. پەسەند کردنی بڕیاری دارشتنەوەی سندوقی هاوکاری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان

لە ئاستی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ

دەستنیشان کردنی کێشە هەڵواسراوەکانی وەزارەتمان کە تایبەت بوون بە حکومەتی فیدراڵی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەنێواندا گواستنەوەی مووچەی زیندانیانی سیاسی.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی

لە ئاستی چاکسازی

1. ئامادەکردنی پێناسەی کار (وصف الوظیفی) ی فەرمانبەرانی وەزارەت، بە شیوازیك کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەیان و دەستنیشانکردنی ئەرك و مافی فەرمانبەران بە ڕوونی بخاتە ڕوو، ئەمەش وەك هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بەهێزکردنی ئەدای کار.

2. ئامادەکردنی کارنامەی کارَ (لائحة العمل) بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت بۆ ڕێکخستنی کارەکان و ئاسان ڕاییکردنی کاروباری هاوڵاتیان.

3. گێڕانەوەی زیاتر لە یەك ملیار دیناری عیراقی کەم ئەندامانی هەڵەبجە بۆ خەزینەی دەوڵەت.

4. پیکهینانی لێژنەی بەدواداچوون بۆ سەرجەم هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر کەمتەرخەمی کارمەندان بەرامبەر بە هاوولاتیان.

5. کاراکردنەوەو دانانی سندوقی سکاڵا لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت، تاکو هاوولاتیان بە ئاسانی دەنگی سکاڵایان بگات و چاودێری کارکردنی فەرمانبەران بەهێزتر بێت.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. گێڕانەوەی مووچەی (12689) کەمئەندم کە دوای پشکنینەوەی پزیشکی شایستە بوون یارمەتی دارایی وەربگرن.

2. بەدواداچوونی ئامادەکردنی «سیاسەتی پاراستنی منداڵ» لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران، کە بە بناغەی کاری بواری منداڵان دادەنرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بە شێوازێك ئامادەکراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما نیودەوڵەتییەکانی بواری منداڵان.

3. پێداچوونەوەو تەواوکردنی ڕەشنووسی یاسای کار لە هەرێمی کوردستان کە بناغەی ڕێکخستنەوەی ئەرك و مافی بواری کارکردن دەگرێتەوەو.

4. تەواوکردنی ڕەشنووسی سیاسەتی بەکارخستن کە لە میانەی پیادەکردنی لەسەر ئاستی حکومەت بەشێکی زۆری گرفتەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومیش چارەسەر دەکات و دەرەفەتی کار بۆ لاوان دەڕەخسێنیت.

5. هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (2) ساڵی 2011 تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان بە شیوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان.

6. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی 2016 ی تایبەت بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوازێك باشترین مافی کەمئەندامانی تێدا فەراهەم هاتبیت.

7. دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (1) ی ساڵی 2019 تایبەت بە هێزی جێبەجیکردن لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی بە سیستەمکرنی کارەکانی هێزی جێبەجێکار و دیارکردنی ئەرك و ماف و تۆکمەترکردنی ڕەوشی کار .

8. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی مۆڵەتی سزادراوان ی ژمارە (2)ی ساڵی 2019، بە شێوازێك مافی سزادراوان دابین بکات و ڕێگە بگرێت لە

ڕێگەدانی بە شێوازی نایاسایی لەسەر بنەمای ناسین و پشتگیری دوور لە ڕێنمایی وەزارەت.

9. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمار (3) ی ساڵی 2018 ی تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم، کە دەرفەتی زیاتر بە کەرتی تایبەت بدات لەم بوارە کاربکەن بە لەبەرچاوگرتنی مەرجی جۆریەتی خزمەتگوزاری.

10. ئەنجامدانی دوو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای شیاندنی کەمئەندامان کە تیایدا مافەکانی کەم ئەندامان گفتوگۆی لەسەر کراوەو داوا لەسەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە ڕەچاوی باری کەم ئەندامان بکەن، وەك بارسوکی و بەخشین لە ڕسوماتی خوێندن، و کارئاسانی بینایەکانی حکومەت و باڵەخانەکان کە گونجاو بیت لەگەڵ کەم ئەندامان، هەروەها کۆکردنەوەی تێبینی لەسەر یاسای کەم ئەندامان.

11. ئەنجامدانی کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ کەم ئەندامان سەبارەت بە ڕێنمایەکانی مۆڵەتی بەخیوکەر بە شێوازیك گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستی هاوڵاتیان.

12. خۆ ئامادەکرن بۆ تۆمارکردن و ناونووسکردنی کەم ئەندامانی نوێ کە مافی شایستەبوونیان هەیەو تاکو ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە.

13. لە بواری تۆمارکردن دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لە هەردوو ڕەگەز، زیاتر لە چوارسەد (400)کەس هەلی کاریان بۆ دۆزراوەتەوەو حەفتاو پێنج (75) کەسیان دەستبەکاربوون لە کاری نوێدا.

14. ئامادەکاری بۆ سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە شوێنی پرۆژەو ڕێنمایی صندوقی چاودێری خیزان و تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کۆن دەگرێتەوە، ئەم سیستەمە بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان و بانکی نیو دەوڵەتی و ڕێکخراوی UNDP ئامادەدەکرێت.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

1. بەردەوامی کارکردن لەسەر لەسەر پرۆژەی خێزانی جێگرەوە لە شاری سلێمانی و هەولێر و دەستکردن بۆ جێبەجێکردنی لە هەولێ رو دهۆك، کە لە میانەی ئەم پرۆژەیەدا منداڵانی بێ خانەواده لە خانەوادەی ڕاهێنەراوو چاودێری کراو دادەنیت، بۆ ماوەی کورت یان مام ناوەند یان درێژ و لەلایەن کارمەندانی وەزارەتەوە چاودیری و هاریکاری خانەوادەکان دەکرێت.

2. کارکردن لەسەر چاکترکردنی ڕەوشی ماڵەکانی دادەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو بە شێوازێکی سەردەمیانەو جەختکردنەوە لەسەر هەماهەنگی تەواوی ڕێکخراوەکان لەم بوارە بۆ دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ ئەو ئافرەتانەی لە ژێر هەرەشەی کۆمەڵایەتیدان.

3. کارکردن لەسەر ڕەشنووسی یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە بە شێوازێکی سەردەمیانەو گونجاو لەگەڵ جارنامە جیهانیەکانی مافی منداڵان کە بە هەماهەنگی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و شارەزایانی نێودەوڵەتی بواری منداڵان و هەردوو ڕێکخراوی یونسێف و (الامل العراقی) ئامادەکراوەو.

4. چالاك کردنەوەی یەکەی جێنەدەری لیژنەی 1325ی بواری کاری ئافرەتان لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

لە ئاستی چاکسازی

1. لیژنەی وردبینی پرۆژەکانی داهاتی وەزارەت: بە فەرمانی وەزاری ژمارە (7846)ی 2019/9/11, سێ لیژنەی وردبینی کە کۆی گشتییان 18 پسپۆڕن هەڵدەستن بە وردبینیی دەرخستەکان بە مەبەستی باشتر و خێراترکردنی کارەکان.

2. ئامادەکردنی ستراتیژیەتی کەمکردنەوەی ڕۆتین.

3. پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی گرێبەستی (جۆگەی فایدەی شوێنەواری) لەگەڵ زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەست بۆ ئەوەی لایەنی کوردستانی بتوانێت باشتر کارەکانی پرۆژە شوێنەواریەکە کۆنترۆڵ بکات.

4. لادانی سەرپێچیکاران: لەسەر ئاستی جیاواز، ژمارەیەك فەرمانبەر و بەرپرس بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچییەوە لە ڕێگەی لیژنەکانی لێکۆلینەوە ڕێوشوێنی یاساییان بەرانبەر گیراوەتەبەر.

5. کردنەوەی خول: کردنەوەی خولی ئاشناکردنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەر چوار پارێزگاکە بۆ پرۆسەی تەندرین لەسەر ڕۆشنایی ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2016 تایبەت بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان کە زیاد لە (80) فەرمانبەر بەشداریی تێدا کردووە. هەروەها کردنەوەی چوار خول بۆ 120 فەرمانبەر لە بواری کۆمپیوتەر بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆبەئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. تەرخانکردنی بڕی ١١,٥٦٦,٣٧٩,٧١٦ (دینار بۆ جێبەجێکردنی ١٥٥ پرۆژە و پێداویستی لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ لەسەر داهاتی ٢٠%ی وەزارەت.

2. تەرخانکردنی بڕی (٩,٤٣٥,٨١٣,٣٢٣) دینار بۆ جێبەجێکردنی ١٠٤ پرۆژەی بچووک و مامناوەند لە سێکتەری شارەوانی لەسەر داهاتی ١٧%ی وەزارەت.

3. دابینکردنی بڕی (١٠,٠٦٩,٦٠٠,٣٠٤) دینار بۆ کرینی کلۆر، شەب، پۆلیمەر، هەروەها پرۆسەی تانکەرین لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

4. چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستی کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی خۆڵ و خاشاك لە تەواوی هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی سلفەی بەڵێندەرەکانی زبڵخانەی کانی قرژاڵە لە هەولێر.

5. چارەسەرکردنی پرۆژەی ئاوی دهۆکی. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ڕۆیشتنی کارەکان و دروستبوونی شەفافییەت بە تایبەتی لە گرێبەستەکانی شەب و کلۆر, دەرخستەی تایبەت بە کرینی مەوادی خاوێنکردنەوەیی ئاو (شەب و کلۆر) بۆ ماوەی یەك ساڵ ئامادەکراوە. لەهەمانکاتدا، دوانزده (١٢) لیژنە پێکهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی شوێن (موقع) بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تەنکەرین و وەرگرتنی زانیاری ڕاست و دروست.

6. ئەنجامدانی ڕووپێوکاری بۆ یەکەمجار بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان (درۆن) بۆ تاقیکردنەوە کە لە داهاتوودا خەرجیەکی زۆر کەمدەکاتەوە لە کاتی نەخشەکردندا.

7. لە ساڵی 2017 پەیرەوێك بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان دانـدرا بەڵام نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان, جارێکی تر ئەو پەیرەوە زیندوو کراوەتەوە و لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لێدرا کە دەبێتە کارێکی گەورە لە بواری چاکسازی دامەزراوەکان.

8. پێداچوونەوە بە یاسای بە مووڵککردنی خانووی زیادەڕۆیی لە سنووری شارەوانییەکان و ناردنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بە مەبەستی گفتوگۆی کۆتایی و ڕاستاندنی لە پەرلەمانی کوردستان.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. دەستبەکار بوون و ئەنجامدانی کاری نۆژەنکردنەوە لە پرۆژەی کارگەی جگەرەی سلێمانی، کە ئێستا بۆتە مەڵبەندێکی گەورەی ڕۆشنبیری و کارەکانی بەردەوامە.

2. ڕێکخستنەوەی فیستیڤاڵەکان لەڕێگای دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە سازدانی فیستیڤاڵەکان، لەو چوارچێوەیەدا ساڵانە (١٢) فیستیڤاڵی کوردستانی کە سروشتی نێودەوڵەتیان هەیە ئەنجام دەدرێت.

3. دەرکردنی ڕێنمایی چۆنیەتی یارمەتیدانی سەنتەر و گروپ و پێکهاتە هونەرییەکان، بەپێی ئەم ڕێنماییە گروپ و سەنتەر و پێکهاتە هونەرییە چالاکەکان هاوکاری زیاتریان دەکرێ و بایەخیان پێدەدرێت.

4. هەموار کردنی ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی یانە وەرزشییەکان، کە مەبەست لێی کەمکردنەوەی پێدانی مۆڵەتە لەمەودوا.

5. فیستیڤاڵی سینەما لە شاری دهۆک: ئەم فیستیڤاڵە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە، ساڵانە لە شاری دهۆک ئەنجام دەدرێت. ئەمساڵیش لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر سینەماکاری ناوخۆ و دەرەوە سازدرا .

6. کەرنەڤاڵی بە پاریزگابوونی دهۆک، لەم کەرنەڤاڵەدا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک بە چەندین چالاکی بەشداریپێکرد و فیستیڤاڵەکەیان جوانتر کرد.

7. فیستیڤاڵی کلتورە جیاوازەکان لە رانیە: ئەم فیستیڤاڵە سروشتی نێودەوڵەتی هەیە و تێیدا چەندین گروپی هونەری ناوخۆیی و وڵاتانی بیانی بەشداریپێدا تێدا کرد.

8. کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری گەورە لە کەلار: لەم پێشانگایەدا زۆربەی هونەرمەندانی شێوەکاری ناوچەی گەرمیان بەشداریپێکرد و تابلۆکانیان نمایش کرا.

9. لە پاریزگای هەڵەبجەش چەندین چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری ئەنجام دران، وەک پێشانگای فۆتۆی خانمان کە خانمانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشداریپێدا تێدا کرد، هەروەها فیستیڤاڵی هەڵدانی باڵۆن بۆ منداڵانی ئەو شارە ئەنجام درا و ژمارەیەکی زۆری منداڵان تێیدا بەشداربوون.

10. سازدانی فیستیڤاڵی موزیک و گۆرانی شەقام لە سەرای سلێمانی ئەنجام درا.

11. فیستیڤاڵی کلتوری (کوردی – کۆری) لە شاری سلێمانی بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان ئەنجامدرا، کە چەندین بەرهەمی هونەری هەردوو گەلی کورد و گەلی کۆریا نمایش کرا.

12. فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە شاری دەربەندیخان سازکرا، لە فیستیڤاڵەکەدا چەندین تیپی هونەری ناوخۆ و دەرەوە بەشداربوون و بەرهەمەکانیان نمایش کرد.

13. سازدانی ڕێوڕەسمیکی گەورە بۆ یادی هونەرمەندی ناوداری مەقام مامۆستا (عەلی مەردان) لە شاری چەمچەماڵ.

14. دیداری سینەمای کەرکوک بۆ کورتە فیلم لە شاری کەرکوک ئەنجام درا و لەم دیدارەدا چەندین کورتە فیلم نمایش کرا و گفتوگۆ لە بارەی بایەخی کورتە فیلمەوە کرا.

15. فیستیڤاڵی هونەرەکانی سریانی لە عەینکاوە و دهۆک ئەنجام درا، لەم فیستیڤاڵەدا چەندین چالاکی تایبەت بە هونەر و کلتوری سریانی ئەنجام درا.

16. لە شاری کۆیە کۆنسێرتی (ئارامی روح) ئەنجام درا کە چەندین هونەرمەند بەشداریپێدا تێدا کرد.

17. شاندێکی وزارەتمان سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عێراقی فیدرالیان لە بەغدا کرد و لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری عێراق کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەنجامدانی کار و چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری هاوبەشی لەنێوان هەردوولادا کرا، هەروەها ڕەزامەندی خانەی (مأمون) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە وەرگیرا کە ژمارەیەک کتێبی هونەری و ڕۆشنبیری کوردی بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن و چاپ بکرێن.

18. کارکردن لەسەر سیانزده (١٣) پرۆژەی دروستکردنی هۆڵ و باڵەخانەی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی کە لە داهاتوودا دەبنە ژێرخانێکی گرنگ بۆ کار و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان.

19. وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستبەکاربوونەوەی هەردوو پرۆژەی (ناوەندی وەرزش و لاوانی خەلیفان) و (هۆڵی وەرزشی داخراوی سلێمانی بوو) کە بە هۆی قەیرانی دارایییەوە لە کار وەستابوون.

وەزارەتی تەندروستی

لە ئاستی چاکسازی

1. دەستپێکردن بە دروستکردنی ڕێبەر (Guideline) بۆ هەر تۆژێکی پسپۆڕی بواری پزیشکی.

2. دروستکردنی دەستەی ڕاوێژکاری پسپۆڕی بۆ هەر پسپۆڕییەک.

3. ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی وردی ڕەوشی تەندروستی لەهەرێم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

4. پێکهێنانی لیژنەیەك بە مەبەستی خەملاندنی دانانی مەرجە گشتییەکانی پرۆژەی ناردنی نەخۆش بۆ چاندنی مۆخی ئێسک.

5. ڕێکخستنەوەی کرداری و پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراک بە ڕێگای زانستی و ڕێنمایی.

6. پێدانی مۆڵەت بە نۆزده (١٩) نەخۆشخانە و سەنتەری تایبەت.

7. نوێکردنەوەی مۆڵەت ده (١٠) نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان.

8. تۆمارکراوە حەوت (7) کارگەی دەرمانی بیانی

9. دیاریکردنی نرخ بۆ 400 جۆری دەرمان

10. دیاریکردنی نرخ بۆ 270 جۆر تەواوکاری خۆراکی

11. داخستنی ٢ نەخۆشخانە و ٤ سەنتەری پزشکی و ٤ نۆرینگەی لا کۆڵان و ٣ تاقیگە و ١ کۆمەلگە.

12. سزادانی 2 نەخۆشخانە ٤ سەنتەری بزیشکی ٤ نۆرینگەی لاکۆلان ٤ تاقیگە ١ کۆمەلگا

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دروستکردنی بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن لە شاری هەولێر بە مەبەستی باشتر کردنی کەرتی تەندروستی فریاگوزاری.

2. ناردنی دوو ئامێری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک بۆ سلێمانی و دهۆک بە بڕی ٢٨٦ ملیۆن دینار و ڕەوانەکردنی هەردوو پرۆژەی دابینکردنی (لیناك) بۆ هەولێر و سلێمانی بە بڕی ١٠ ملیار دینار.

3. چاککردنەوەی نزیکەی ١٢٣ ئامێری پزیشکی.

4. دابینکردنی ژمارەیەک ئامێری پزیشکی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) بۆ نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان لە هەولێر (دابینکردنی هەناوبینی منداڵان بۆ یەکەم جار لە کوردستان).

5. ئامادەکردنی پرۆژەی (Bio-risk Management Committee) بۆ هەرێمی کوردستان.

6. کردنەوەی سەنتەری تالاسیمیا لە دهۆکی ڕاپەڕین.

7. کردنەوەی سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام (CPD) لە کۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی فەرمانبەران.

8. بەردەوامی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان وەزارەت و سەندیکاکان و نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ:

- یەکخستن و پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاریەکان.
- چونیەتی دەوام لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت.
- دانانی ژمارەی ئەستێرە لەسەر نەخۆشخانەکان.
- دانانی ڕێژەی داهات بۆ پزیشکان لەکەرتی تایبەت.

9. ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنە دەرەوەی نەخۆشی بەرکەوتوانی کیمیا بارانی هەڵەبجە بۆ دەرەوەی ووڵات بۆ چارەسەرکردن.

10. بەگەرخستنەوەی (صیانە)ی ئامێرە پزیشکییە ستراتیجیەکان بەدابین کردنی خەرجی زیاتر لە ١٠ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتی نەخۆش و هاوڵاتیان.

11. ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ فراوان کردنی فریاکەوتن لەقەزای بەردەرەش بە بڕی نزیکەی ١ ملیار دینار.

12. چارەسەرکردن و فراوانکردنی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان بە هۆی تێکچوون بە کارەساتی بوومەلەرزە.

13. ڕێوشوێنی پێویست ئەنجامدراوە بۆ دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ستراتیجی سەنتەری ڕاهێنانەوە و چارەسەری سروشتی بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن ڕێکخراوICRC.

14. گۆڕینی بنکەی تەندروستی گلیجال بۆ مەڵبەندی ٢٤ کاتژمێری.

15. کردنەوەی تاقیگەی ناوەندی خۆراك لەهەڵەبجە.

16. ڕاسپاردنی کۆمپانیای گەڵاڵە بۆ نەخشە دانان و دروست کردن و فراوانکردنی بەشی تاووەری هێلمی لە سەنتەری ژیانەوە لەسلێمانی.

17. ڕاسپاردنی کۆمپانیای الاتقان بۆ دابین کردنی ئامێرەکانی لیناك و سیتی سیمیلەیەتەر و پالانیگ سیستەم بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری.

18. ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای مێدیکال ڤیو بۆ ناردنی نەخۆش بۆ ڕادیۆ ئەکتیڤ براکی ئیراپی و گاما نایف و سایبەر نایف.

19. ئەنجامدانی (١٧) گرێبەستی دابین کردنی دەرمان بە گوژمەی ٧,٢٩٨,٥٨٩,٣٢٥ دینار

20. ئەنجامدانی (٧) گرێبەستی دابینکردنی ئامێر و پێداویستی پزیشکی و دروستکردنی بیناو هێنانی تیمی بیانی بەگوژمەی ٦,٧١٨,٣٦٨,٠٠٠ دینار

21. ئەنجامدانی (1) گرێبەستی ناردنە دەرەوەی نەخۆش بەگوژمەی ٨٠٠,٨٧٩,٠٠٠ دینار

22. ڕەزامەندی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی لەلایەن کۆمپانیای سمنس و گەڵاڵە بەبڕی ٦ ملیار دینار.

23. کردنەوەی سیستەمی بەدەل عیادات لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شار.

24. دەستبەکاربوون و نۆژەن کردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی.

25. دەستبەکاربوون و فراونکردنی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شار

بەگوژمەی هەشتاو نۆ ملیۆن دینار.
26. کڕینی ئامێری لیناک بە گوژمەی ٨.٦٥ ملیار دینار بۆ چارەسەری شێرپەنجە بەتیشک لە سلێمانی.
27. لەباربردنی ١١ تۆن کەرەستەی خەراپ و ئێکسپایەر لە پارێزگای دهۆک.
28. کارکردن بە ئامێری پشکنینی کەرەستەی پاراستن (HPLC) لە پارێزگای دهۆک.
29. دروستکردنی PRC (Physical Rehabilitation Center) لەگەڵ کۆلیژی پەلی دەستکرد لەلایەن ڕێکخراوی مانگی سوری عیراقی ICRC لە هەولێر.
30. دەست پێکردنەوە و تەواو کردنی ئەو پرۆژانەی کە ساڵانێك بوون وەستابوون لە هەولێر وەك :
- دروستکردنی بینایەی نەخۆشخانەی ڕاپەرینی مندالان.
- دروستکردنی بینایەی نەخۆشخانەی پسپۆری نەشتەرگەری سەنتەری دڵ.
- دەستپێکردنەوەی بینایەی بنکەی تەندروستی ئازادی.
- تەواوکردنی نەخۆشخانەی پسپۆری نەخۆشییەکانی چاو.
- بنکەی تەندروستی پیران و شێروان مەزن لە جۆری Type A.
- ڕوخاندن و دروستکردنەوەی بنکەی تەندروستی حاجی ئۆمەران.
- فراوانکردنی بینایەی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
31. بەکارخستنەوەی هۆڵەکانی لە دایکبوون لەبالیسان، سیدەکان ، دەشتی هەولێر.
32. تەواو کردنی دوو سەنتەری دان لە سۆران و مێرگەسۆر و وەرتێ.
33. دابینکردنی ئۆکسجینی شل بۆگشت نەخۆشخانەکانی ناو شار و دەرەوەی هەولێر بە ستاندارد نێودەوڵەتی.
34. ڕەزامەندی وەرگیراوە لەلایەن سەرۆکی حکومەت بۆ ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوە بۆ چاندنی مۆخی ئێسک و چاندنی جگەر.
35. چالاکردنەوەی هۆبەکانی تۆژینەوەی زانستی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان و ئامادەکاری بۆ دەرچواندنی ڕێنمایی نوێی سەبارەت بە تۆژینەوەی زانستی لەنێو نەخۆشخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەبەستی بە پێشخستنی تۆژینەوەی زانستی پزیشکی لە کوردستاندا.
36. یەکخستنەوەی ڕێنماییەکانی دابەشکردنی پزیشکان بەسەر پارێزگاکان و نەخۆشخانەکان و بە سیستەم کردنی پێشکەشکردن بۆگواستنەوە لەڕێگای ئۆنلاین بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتینیات و دادپەروەری لەپێشکەشکردن و دابەشبوونی پزیشکان بەسەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

لە ئاستی چاکسازی

1. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەم یاسایانەی خوارەوە (پرۆژە یاسا و هەمواركردنەوە) :
أ) یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارەی 11ی ساڵی 2010
ب) پرۆژە یاسای بریکارنامەی تۆمارکردن ژمارەی 4ی ساڵی 1999
ج) یاسای پارێزەرایەتی ژمارەی 17ی ساڵی 1999
د) یاسای گشتی کۆمپانیاکان ژمارەی 22ی ساڵی 1997
ه) یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارەی 79ی ساڵی 2017
و) یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارەی 1ی ساڵی 2010 بۆ هەمواركردن
2. هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرخ کاری
3. ئامادە کردنی ڕاپۆرتی ئالوگۆری بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان بۆ ساڵانی 2016-2018.
4. ئامادە کردنی دەقی کوردی (ستانداردی بۆ نێودەوڵەتی پۆلینی چالاکییە پیشەسازییەکان) ISIC – international standard for (Industrial classification)
5. پێدانی 43 مۆلەتی دامەزراندنی کارگە
6. تۆمار کردنی 341 کۆمپانیای خۆماڵی
7. تۆمار کردنی 13 کۆمپانیای بیانی
8. سەردان و کۆنترۆڵی بەرهەم بۆ 361 کارگە
9. سەردان و کۆنترۆڵی تەکنیکی 85 کارگە
10. سەردان و چاودێری 14025 شوێنی بازرگانی
11. سزادانی 441 شوێنی بازرگانی بە هۆی سەرپێچی
12. پشکنینی 2731 نموونەی بەرهەمی کارگەکان
13. دیراسە و خەملاندنی 517 جۆر ماددەی کیمیاوی بە پێی 39 نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ

لە ئاستی ئابوری و دارایی

1. پرۆژەی دروست کردنی سایلۆی (40,000) تەنی لەگەڵ پێنج (5) کۆگا لە ناحیەی کەلار-ئیدارەی گەرمیان بە گوژمەی (19,594,000,000) دینار . بەرەو پێشچوونی 37% (لە 8% بۆ 45%)
2. دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەنی و چوار (4) کۆگا لە ناحیەی ڕوقیا - دهۆک بە گوژمەی (16,776,000,000) دینار . بەرەو پێشچوونی 9,5% (لە 10,5% بۆ 20%)
3. پرۆژەی دروست کردنی سایلۆی (40,000) تەنی لەگەڵ دە (10) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە - هەولێر بە گوژمەی (20,500,000,000) دینار . بەرەو پێشچوونی 38% (لە 12% بۆ 50%)
4. بەجێگەیاندنی خزمەت گوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (3) لای ڕاست بە گوژمەی (7,498,000,000) دینار . بەرەو پێشچوونی 20% (لە 31% بۆ 51%)

وەزارەتی کارەبا

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. واژووکردنی گرێبەستی کرینی یەك (1) وێستگەی گەڕۆکی کارەبا بۆ پارێزگای هەولێر لەگەڵ کۆمپانیای بێست بە گوژمەی (1,412) ملیۆن دۆلار.
2. ڕەزامەندی لەسەر دابین کردنی وێستگەی موبایلی دێرێ کە ئێستا لە ژێر پرۆسەی تەندەرینە بە کوژمەی (1,644) ملیار دینار.
3. ڕەزامەندی لەسەر دابین کردنی وێستگەی موبایلی بە توانای (33/11)کەیڤی (25MVA) بۆ وێستگەی صالح ئاغا لە ناحیەی دارەتوو کە ئێستا لە ژێر پرۆسەی تەندەرینە بە کوژمەی (1,221) ملیار دینار.
4. واژووکردنی گرێبەستی کرینی سێ (3) وێستگەی گەڕۆکی کارەبا بۆ پارێزگای سلێمانی بە گوژمەی (5,34) ملیار دینار.
5. وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابین کرنی گوژمەی (3,5) ملیون دۆلار بۆ کڕینی ڕەنەری تۆربینی وێستگەی کەهرومائی لە دەربندیخان.
6. پێداچوونەوە بە گرێبەستی دامەزراندنی هێلی (132 کەیڤی) بە درێژایی 32 کم لەنێوان وێستگەی خەبات بۆ زەنگەنان بە گوژمەی (7.425) ملیۆن دولار بۆ ماوەی چوار مانگ، لە کاتێکدا کە پێشتر بە کوژمەی (9.350) ملیۆن دولار و بە ماوەی پێنج مانگ گرێبەستەکە واژووکرابوو، بەم شێوەیە بڕی (1.925) ملیۆن دۆلار کەمتر و یەك مانگ کەمتری پێویستە.
7. وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پرۆژەی هێلی (132 کەیڤی) بە درێژایی 50 کم لەنێوان وێستگەی کاشێ لە قەزای سێمیل بۆ وێستگەی تلکەبەر بە گوژەی (11,408,500) ملیون دولار .
8. وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پرۆژەی هێلی (132 کەیڤی) بە درێژایی 16 کم لەنێوان وێستگەی سۆران و هەریر و گۆرینی 37کم تێلەی هێلی صلاح الدین بۆ هەریر بە گوژەی (8.352,840) ملیون دولار .
9. گرێبەستی کرینی گهورکی (11/33 کەیڤی) قەبارە 16 ئیم ڤی ئای بۆ وێستگەی چۆمان لە هەولێر بەگوژمەی تەرخانکراوی (425) ملیۆن دینار کە ئیحالە کرا بە گوژمەی (322) ملیون دینار، بەمەش بڕی (103) ملیون دینار گەڕایەوە بۆ خەزینەی حکومەت .
10. پێداچوونەوە بە گرێبەستی کومپانیای (MEP) ی لوبنانی کرا، لەدوای ئەوەی گرێبەستەکەیان بە کۆتایی هات بۆ بەکارخستنی هەردوو وێستگەی 29 میگاواتی هەولێر و دهۆك، لە ئەنجامدا ئەم گۆرانکاریانە لە بەرژەوەندی وەزارەتی کارەبا ئەنجامدرا:
• کەمکردنی نرخی کڕینی هەر یەك میگاوات لەکاتژمێرێکدا لە (30 بۆ 28) دۆلار .
• پێداچوونەوە بە قەرەبووکردنەوەی کومپانیا ئەگەر لە لای ئێمە سوتەمەنی بۆ دابین نەکرا لە شوێنی 30 دۆلار بۆ یەك میگاوات، بۆ ئەوەی ببێتە 14 دۆلار بۆ یەك میگاوات.
• گۆڕینی جۆری سوتەمەنی لە گازوایل بۆ نەوتی ڕەش کە بەهای هەر یەك تەن لە 700 دۆلار دەبێتە 200 دۆلار، لێرەدا ڕوژانە تەنها لە وێستگەی هەولێر و دهۆك بڕی بەکارهێنانی سوتەمەنی لە (140 تەن * 700 دۆلار=98,000 دۆلار) دەبێتە (140 تەن * 200 دولار=28,000 دۆلار) ڕۆژانە. لە ساڵێکیشدا بۆ هەردوو ویستگە بڕی (140,000*365 =51,100,000 دۆلار) دەگەڕێتەوە خەزینەی حکومەت.
• لێخوشبوون لە قەرزی کومپانیاکان لە سەر حکومەت لە ئەگەری کارنەکردنی وێستگەکان لەبەر بابەتی دابینکردنی گازوایل بۆ ساڵانی 2014, 2015 , 2016, 2017, 2018, 2019 کە بۆتە ($29.821.026) .
• کۆتایی هێنان بە گرێبەستی کومپانیای سیمنسی ئەلمانی کە بە گووژمەی (69,500,000) دۆلار واژوو کرابوو لەبەرامبەر (5,029,000) دۆلار. دواتر هەمان پرۆژە بە گوژمەی 42 ملیون دۆلار ئەنجام دەدرێت و بڕی نزیکەی 22 ملیون دۆلار دەگەڕێتەوە خەزینەی گشتی.
• دەست پێکرنی گرێبەستی دانانی پێوەری زیرەك بو سەرانسەری هەرێمی کوردستان کە لە 2019/8/1 دەستبەرکابووین و تا کو ڕێکەوتی 2019/11/14 ژمارەی دانانی پێوەرەکان گەیشتە (55) هەزار لە سەرانسەری کوردستان.
• کردنەوەی دوو وێستگەی گرد جوتیار بە کوژمەی (3,814) ملیون دۆلار و وێستگەی عەنکاوە بە کوژمەی (347) ملیون دولار لە ڕێکەوتی 2019/11/11
• بە کارخستنی یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بڕی (150) میگاوات لە وێستگەی خەبات لە ڕێکەوتی 2019/10/25.

وەزارەتی پلاندانان

لە ئاستی چاکسازی

1. بەمەبەستی ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕی و میلاکات و کەم کردنەوەی ڕۆتین، سیستەمی داتا بەیس و بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری کارگێڕی و میلاکات و خۆیەتیمان دامەزراندوە.
2. یەکەمین دیزاینی سیستمی بە ئەلیکترۆنیکردنی تەندەرەکانی حکوومەت کە پرۆژەیەکی ستراتیجی گرنگە، حکوومەتی کۆریای باشوور لە ڕێگەی ئاژانسی کۆیکاوە بە شێوەی کۆمەك بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی جێبەجێ دەکات، پرۆژەکە سێ ساڵ دەخایەنێت تا ئێستا دوو قۆناغی گرنگی پرۆژەکە تەواو کراوە کە بریتین لە (شیکردنەوە و پێداچوونەوەی سیستمی ئێستای گرێبەستکردن و دیزاینی مۆدێلی داهاتووی سیستمی گرێبەستکردن بە شێوەی ئەلیکترۆنیکی) ئەم پرۆژەیە چاوەڕوان دەکرێت لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٠ ئامادەبێت بۆ بەکارهێنان لە لایەن ئەو دەزگایانەی حکومەت کە زۆرترین تەندەریان هەیە.
3. دوو بەڵگەنامەی ستاندارد بۆ گرێبەستکردن (وثائق المناقصة القياسية) دەرکراوەو بەم شێوەیە :
یەکەم : بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی پرۆژەی بچووک (وثائق المناقصة القياسية لتنفيذ عقود الاشغال الصغيرة) بۆ هەر پرۆژەیەک کە گوژمەی خەملێنراوی لە سێ ملیار دینار تێپەڕ نەکات.
دووەم : بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری ناراوێژکاری (وثائق المناقصة القياسية لتنفيذ عقود الخدمات غير الاستشارية) بۆ هەموو پرۆژەیەکی ناراوێژکاری.
4. دەرکردنی ڕەشنووسی نامیلکەی (ڕێبەری ڕێنیشاندەر بۆ دووركەوتنەوە لە ململانێی گرێبەستەکان و ڕێگەکانی یەکلاییکردنەوەیان – مسودة الدليل الاسترشادي لتجنب النزاعات في التعاقدات وطرق تسويتها).
5. بۆ زیاتر ئاشنابوونی فەرمانبەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بابەتی گرێبەستەکان لەو ماوەیەدا 12 خولی ڕاهێنان سەبارەت بە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ و بەڵگەنامە ستانداردەکان بۆ دابینکردنی کاڵا و بەڵگەنامە ستانداردەکان بۆ خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە
6. پۆلینکردنی کۆمپانیاو بەڵێندەران :
- لەم ماوەیەدا 3 سێ کۆمپانیاو بەڵێندەر خراونەتە لیستی ڕەش.
- 7 کۆمپانیاو بەڵێندەر ناسنامەیان بۆ نوێکراوەتەوە.
- 19کۆمپانیاو بەڵێندەر پلەی پۆلینیان وەرگرتوە.
- 6 کۆمپانیاو بەڵێندەر پلەی پۆلینیان بەرز کراوەتەوە.
- 2 کۆمپانیاو بەڵێندەر پۆ لینیان هەڵوەشاوەتەوە.
- 4 کۆمپانیاو بەڵێندەر لەبەر نەبوونی مەرجەکان داواکاریان ڕەتکراوەتەوە.
7. کردنەوەی خول و سیمینار و دیبەیت لە بواره جۆربەجۆرەکانی (کارگێری و دارایی، IT، هونەری) بۆ سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئەدای کاریان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی باشتر خزمەتی هاوڵاتیان بکەن.
8. ئامادەکردنی دانانی پرۆژەی پێناسەی کار (Job Description) بۆ سەرجەم وەزارەتەکان بە هەماهەنگی لەگەڵیاندا تا بتوانرێت پرۆسە کارگێرییەکان لەسەر بنەمای زانستی ئەدا بکرێت، کە ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە پراکتیزەکردنی پەرەنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو لە سەرجەم ئاستە کارگێرییەکاندا (سەروو و ناوەند و خوارووە). ئەمەش دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەرك و بەرپرسیارییەتەکانی یەکەبەیەکەی فەرمانبەران بە شێوەیەك هاوسەنگی و یەکسانی فەراهەم دەکات لە دامەزراوەکاندا هەروەها لەنێوان فەرمانبەراندا.
9. ئامادەکردنی پرۆژەی چەند توێژینەوەیەکی کاریگەر کە لە ئێستادا وەکو گرفتێك لە زۆرێك لە دام و دەزگاکاندا وەکو بەربەستێك دێتە بەر چاو، بۆ نموونە بابەتی (البطالة المقنعة) و (هەڵسەنگاندنی ئەدای کار)، بۆ ئەم مەبەستە لەم بوارانەدا لێکۆڵینەوەی کرداری (تطبيقي) ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی دواتر سوود لە دەرئەنجامەکانی وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە.
10. کارکردن بۆ یەك خستن و هاوتاکردنی تاقیگەو کاری دەروازە سنووریەکان کە ڕۆژانە پشکنین بۆ ئەو کالایانە دەکەن کە دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم هاوکات هەوڵەکانیش بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی تەواوی خاڵە سنووریەکان بە یەك سیستەم کار بکەن .
11. کارکردن لەگەڵ دەستەی متمانە بەخشینی نیشتیمانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی چۆنییەتی متمانە بەخشین بۆ تاقیگەکان لەناو هەرێمی کوردستان .
12. بەشداری کردن لە پشکنین و بەدواداچوون بۆ کەل وپەلەکانی ناو بازاری قائیمقامیەتی پارێزگاکان .
13. کاری بەردەوام لە دەرهێنانی مۆلەتی زێرینگری و مۆلەتی وەرشەی زێر و پشکنینی خشلی هاورده (زێر، زیو،پلاتین) لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتی سەر بە پارێزگاکان.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. ئامادەکاری بۆ دارشتنی چوار چێوەیەکی یاسایی بۆ هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) کە لە ژێر ئەم چوار چێوەیەدا ڕێنمایی و ڕێکاری ڕوون لە خۆدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەگەڵ کەرتی تایبەت، کە ئەمەش هەم سوود گەیاندنە بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و لە هەمان کاتیشدا جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی خزمەتگوزارییە.
2. ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان لە عێراق کراوە کەوا بڕیارە لە ساڵی 2020 ئەنجام بدرێت.
3. هەماهەنگی کردنی بەردەوام لە گەڵ وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتکان بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بەجۆرێك کە شیاوی جێبەجێکردن بێت ئەمەش بە ڕەچاوکردن و خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی بارودوخی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی داتاو زانیاری لە سەرجەم سێکتەرەکان وەك (کشتوکاڵ، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستی، پەروەردە، شارەوانی، پیشەسازی و بازرگانی، گەشتوگوزار و خوێندنی باڵا . هتد)
4. دەستپێکردن بە ئامادەکردنی دیدگای 2030 بەپشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی زانستییانەی تۆکمە و بەهاوکاریی شارەزا و پسپۆڕانی ئەم بوارە کە شارەزایی و ئەزموونیان هەبێت بۆ ئەوەی سەرجەم سێکتەرەکان بەپێی ئەولەویەت لەخۆ بگرێت.

لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

1. ئامادەکردنی ڕێکارەکانی تایبەمەتمەندی عێراقی و پێدانی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك وەزارەت و دەروازە سنوورییەکان و کۆمپانیاکان.
2. دەستپێکردن بە پرۆژەی دامەزراندنی تاقیگەی میترۆلۆجی کە

تایبەتە بە (میترۆلۆجی و نادڵنیایی لە پێوانەکردن).
3. هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری حکومەتی عێراقی فیدرال دەربارەی گفتوگۆکردن لەسەر بڕیاری (335) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق تایبەت بە هاوردەکردنی کانزا بە نرخەکان (زێر،زیو، پلاتین) و یەکسختنی ڕێکارەکانی کاروباری چاودێری کردنی هاوردەکردنی خشڵ، هەروەها کاری یەکخستنی تایبەتمەندیە عێراقیەکان هەروەك لە بڕیاری (773) ئەنجومەنی وەزیران داواکراوە.
4. ڕەشنوسی نیزامێکی نوێ ئامادەکراوە بۆ پڕلینکردنی کۆمپانیاو بەڵێندەران کەجێگای نیزامی ژمارە 1 ی ساڵی 2007 بگرێتەوە کەماوەیەکی زۆری بەسەرداچوە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانانی عێراق بە مەبەستی یەکخستنی ڕێنمایی بۆ پۆلین کردنی بەڵێندەران لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان
ئامادەکردن و دیراسەتکردنی پڕۆژەی جێندەری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان و یەکەکانی جێندەری لە وەزارەتەکان و بەستانەوەی تەوەرەکە بە ئەجێندای حکومەت بۆ چوار ساڵی داهاتوو و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ گونجاندنی لەگەڵ بەرنامەی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDGs).

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

لە ئاستی چاکسازی

1. کەمگری بۆ گواستنەوەی نەوتی ڕەش لەپاڵاوتگەی کەلەك بۆ وێستگەی کارەبای 51 میگاواتی تاسلوجە
2. کەمگری بۆ گواستنەوەی گازوایل لە پاڵاوتگەی کەلەك بۆ وێستگەی کارەبای دهۆك
3. پێدانی مۆلەتی کانگایی بە 67 کانگا
4. قەرەبووی جوتیاران کە ژمارەیان لە نێوان (1.500 2.000-) جوتیارە لەلایەن کۆمپانیاکانی (DNO, HKN, TAQA, TALISMAN, GOLFKYSTONE, TTOPCO, REPSOL, KAR, GENEL ENRGY, HUNT OIL,) کە لەلایەن نوێنەرانی وەزارەتمان قەرەبووکان دابەش کراوە.
5. بەداواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردی لایمستون کە بەکاردێت بۆ پاراستنی ژینگە لە ویستگەی هەڵمی کارەبای خەبات لە لایەن کۆمپانیای (Mega) و فراونکردنی کارەکانیان لە کانەبەردی ناوچەی سیناوە لە ناحیەی خەلیفان بە پێ ی خەسلەتەکانی و ستاندراتی کارکردن .
می مۆلەتدان بە (70) کانەبەرد بە پێی جۆری کانەبەرد لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان.
7. دابینکردن و دابەشکردنی بڕی 61 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان لەناوچە شاخاوییەکان و لە قۆناغی دووەمدا بڕی (199) ملیۆن لیتر نەوتی سپی دابین دەکرێت بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
تا مەشق و ڕاهێنانی (884) قوتابی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان 2019/7/1 2019/9/30-
9. پێداچوونەوەی ٧ ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی EIA کۆمپانیا جیاجیاکان و پێدانی بروانامەی کارکردن.
10. دەستکردن بە پرۆسەی ووردبینی تێچوی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (PSC)بە هەماهەنگی (Deloitte)

دەستەی وەبەرهێنان

لە ئاستی چاکسازی

• هەڵوەشاندنەوەی مۆلەتی پێنج (5) پڕۆژە لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری بەهۆی پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان،
• دەستنیشانکردنی 15 پڕۆژە لە پلانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و داوا کردن لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە زەویان بۆ تەرخان بکات و دواتر وەک هەلی وەبەرهێنانی ئامادەکراو بخرێنە بەردەستی وەبەرهێنەران.
• ئامادەکاری بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان.
• دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین.

لە ئاستی خزمەتگوزاری

پێکهێنانی لێژنەی بەدواداچوونی بینای خزمەتگوزاری پڕۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان و پێکهینانی چەندین لێژنەی تر بەمەبەستی بەدواداچوون و کۆنترۆڵکردنی کەموکوڕیەکان.
لە ئاستی پەوەندی نێوان حکوتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدرال
سەردانکردنی شاندی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دەستەی نیشتیمانی وەبەرهێنان لە عێراق بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و بەهێزکردنی پەیوەندیەکان. دواتر سەردانکردنی سەرۆکی دەستەی نیشتیمانی وەبەرهێنان لە عێراق بۆ دیوانی دەستە و دانانی میکانیزمی کاری هاوبەش لە داهاتوودا.

لە ئاستی پەوەندونیدیەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

1. بەشداری کردن لە 2 پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر لە ڕێکەوتی 2019/9/18 و 2019/9/30، بەمەبەستی ڕاکیشانی وەبەرهێنەران و کۆبوونەوە لەگەڵ چەند وەبەرهێنەرێکی بیانی و ناوخۆ.
2. کۆبوونەوەی شاندی وەبەرهێنەرانی بیانی لە دیوانی دەستە لەگەڵ وەبەرهێنەر و پیاوانی کاری ئەمریکی و بانکی جیهانی بەمەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کوردستان.
3. کۆبوونەوە لەگەل بانکی نیو دەوڵەتی بەمەبەستی هەماهەنگیکردنی زیاتر لە بواری وەبەرهێنان.
4. بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وەبەرهێنان بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە شاری هەولێر بەمەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

لە ئاستی ئابووری و دارایی

• (15) مۆلەتی وەبەرهێنان دراوە بە سەرمایەی (462) ملیۆن دۆلار لەسەر ڕووبەری زەوی (496) دۆنم.
• 33 پڕۆژە کاری هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.
• (143) پڕۆژەل پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراون کە (109) یان پەسند کراون و (34) پڕۆپۆزەلیش ڕەت کراوەتەوە :
- پڕۆژە پەسند کراوەکان/ بەم شێوەیە دابەشی سەر شارەکان بوون (هەولێر: 45 پڕۆژە) (سلێمانی: 50 پڕۆژە) (دهۆک 14 پڕۆژە) لەناو ئەم پڕۆژانەش (36) پڕۆژەیان بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان نێردراون
- پڕۆژە ڕەتکراوەکان/ بەم شێوەیە دابەشی سەر شارەکان بوون (هەولێر: 5 پڕۆژە) (سلێمانی: 24 پڕۆژە) (دهۆک: 5 پڕۆژە)

فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ئاستی پەیوەندییەکان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی دەرەوە

1. ئەنجامدانی دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ دیپلۆماتکار و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیە دووقۆڵیەکان و پێشوازیکردن لە:
- شاندێکی کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا.
- چۆی کوانگ ژین، کونسوڵی گشتی کۆریا.
- هیثم ابوالفول کونسوڵی گشتی شانشینی ئەردەنی هاشمی.
- د. عمر ئەلکەندەری کونسوڵی گشتی وڵاتی کوێت.
- خاتوو ئەلیزابیس روزنستۆک جێگری کونسوڵی گشی ئەمریکا.
- نیرانجان ئاسوکا راناسینغ، باڵیۆزی کۆماری دیموکراتی سۆشیالیستی سریلانکا لە عێراق کرد.
- باڵیۆز ئەحمەد جیهاد حارس، کونسوڵی کۆماری میسری عەرەبی.
- شاندێکی کونسوڵگەری کۆماری ئیتاڵیا بەسەرۆکایەتی سێرێنا مورۆنیکونسوڵی ئیتاڵیا.
- باڵیۆز نەزمی حەزوری، کونسوڵی گشتی فەلەستین.
- نەسرولا ڕەشنودی، کونسوڵی گشتی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر.
- ستیڤ فەیگن، کونسوڵی گشتی ئەمریکا.
- دۆمەنیک ماس، کونسوڵی گشتی فەڕەنسا.
- ریکاردۆ ڕۆدریگز بەرپرسی نێردەی هاریکاری عیراق (یونامی).
- نانسی بێرگرۆن، بەرپرسی نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا.
- پۆنتۆس میلاندەر، باڵیۆزی شانشینی سوید لە عێراق.
- کلاریس پاستۆری، بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان.
- ئۆلیڤیێ دوکوتینی، کونسوڵی گشتی تازەی فەڕەنسا لە هەرێم.
- بەرپرسی نووسینگەی کونسوڵگەری ڕۆمانیا کرد لە هەرێم.
- باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.
- چاندرامۆلی کۆمار کیرن، کونسوڵی گشتی کۆماری هیند.
- ئۆلێگ لیڤین، کونسوڵی گشتی کۆماری ڕوسیای فیدراڵ.
- کونسوڵی گشتی شانشینی هۆڵندا.
- باڵیۆزی نوێی وڵاتی سوید لە عیراق.شری مۆرالیدهاران، وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە.
- خوان خۆسێ ئیسکۆبار، باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق.
- ئیفوثیموس کۆستۆپۆلۆس، کونسوڵی گشتی کۆماری یۆنان.

2. بە نوێنەرایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداریکردن لە ٧٤ مین کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بەشێک لە شاندی عێراقی کە تێیدا دەیان دیدارو کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ پادشا و سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی وڵاتان ئەنجامدا.

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

ئاستی چاکسازی

ئەنجامدانی چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ گەیاندنی زانیاری خێرا لە ڕێگای وێب سایتی فەرمی دەستەکەمان. بۆ ئەم مەبەستە پەرەمان بە خزمەتگوزاریە ئەلەکترۆنیەکان داوە بە دانانی زانیاری و دیکۆمێنت و ڕاپۆرتەکان لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردن و مادەی ١٤٠ دەستور و بارودۆخی ناوچە کوردستانیەکان. وەک هەنگاوی یەکەم توانیومانە بەشێک لە زانیاری گرنگ و پێویست بلاوبکەینەوە بە زمانی کوردی وعەرەبی.

ئاستی خزمەتگوزاری

ئامادەکردن پرۆپۆزەلی خولی (بەڕێوەبردنی پڕۆژە Project Management) و ئاراستەکردنی بۆ دامەزراوەی نێودەوڵەتی کۆری ناسراو بە Korean International cooperation Agency (KOICA) بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی میری و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

ئامادەکردن پرۆپۆزەلی خولی (چارەسەری ناکۆکیەکان، Conflict Resolution) و ئاراستەکردنی بۆ دامەزراوەی نێودەوڵەتی کۆری ناسراو بە Korean International cooperation Agency (KOICA) بە مەبەستی کەمکردنەوەی بارگرژیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی زانیاری تەواو سەبارەت بە مادەی 140ی دەستووری عێراق و کارەکانی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و ڕێکارەکان کە گرنگترینیان کاراکردنی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و بەهێزکردنی ڕۆڵی کورد لە ناو لێژنەکە ببوو.

دەزگای گشتی کاروباری مین

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. تیمەکانی مین لابەری دەزگا (MCT) زیاتر لە (590,238) مەتر دووجا ڕووبەری پیس بوو بە مین و تەقەمەنان پاککردۆتەوە و لەناو ئەو ڕووبەرە (1,598) مینی دژە کەسی و (13) مینی دژە تانک هەروەها (2,952) پارچە تەقەمەنی (UXO) دۆزراونەتەوە و لەناو بردراون. لە هەمان کاتدا (175,300) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە IED (عبوات ناسفة) پاککراوەتەوە.
2. دەزگای مین لەماوەی ئاماژەبۆکراو هەڵساوە بە تەسلیمکردنی کۆی (16) زەوی پاککراوە لە بەمین و تەقەمەنی بە ڕووبەری(468,746) مەتری دووجا بۆ خاوەنەکانیان بە مەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان وبەم شێوەیە: پارێزگای هەولیر (3) پارچە زەوی بە ڕووبەری(118,192) مەتر دووجا، پارێزگای سلیمانی (3) پارچە زەوی بە ڕووبەری(56,561) مەتردووجا، پارێزگای دهۆک (7) پارچە زەوی بە ڕووبەری(131,493) مەتردووجا و ئیدارەی گەرمیان (3) پارچە زەوی بەڕووبەری(62,500) مەتردووجا.
3. تیمەکانی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان (QA) لە ماوەی (100) سە د ڕۆژی ڕابردوو توانیویانە (1,064) سەردان بۆ کێڵگە مینەکان ئەنجام بدەن لەو سەردانانە دا تیمەکان (108,010) مەتر دووجای زەوی پروسەی پشکنینی بۆبکەنەوە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە هەمان ماوەدا هەڵساوە بە نوێکردنەوەی (5) مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی بواری مین لە هەرێمی کوردستان.
4. تیمەکانی هۆشیار کردنەوە ولە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی دەزگا لە ماوەی دیاریکراو توانیویانە سەردانی (194) گوند و کەمپی ئاوارەکان بکەن و (13,022) لە پیاو و ئافرەت و منداڵ سودمەندبوون. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی (20,812) لە هۆیەکانی هوشیارکردنەوە وەک (پۆستەر و نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە لیفلیت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن) بەسەر خەلکی گوندەکان لەناوچەمەترسیدارەکان.
5. لەبواری ڕاهێنان و کردنەوەی خول لەماوەی دیاریکراودا، دەزگاکەمان خولی مین لابەری و خولەکانی تری کاروباری مین لە ئاستی ناوخو بە بەردەوامی دەکاتەوە و لەئاست نێودەولەتی لەو ماوەیەدا (4) کارمەندی دەزگا لە وولاتانی ئەمریکا و کەمبودیا بەشداریان لە خولەکانی کاروباری مین کردووە.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

لە ئاستی خزمەتگوزاری

1. وەرگرتنی (14) سکاڵا و سزادانی (62) لایەن لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری بەهۆی سەرپێچییەوە.
2. ئەنجامدانی پشکنین بۆ (876) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری.
3. بەدواداچوون و کۆنترۆلکردنی (232) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری.
4. ڕەزامەندیدان لەسەر (34) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری بەپێی فۆرمی هەڵسەنگاندنی EIA.
5. پێدانی فۆرمی مۆڵەتی ژینگەیی بە (945) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری و پەروەردە و غەسالەی چەولم و نا خۆراکی بچووك و وەرزشی و خاك و خۆراکی.
6. پێدانی (48) مۆڵەت بە پڕۆژەی ڕاوکردن
7. تۆمارکردنی (6) سەرپێچی یاسایی تایبەت بە داربڕینەوە و ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان
8. ئەنجامدانی ئەم کاروچالاکیانە:
- 25 سیمیناری ژینگەیی
- چاندنی 1231 نەمام
- دابەشکردنی 3000 نایلۆنی زبڵ
- دابەشکردنی ئالیك و خۆراك بۆ گیانداران و باڵندەی کێوی (5 جار).
- 8 هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان.
- دابەشکردنی 1000 پۆستەری هوشیاکردنەوە.
- سەردانی مەیدانی بۆ 35 قوتابخانە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.

جەودەت نەجار: حکوومەتی هەرێم و سەرۆک بارزانی هەمیشە مافە سیاسی و کلتوورییەکانی پێکهاتەکانیان لەبەرچاوگرتووە



عەلی حسین بەڕێرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەڕێرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان، پێشوازی لە جەودەت نەجار راوێژکاری سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پێکهاتەو ئاینەکان کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێرسی پەیوەندییەکانی پارتی وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێزیان، تەئکیدی کردەوە ئەم پێگە تازەیە لەبارەگای بارزانی نیشانەی بایەخ و گرنگیدانە بەپاراستنی ماف و داخوازییەکانی تەواوی پێکهاتەکان لە کوردستان و تەواوی عێراق.

هەرلەو دیدارەدا باس لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لە مێژینەی تەواوی پێکهاتەکان لە پێناو خزمەتکردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کرایەوە، هەروەها باروودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکان و پەیوەندییەکانی ئەمرۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەستیاری قۆناغەکە خرایەروو.

هاوکات جەودەت نەجار ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی کرد کە هەمیشە مافە سیاسی و کلتوورییەکانی پێکهاتەو ئاین و ئاینزاکانی لەبەرچاو گرتووە.

دوو بنکەی تەندروستی لە هەردوو کەمپی بەحرکە و هەرشەم کرانەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بە ئامادەبوونی د. چەتۆ محەمەدئەمین بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر بەوەکالەت و بەڕێوەبەری بەشی ئاوارەکان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هەماهەنگی و هاوکاری دەوڵەتی کوێت دوو بنکەی تەندروستی لە هەردوو کەمپی بەحرکە و هەرشەم کردەوە. لەپاشان موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە لێدوانێکدا ڕوونکردەوە کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی قورسی لەسەرشان بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هاتنی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان کە نزیکەی ملیۆنەک و دووسەد هەزار ئاوارە دەبن، جێگای دەستخۆشییە کە درێخیان نەکرد بۆ پێدانی دەرمانی پێویست بۆ ئاوارەکان لە نێو کەمپەکان هەم لە ڕۆژاوا هەم لە خواروو عێراق.

پاشان بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر سوپاسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێتی کرد بۆ بەردەوامبوونی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هاوشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی بنکەی تەندروستی لەکەمپی ئاوارەکان، شایەنی باسە هەردوو کەمپی بەحرکە و هەرشەم نزیکەی شەش هەزارو چوارسەد ئاوارەی لە خۆی گرتووە.

ژمارەیان کەمدەکرێتەوە

زیاتر لە 90 هەزار ئۆتۆمبێلی تەکسی تۆمار کراوە



لەگەڵ جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی کارکردنی تەکسی، ژمارەی تەکسییەکان کەم دەکرێتەوە، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەش دەڵێ، ژمارەی تەکسی لە هەرێمی کوردستان هەموو ستانداردێکی جیهانیی تێپەڕاندووە و پێویستە کەم بکرێنەوە.

سەلاح جەوهەر، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوە و وەزارەتی کۆتایی هاتووە و تەنیا لەسەر وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامی داوە بۆ ئەوەی فەرمانبەرانەی مەرجی شۆفێری تەکسییان تێدایە، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بە سیستەمی نوێ، کاری تەکسییەکان دەست پێدەکات.

بە گوێرەی ئاماری هاتوچۆ، لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 90هەزار ئۆتۆمبێلی تەکسی تۆمار کراوە و ژمارەی تەکسی بەردەوارد بە ژمارەی دانیشتووان، ستانداردی جیهانیی تێپەڕاندووە.

بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوە دەشڵێت: بەپێی ستانداردی جیهانی، هەر 300بۆ 350کەس ئۆتۆمبێلێکی تەکسیی پێویستە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئاماری بەردەست هەر 50کەس تەکسییەکی بەردەکەوێت، ئەوەش ژمارەیەکی زۆرە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

سەلاح جەوهەر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پلانی حکوومەت لە ڕێکخستنەوەی تەکسییەکان، لەبەر کەمکردنەوەشیانە، لەبەر ئەوەش ژمارەی تەکسییەکان کەم دەکرێتەوە و ئەوانەشی مەرجیان تێدایە بە سیستەمی پێشکەوتوو دەکەونە کار، بۆ نمونە هەر ئۆتۆمبێلێکی تەکسی لەسەر جامی ئۆتۆمبێلەکە ئەدرێسی شوفێرەکەی لەسەر دەبێت وەک ناوی شۆفێر و ژمارەی ئۆتۆمبێل و ژمارەی تەلەفۆن و ژمارەکانی فریاکەوتن، ئەوەش بۆ سەلامەتیی گیانی سەرنشێن و ناسینەوەی تەکسی لە کاتی هەر رووداوێکدا.

حکوومەتی هەرێم ڕەزامەندیی تەواوکردنی 11 بەنداو دەدات

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەکرەم ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی کۆگا بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕوونیکردەوە: بۆ گلدانەوەو کۆکردنەوەی زیاتری سامانی ئاو، حکومەتی هەرێم ڕەزامەندیدا بە تەرخانکردنی 33ملیار و 320ملیۆن دینار بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانی 11بەنداو لە کوردستان و زۆربەی پارەکەش بۆ ئەو بەندانەیە کە بەهۆکاری قەیرانی دارایی کارەکانیان وەستابوو لەسەرەتادا دەست بە کارکردن لەو 11 بەندانە دەکرێت کە بریتین لە بەنداوی مامناوەندو بچوک ئەویش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بەتەواوبوونیان سوودێکی باشیان بۆ بواری کشتوکاڵ و کەرتی گەشتیاری و ماسی دەبێت و لەئێستاشدا وەزارەتی کشتوکال خەریکی وردەکاری و پێککاری پێویستە بۆ دەست پێکردنەوەی کارەکانی ئەو بەنداوانە.

کرێی خوێندن لە قوتابخانە ئەهلییەکان کەم دەکرێتەوە



گولستان نهێلی، ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: هەولەکانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بەردەوامن بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە قوتابخانە ئەهلییەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، چونکە پێشتر بە هۆی هەولەکانمان کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەهلی و حکوومەت ئەوانەی سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزیان و، بەڵێنی هاوکاریشی پێ داوین، کە بڕیارە هاوشێوەی کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزیان بگرێتەوە.

کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزیان و، بەڵێنی هاوکاریشی پێ داوین، کە بڕیارە هاوشێوەی زانکۆ و پەیمانگاکان کرێی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی دیکەش داشکاندنی بۆ بکرێت.

پەیوەست بە ڕێژەی کەمکردنەوەی کرێی خوێندن، گولستان نهێلی جەختی کردەوە: جارێ ئێمە گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کرێ کەم بکرێتەوە، وەلێ ڕێژەکە تا ئێستا دیاری نەکراوە، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەران، قوتابخانە هەیە لە هەرێمی کوردستان کرێی خوێندن تێیدا لە قۆناغی بنەڕەتی، لە زانکۆیەکی ئەهلی زۆر زیاترە، لەبەر ئەوەش نابێت بە هیچ شێوەیەک کرێی خوێندن لە قۆناغێکی خوارەوە زیاتر بێت لە سەرەوە، بۆیە کرێی خوێندن بە شێوەیەک کەم دەکرێتەوە، کە لە بەرژەوەندیی قوتابیاندا بێت.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:

پرۆژەیەکی تێروتەسەلمان بۆ وەبەرهێنەران ئامادەکردووە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ڕوونیکردەوە: بۆ ئەوەی لەمەودوا بەشێوازێکی تازەترو سەردەمیانەتر کاری دەستەی وەبەرهێنان ئەنجام بدرێت، بەهاوکاری وەزارەتی شارەوانی و پلاندانان و شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژووری بازرگانی و پیشەسازی پرۆژە یاسایەکی تێروتەسەل ئامادە بکەین تا بەو هۆیەوە بتوانین یارمەتی و ئاسانکاری زیاتری وەبەرهێنەرانی بیانی و خۆمالی بکەین، لەو حاڵەتەشدا وەبەرهێنەری ڕاستەقینە دەستنیشان دەکرێت تا هەرچی کەموکوڕیەکانی سالانی پێشتر چارەسەربکرێت و دووبارە نەبێتەوە ئەو وەبەرهێنەرانەی کە کەموکوڕیان هەبێت و کەمتەرخەم بن، ئەوا سزا دەدرێن و ئەوانەشی کە سەرکەوتوون پاداشت دەکرێن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئالا محێدین ڕەحیم

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئالانی کوڕی شەهیدی سەرکردە محێدین ڕەحیم- مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی مالباتە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەکتان ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

انالله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

* * *

بەڕێزان، لە خانەوادە خوالێخۆشبوو عەلی شورکە

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان عەلی حەسەن مەلا محەمەد ناسراو بە عەلی شورکە- مان پێگەیشت. هاوخەمی خۆمان بە خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەنین و سەرخۆشی ئاراستەی ئێو و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی ببەخشێت بە هەموو لایەک و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات. **انالله و انا الیه راجعون**

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆمان و بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینمان ئاراستەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک مەسرور بارزانی دەکەین کە لە ڕێگەی نوێنەرەکانی بەڕێزیانەوە بەشداری پرسەکەتان کردین. هەروەها لەگەڵ ڕێزمان بۆ هاوخەمی کاک سیداد بارزانی بە بەشداری بەڕێزیان لە پرسەکەمان. زۆر سوپاسی کاک حاکم قادر حەمەجان کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین بۆ بەشداری جەنابیان لە برسەکەماندا. سوپاسی سەرجەم بەرپرسانی حکومی و حزبی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە ئاینی و کۆمەڵایەتی و عەشایەرەکانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین بە تایبەتی خزمان و کوردانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شارەکانی بانەو سەقز و سنەی، چ لە کاتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی دایکی خۆشەویستمان خوالێخۆشبوو حاجی ماپارە خان و بەشداری چەند ڕۆژەتان لە پرسەی خوالێخۆشبودا.

هەروەها سوپاس و پێزانینمان بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەش هەیە کە بە ڕێگەی تەلەفۆن و نامە و تۆرەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاوخەمی خۆیان نیشاندا و سەبورەی ودڵنەوایان پێبەخشین، سوپاسی هاوخەمی و دڵسۆزی و وەفاداری هەموو لایەکتان دەکەین.

لە جیاتی بنەماڵەکەمان

سوارە حەمەئەمین ئاغا و سالار حەمەئەمین ئاغا

وون بوون

ژمارەی مەنەفێست ٢٦٥٨٣ بەناوی شرکة ڤارا جۆری ئۆتۆمبێل شفل ڤالڤو تایر حجم وسط مۆدێل ٢٠٠٥ ڕەنگ زەرد ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٤١٠٧ کاتی ژمارەی شاصی: L١٢٠EV١٨٦٧٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیای علی محمود علی جۆری ئۆتۆمبێل: شوفرلێت مالیبۆ ٤ بستۆن ئۆتۆماتیك ئۆتۆمبێل صالون ڕەنگ شین مۆدێل: ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٩٩٥٧ کاتی سلێمانی ژمارەی لاشەر (شاصی) ١G١ZE٥ST٠HF٢٥٦٩٥٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٣٠٦٩٣ بەڕواری ٢٠١٥/٩/١٥ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی جوهر واحد حمدلاو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

رقم:١٨٤٩٧

تاريخ: ٢٠١٩/١٢/٢

اعلان

قدم المواطن (رۆژگار عثمان حمد) دعوى فى هذه مديريه لتبديل الاسم ابنة من (رێنا) الى (رۆزە) فمن لديه اعراض مراجعه هذه مديريه خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى الدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء الحقوقى/ نشات ابراهيم شلال

مدير الاحوال المدنية و الجوازات

و الاقامة/ وكالة

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە/٢٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عبدالباسط محمد خطاب

ئاگادارکردنەوە سزا

ئەم دادگایە بریاری لەسەرت دەرکردووە بەژمارە ٢٣/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١١/٢٧ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی حوکمی مادە (٢٤٠/ یاسای سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە لە رێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا کە (٣ مانگە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەر/ معتصم امين ليلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە/٢٤/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد زياد خلف شبيب

ئاگادارکردنەوە سزا

ئەم دادگایە بریاری لەسەرت دەرکردووە بەژمارە ٢٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١١/٢٧ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی حوکمی مادە (٢٤٠/ یاسای سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە لە رێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا کە (٣ مانگە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەر/ معتصم امين ليلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە/٣٥/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

بۆ تاوانباری هەڵاتوو/ سعدی علی ابراهیم

ئاگادارکردنەوە سزا

ئەم دادگایە بریاری لەسەرت دەرکردووە بەژمارە ٣٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١١/٢٧ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی حوکمی مادە (٢٤٠/ یاسای سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە لە رێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا کە (٣ مانگە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەر/ معتصم امين ليلانی

***

دادگای کەتن لە کۆیە

ژمارە: ٣٥٩/ج غم/ ٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ حسن سيده سعيد

دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بە بریاری ژمارە (٢٠١٩/ه/٤٧) لە ٢٠١٩/٩/٢٩ هەواڵەی ئەم دادگایەکراوە بۆ دادگایی کردنت بەناهاتووی بەگۆێرەی ماددە (٤٥٦) لەیاسای سزادانی عیراقی بە ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ لەسەر سکالای (عزیز مصطفی خضر) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت ئەم دادگایە بریاریدا تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکاتەوە لە ریگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامە ناوخۆییە (ڕۆژانە کە لەڕێکەوتی (١٥/١/٢٠٢٠) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکرێن وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکەبوو بەپشووی فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.

دادەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە:٣٧/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢/١٢/٢٠١٩

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ڤینگاتا

سوامی بانیە راجیم

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لەیاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەروارى ٢٠٢٠/١/١٤ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی بەشی (٢٣) لەیاسای هاتووچۆ بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادەر / معتصم امين ليلانی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارەی داوا: ٢٢٣٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: احمد سهم احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارەی داوا: ٢٢٣٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: احمد سهم احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارەی داوا: ٢٢٣٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: احمد سهم احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٩٤٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هێمن سعيد ملا

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦/سزادانی عیراقی) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ١٨٥٨/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٨

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:

سیروان محمد علی قادر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٨٣٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٧

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: سمير

حسين جمعه شيخ موسی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢/ سزادانی عیراقی) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٦٨٩/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٦

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هومام ياسر طارق

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣/ ی سزادان) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٨٣٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٧

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: سمير

حسين جمعه شيخ موسی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢/ سزادانی عیراقی) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا: ١١٢٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ڤانیار جزا کريم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا: ١١٢٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ڤانیار جزا کريم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / شيرين علی حەمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا: ٣٦٧/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: عدنان عبدالكريم مجيد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / شيرين علی حەمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارە: ٢٣١٠/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/١١/١٤

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ناصر صالح عوسی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ٢٣١٠/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / شيرين علی حەمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارە: ٢٣١٠/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/١١/١٤

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ناصر صالح عوسی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٠١٩/٣٨/ت بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عیراقی حوکم درا بەسەرتا بە لەسێدارەدان (اعدام)

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگۆێرەی یاسا.

دادەر/زياد بشير محمد علی

***

بەڕێوەبەرایەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر

تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دەشتی هەولێر

جاردان داواکاری سەرلەنوێ

تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٥ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ کردنی تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١/٤٦٤٦) کەرتی (٨٦ بنصلاوە) بەناوی: میراتگرانی/ ابراهیم حمد سلیمان کە لەڕێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

تێبینەر/ محمد سلێمان محمد

***

دادگای بەرایی خەبات

ژمارە: ٢٨/ب/٢٠١٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤

جاردان بەبریار

ئاماژە بەداوای ژمارە ٢٨/ب/٢٠١٥ تایبەتە بەداواکار یحی فارس یونس وە داوالێکراو (صدرالدين عمر حمدامين و علی رفيق مصطفی ئەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/١٢/٤ بریاریدا بەپاشملە بۆ پوچەل کردنی دۆسیەی مولکی ژمارە (١/٦٣٤٤) کەرتی ٦٤) تۆبزاوە کە بەمامەلەی (مجدد) و سەرجەم گرێبەستەکان لەسەر بنەمای ئەم دۆسیەیە ئەنجام دراوە و مانەوەی دۆسیەی ڕەسەنی مولکەکە لە تێبینەرایەتی خانووبەرەی خەباتە و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە دادگایە بریاری بەپێ ڕاگەیاندنتان بە ڕێگای دوو ڕۆژنامە لەکاتی لێ نەدانتان لە بریارەکە لە ماوەی یاسایی پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەرەری یەکەم/ سمكۆ ڕۆستم سمين

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی

دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی

گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٦٦/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٤

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢٠) دوکان مولکی شارەوانی ئاشتی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ئاشتی بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر (١١:٣٠) یانزەو و نیوی بەیانی لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ (٢٠) دوکانی دروستکراو لەسنوری شارەوانی ئاشتی ڕووبەری بەم٢/ ٢٠م٢ بۆ هەردوکانێك کرێی سالانەی خەملێنەراو/ ١٠٣٠٠٠ سەدو سێ هەزار دینار بۆ هەردوکانێك ماوەی بەکرێدان/ ٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدين نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

سەرۆکایەتی لیژنەی بریاری ٢٢٢

ساڵی ١٩٧٧

ژمارە: ٣٩٦

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٢ و ١٩٧) کەرتی ٧/عەلاوە دەکەینەوە کەوا لیژنەکەمان هەڵسا بە خەملاندنی پارچە زەویەکانی ئاماژەپێکراو کە بۆ هەر (١) دۆنم زەوی بری (٩,٠٠٠,٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار خەملێنرا جا لەکاتی نارەزایی لە نرخەکە لەماوەی (١٥) ڕۆژ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە دادگا تایبەت مەند بکات بەپێچەوانەوە نرخەکە جێگیر دەبێت لەگەڵ ڕیزماندا..

د.عبدالرحيم عمر مصطفی

سەرۆکی لیژنە

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە٢٠١٥/١٥٤٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٥

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٥/٤٨٧٧ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار محمد اسعد طه کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای الشروع بەبڕی/ ٨١,٧٧٤,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامين همزه

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٥/٤٨٧٧ کەرتی ٩٣ حصارۆك

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولك

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت خانووی یەکەم قەرزار/ دەستور سلێمانی خانووی دووەم یەك نهۆم و یەك ژوور حمام و مرافق مطبخ.

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی (سیروان عزيز علی) داوای مانەوەی کرد

٨ – نرخی قرساو/ ٦٧,٢٠٠,٠٠٠ شەشت و حەوت ملیون و دوو سەد هەزار دینار.

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارە: ٤٥٧٦

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١

جاردان

بۆ (تلار عبدالله طه) دایکی ناکامەکان

(ئامێز فهمی عزیز و ئاوێز فهمی

عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (لعلی سعید صالح) کە دەکاتە داپیری ناکامەکان داوای پسپیری بەردەوام دەکات لەسەر ناکامەکان هەر یەك لە (ئامێز فهمی عزیز لە دایکبووی ٢٠٠٧/٤/٩) و (ئاوێز فهمی عزیز لە دایکبووی ٢٠٠٨/١٠/١٩) کە لەگەڵی دەژین و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەرەکی مهاباد) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەندرێت لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی ڕۆژانە ئێوەش مافی ڕای دەربرینت هەیە لەماوەی ٧ ڕۆژ.

القاضی/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٢٦٣ / ب / ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١

جارِدان

بۆ داوالێکراوان/ مريوان رجب محمد

صالح شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (سمير جعفر عزيز) داوای ژمارە ٢٦٣ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (بری ١١٨٨٠٠٠٠ یانزدە ملیون و هەشت سەد و هەشتا هەزار دینار) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی بنکەی پۆلیسی ئیستان لە عەنکاوە لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا بۆیە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٢٩ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە/٤٤٠٨/ش/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد مقداد علی)

شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ داليا وحيد شكر داوای ژمارە (٤٤٠٨/ش/٢٠١٩/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق للضرر دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە. بەپێی اشعاری مختاری هەولێر – گەرەکی نازناز بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٢٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادەر/ پەژار عبدالله نصيف

***

دادگای باری کەسێتی / ٢

ژمارە : ٤٤٧٩/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ١٢ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگانامە

داواکار : گوڵاڵە قادر فرج

داوالەسەرکراو : جهال رشيد احمد

داواکار (گوڵاڵە قادر فرج) داوایەکی بە ژمارە (٤٤٧٩/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا داوای (جیابونەوەی دادەری بە هۆکاری ناکۆکی) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونتە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١/٢٦) سەعات (٩:١٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (ئامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادەر / قادر بارام فتاح

***

دادگای باری کەسێتی کەلار

ژمارە : ١٠٢٤/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ٢٠/ ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ داوالەسەرکراو : (مها عبدالواحد محمود)

داواکار : (محمد محمود محی الدين) داوای ژمارە سەرەوە لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە تیایدا داوای پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی کردووە (تصديق طلاق خارجی) وە بریار دەرچووە بە پاشەملە دەرهەق بە تۆ بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١٦) لەبەرواری (٢٠١٩/١١/٢٠) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی گەرەکی کەلار بنگرد بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری دادگا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ بەمەبەستی ئاگاداربونت بۆ ئەو بریارە پاشملەییە بۆیە مافی تانەگرتن اعتراض وە پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایيدا بە پێ چەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت .

دادەر / سيروان محمود الزهاوی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٣٤٤٨/ش/٢٠١٩/٢
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
جارِدان
بۆ /داوالێکراو (عمر طالب عبدالقادر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لەداوای ژمارە (٣٤٤٨/ش/٢٠١٩/٢) وە لەرێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٥) بڕیاریدا لەسەر (تفریق للهجر) لەنێوان تۆو داواکار(برکە ایاد عمر)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/کسنزان کۆمەڵگای ئەتلەنتیک)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە وتۆم افی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆ ژلە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسین کریم
** *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٠١٥/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو(حازم حسام الدین نجم الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بەداوای ژمارە (٢٠١٥/ش/٢٠١٩/٣) تایبەت بە داواکار (هودا خلیل سلیم) و داوالێکراو (حازم حسام الدین نجم الدین) دادگا لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢٥ بڕیاریدا بە (پابەندکردنی تۆ بە پێدانی بژێوی رابردوو و بەردەوام بە داواکار). لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/گوندی قەتەوی) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و تۆم افی نارەزایی پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆ ژلە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەک پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر/صباح قادر کاملا
* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٣٢٦
رێکەوت: ٥ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٢٦)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (دەرهێنانی فیدەرێکی (٣٣kv) سیرکیت بە کێبڵی (٤٠٠*١ ملم٢) لە وێستگەی هەولێری نوێ بۆ وێستگەی هانا سیتی لەشاری هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ٢٣ / ١٢ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە کارەبا لە پلەی (٥) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت..
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نیاز پاکی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەلێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (١٧٥,٠٠٠) سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

ئاگاداری
گۆڤارێک دەردەچێت بەناوی (نۆفیلا Novella) کە خاوەن ئیمتیازەکەی (د. محمد سردار سرداری) سەرنووسەرەکەی (حسام الدین یاسین) بارەگای سەرەکی لە شاری (هەولێر) بەشێوەی وەرزی دەردەچێت بەزمانی کوردی و عربی و انگلیزی هەرکەسێک تێبینی هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆ ژلە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارانە مۆبایلە بکات ٠٧٥٠٤٥٢٩٨٨٩
* * *

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٩٤٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
ئاگاداری
هۆشدار/ پارێزەر (ازاد جوهر عولا) بریکاری گشتی (نایف عبدالکریم محمد شریف)
هۆشدارکراو/ (رواد وسیم شعبان)
بەرێزتان هۆشداریتان ناراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (ازاد جوهر عولا) بریکاری گشتی (نایف عبدالکریم محمد شریف) بە هۆشداری ژمارە گشتی (٥٣١٨٠) تۆمار (٢١٦) لە (٢٠١٩/١٢/٢) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (سەربەستی) لە ٢٠١٩/١٢/٥ تۆ کرێچی بریکاردارمی لە باڵەخانەی ژمارە (٣٢/٨٣٠٧) کەرتی ٤٤ وارش بەپێی گرێبەستی واژوکراو لە نیوانتان لە بەرواری ٢٠١٦/٣/١) بەکرێی مانگانەی (١٠٠٠٠) دە هەزار دولاری امریکی وە لەبەر ئەوەی کرێی مانکەکانی (تموز و اب و ایلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٩)ت نەداوە بە بریکاردارم کە کۆی گشتی دەکاتە بری (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلاری امریکی بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە کە هەلسیت بە دانی ئەم کرێیانە بەبریکاردارم لەماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنت بەم هۆشدارییە بەپێچەوانەوە ناچارم ریکاری یاسایی بگرم روو لە دادگای تایبەتمەند بکەم و داوای هەلوەشانەوەی گرێبەست و چولکردن بکەین (وقد اعذر من انذار)
چراخان محمد مصطفی/ دانووسی دووەم
* * *

دادگای کەتنی لە حاجیاوا
ژمارە: ٦١/ك/ ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگاداری
بۆ تەمەتباری راکردوو/ کمال اکرم جعفر
بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٧ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی لە داوای کەتنی ژمارە ٦١/ك/ ٢٠١٩ی دادگاکەمان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە و جێگەی دیارکراویت نییە بریارماندا لە دوو رۆژنامەی ناخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/١/١٣ سەعات ٩ی سەرلەبەیانی لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبێت یان خۆت بگەیەنیتە نزیک ترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ناماەدنەبوو (غیابی) دادگایی دەکرێت.
دادەر/ بەختەوەر صابر سعید
* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٥٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٨
پسولەی ئاگادارکردنەوە
ناوی سکالاکار/ سەنگەر طاهر رەحمان
ناونیشان: هەولێر/ بەختیاری
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٥٠/ك/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان تۆمەتباری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری کراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای کەتنی دوکان لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ لەکاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی لەسەر کێشەی ژمارە (٥٠/ك/٢٠١٩) بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادەر/ ابوبکر مولود عبدالله
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٢٩٢٩/ك.ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: جبار احمد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب. نەهێشتنی تاوان (بنکەی کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٢٤٥٢/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێباز
سردار حمه صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤٥٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٥٤/ك . ب/٢٠١٥
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد طه رسول ناوی دایکی/ عائیشه قادر حمه
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٧) لەیاسای کەتنی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تووندوتیژی لەو کێشەیە کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (تووندوتیژی خێزانی/ رۆژهەلات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / کامل توفیق سعید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٨١٠/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سیروان عثمان عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حەمەسور
* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٧٠/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: فائق رفیق حسن و سلام رفیق حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادەر / قادر سعید محمود
* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٨٦/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دیار سەروەر حکمت
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / قادر سعید محمود
* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٢٩٥/ت/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: یاسین عزیز علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی (بکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / قادر سعید محمود
* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٠٤/ت/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: اسماعیل محمد موسی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٧/٣) لەیاسای تیرۆر لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی (ئاسایشی راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / قادر سعید محمود
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٣٠٥١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نور الله نورالدین (هەڵەتو)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٢٦٨٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: احمد انور کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و تۆم افی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە رۆ ژلە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانە، بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٣٢٣١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شاد صالح رحیم/ بدر ولید مجید (هەڵەتو)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢/ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ١٨٢٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شیروان علی محمد امین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣/) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٩٤٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٢/١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میزان علی وهاب علی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤/لەیاسای نشینگە) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٠٧٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شڤان سالار احمد (هەڵەتو)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢ ژمارە ٦ لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٢١٦٨/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: احمد انور کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٣٢٣١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شاد صالح رحیم/ بدر ولید مجید (هەڵەتو)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢/ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٢٦٨٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: احمد انور کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ٣٢٣١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شاد صالح رحیم/ بدر ولید مجید (هەڵەتو)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢/ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٥/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (دەرەویان) بۆ ئاوەدان کردنەوەو وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (شامپو سدر صحت) بۆ (بیع و شراء وإنجاز کافة المعاملات التجاریة المرخصة وإنتاج وتوزیع و بیع شامبو السدر صحت/ المحدودة -إیراني) بڕیاری گۆڕینی (ناوی) کۆمپانیای داوە لە لقی کۆمپانیای (شامبو سدر صحت) بۆ لقی کۆمپانیای (صحت الصناعیة والتجاریة)، بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لەشاری (هەولێر-جوت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەر مارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

البرکة – alBaraka
ژمارە: ٢٣٣/٦٥
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٤
ئاگاداری
ب فرۆشتنی مولك
ئیمە وەك بانکی البرکة الترکی هاوڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە کەوا مولکی ژمارە (٤٧/١٧١٧ کەرتی ٤٤ وارش) ڕەگەزی خانوو روبەری (٢٠٠م٢) وە پشکی مولکی ژمارە (٧٥/٩٤ کەرتی وارش) ڕەگەزی خانوو روبەری (١٠٠م٢) دەفرۆشێت کە مافی ڕەفتارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ بانکەکەمان هەرکەسێك ئارەزوومەندە بۆ کرینیان دەتوانێت سەردانی بانکەکەمان بکات کە ناونیشانی لەسەر ٦٠م نزیك ترافیك لایتی ئیسکان بەرامبەر چێشتخانەی و کەبابی فاروق یاخود پەیوندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی/ ٠٧٥٠٣٧٠٩٨٩٢ – ٠٧٥٠٣٧٠٩٨٩٣.
بانکي البرکة/ لقی هەولێر
بەڕێوەبەر/ یلماز اوغور ای

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢١٦٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دەرەویان) بۆ ئاوەدان کردنەوەو وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دەرەویان) بۆ ئاوەدان کردنەوەو وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (عمار عبدالرزاق سعید) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/12/8 ژمارە (5887) | خەبات

د. دلاوەر ئاژگەیی: نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا داوای هاوکاری و یارمەتیدانی ئاوارەکانی سووریا لە هەرێم دەکات



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا، د. دلاوەر ئاژگەیی بەشداری لە کۆبوونەوەی سندوقی هاریکاری مەداد بۆ پرسی پەنابەرانی سووری لە کۆمسیۆنی ئەورووپا کرد بە ئامادەبوونی نوێنەری ولاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و بالیۆزی ولاتانی دراوسێی سووریا

د. دلاوەر ئاژگەیی وتارێکی پێشکەش کرد و تیشکی خستەسەر پرسی پەنابەرانی سووری لە هەرێمی کوردستان. ئاماژەی بەوەکرد کەوا لە ئێستادا 95%ی پەنابەرانی سووری لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر هەرێمی کوردستان زیاتر لە 350000 پەنابەری سووری لە خۆگرتبوو. وە لە دوای هاتنی شەپۆلی نوێی پەنابەران لە سووریا تاکو ئێستا زیاتر لە18000 کەسیان ڕووبان لە هەرێمی کوردستان کردووە. لە درێژەی وتارەکەیدا، د. دلاوەر ئاژگەیی داوای لە ولاتانی ئەورووپا کرد کە بەدەنگ هاوکاری و یارمەتیدانی ئەو ئاوارەو پەنابەرانەوە بێن کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن کە ژمارەیان بە گشتی دەگاتە 1 ملیۆن و نیو ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری سووری.

هاوکات باسی لە هەوڵ و پلان و ئامادەکاریەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەدەنگەوەهاتنی هەزارەها ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها پلانی ئامادەکراوی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەر سەرجەم ولاتانی ئەندامی بەشدار لە کۆبوونەوەکە و کۆمسیۆنی ئەورووپا دابەش کرد کە بووە جێگەی سەرەنج و تێڕوانینی بەشداربووان.

ئەم کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی ئامادەکاری یەکێتی ئەورووپا دێت بۆ ساڵی داهاتوو2020 وە بڕیارە لە پلانەکە گرنگی بە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت و هاوکاری ئەو ئاوارەو پەنابەرانە بکرێت کە هەرێمی کوردستان لەخۆی گرتوون.

شایەنی باسە سندووقی هاریکاری مەداد بریتییە لە کۆکردنەوەی هاریکاری ولاتانی یەکێتی ئەورووپا و کۆمسیۆنی ئەورووپا کە تایبەتە بە قەیرانەکانی سووریا و بە مەبەستی بەدەنگەوەهاتنی ئەو ولاتانەیە کە ئاوارەی سوریان لە خۆگرتووە. مەداد لە ساڵی 2015دا پێکهێنراو لەو ماوەیەدا نزیکەی 1 ملیار و نیو یۆرۆ هاریکاری کۆکردۆتەوە. مەداد لە ساڵانی ڕابردوودا چەند پرۆژەیەکی لە عێراقدا ئەنجامداوە کە زۆربەیان لە هەرێمی کوردستان بوون و بڕیارە پرۆژەی زیاتریش لە ئایندە ئەنجام بدات.



قاهیرە.. بەرپرسی مەکتەبی پارتی لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی کورد کۆدەبێتەوە

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی قوتابیانی کورد لە قاهیرە، مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەیی کۆمەڵێک لە قوتابیانی کورستان و عێراق کە لە زانکۆکانی قاهیرە درێژە بەخوێندن دەدەن و بە ئامادەبوونی کونسوڵی عێراق ئێوارەخوانێکی سازکرد.

سەرەتا شێرکۆ حەبیب بەرپرسی مەکتەبی پارتی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئامادەبوونیان و ئاماژەی بەوە کرد کەوا ئەو جۆرە دیدارانە گرنگن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی قوتابیان بین، و لە گرفتەکانیان ئاگادارببین، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ بالیۆزخانەی عێراقی فیدراڵ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەگەر گرفتێک هەبێت، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە قوتابیان بایەخ بە خوێندنیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بڕوانامەی بەرز بەدەستبێنن و خزمەتی ولاتەکەیان بکەن.

دواتر بەڕێز عۆف عەبدولڕەحمان کونسوڵی عێراق کە بەنوێنەرایەتی بالیۆزی عێراق ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، گوێبیستی بۆچوونی قوتابیان بوو و بەڵێنی دا گرفتەکان چارەسەر بکات، و هەریەک لە هۆگر دۆسکی و رائد یوسف جێگرانی کونسوڵ ئامادەبوون.

ئەڵمانیا.. بالیۆزخانەی ئەمەریکا سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان بانگهێشتی نوێنەرانی ڕەوەندی کوردی دەکات



ئەڵمانیا- ساسان دەروێش

لە چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و قوربانی و شەهیدێکی زۆری خەڵکی سڤیل لە منداڵ و ژن و پەکەوتە کە ناڕەزایەتییەکی زۆری شەقامی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا، لەگەڵ نیگەرانی لە دژی ئەمەریکای هاوپەیمان و دۆست بۆ ئەم پرسە و بەهەند وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی کورد بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا لە شاری دێساو بۆ هەمان بە مەبەست و باسکردن لە ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست و بانگهێشتیی چەند نوێنەرێکی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کەسایەتی سیاسیی سەربەخۆ و ڕێکخراوی ئافرەتان و نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەڵمانیا کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی گۆڕانکاریەکانی ڕۆژئاوا و گەلەیی و نیگەرانییەکانی شەقامی کوردستان و کوردانی تاراوگە بە تایبەتی لە کشانەوەی هێز و سەربازیی ئەمەریکا لە خاکی ڕۆژئاوا و جێهێشتنی خەڵکانی سڤیل بۆ قەدەری هێرشی سوپای تورکیا و ئامادەکاریەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەدەنگەوەهاتنی هەزارەها ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها پلانی ئامادەکراوی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەر سەرجەم ولاتانی ئەندامی بەشدار لە کۆبوونەوەکە و کۆمسیۆنی ئەورووپا دابەش کرد کە بووە جێگەی سەرەنج و تێڕوانینی بەشداربووان.

ئەم کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی ئامادەکاری یەکێتی ئەورووپا دێت بۆ ساڵی داهاتوو2020 وە بڕیارە لە پلانەکە گرنگی بە داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت و هاوکاری ئەو ئاوارەو پەنابەرانە بکرێت کە هەرێمی کوردستان لەخۆی گرتوون.

شایەنی باسە سندووقی هاریکاری مەداد بریتییە لە کۆکردنەوەی هاریکاری ولاتانی یەکێتی ئەورووپا و کۆمسیۆنی ئەورووپا کە تایبەتە بە قەیرانەکانی سووریا و بە مەبەستی بەدەنگەوەهاتنی ئەو ولاتانەیە کە ئاوارەی سوریان لە خۆگرتووە. مەداد لە ساڵی 2015دا پێکهێنراو لەو ماوەیەدا نزیکەی 1 ملیار و نیو یۆرۆ هاریکاری کۆکردۆتەوە. مەداد لە ساڵانی ڕابردوودا چەند پرۆژەیەکی لە عێراقدا ئەنجامداوە کە زۆربەیان لە هەرێمی کوردستان بوون و بڕیارە پرۆژەی زیاتریش لە ئایندە ئەنجام بدات.

گۆڕینی دیموگرافی خاکی زێدی باب و باپیرانی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوا کە خۆی لە خۆیدا جینۆسایدێکی تره بەرانبەر بە گەلی کوردستان سەرئەنجامیش ئەو هەموو قوربانیەی لێکەوتەوە و لە بەرانبەریشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگ بوون، لەنێو ئاماژەبووانیشدا شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی دڵشاد بارزانی کە پێکهاتبوون لە فەوزی ئەسعەد و بەهجەت مەسیفی و خالید نیال و یوسف عوسمان و عادل زێباری و هەروەها سروە عارف بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا تێیدا بەشداربوون لە تەلاری بالیۆزخانە لەلایەن دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا لەو کۆبوونەوەیەشدا لەلایەن نوێنەرانی کورد زۆر چڕوپڕی باس لە ڕووداوەکان کرا بەپێی ئاماژە فەرمییەکانی میدیاکان لە قوربانی و شەهید و ئاوارەکان لە کاردانەوەی کێشانەوەی سەربازی ئەمەریکا لە خاکی ڕۆژئاوا و نیگەرانی خەڵکی کوردستان لە ئەمەریکا و هاوپەیمان و دۆستی، بەم شێوەیەش کۆبوونەوەکە دریژەی هەبوو لە گۆڕینەوەی بیروڕا جیاوازەکانی ئامادەبووان و گوێگرتنی دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا و تێبینی و پێشنیارەکانیشان بەهەند وەرگرتن.

بەهجەت مەسیفی بۆ خەبات گوتی: وەک شاندی پارتی گفتوگۆیەکی زۆرمان لەمەڕ هەموو ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو کرد و دەربارەی مەرجەعی گەلی کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان و عێراق بەتایبەتی و ڕۆڵی پێشمەرگە لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی جیهانی کە هەموو جیهان قەرزاری ئەوانە بە هەزاران گەنجی کورد لە هێزی پێشمەرگە تیایدا خوێنی خۆیان بەخشین و شەهیدبوون, هیوادارین حکوومەتی ئەمەریکا خوێنی پێشمەرگە بەرامبەر نەکات بە هاوکاریی مادەی یان سەربازی، هیچ شتێک لە خوێنی پێشمەرگە گرنگتر نییە وەک جەنابی سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە، وەک شاندی پارتی، ئاڵای کوردستانمان وەک بیرهێنانەوەیەک پێشکەش بە بالیۆزخانەی ئەمەریکا کرد بۆ دڵسۆزیی گەلی کوردستان بەرانبەر بەپەیوەندی دۆستایەتیی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ئەمەریکا.

سەروە عارف بەرپرسی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیش بۆ خەبات گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا ئادەبوان بەتێروتەسەلی نوێترین هەواڵی ڕۆژانەی ژیانی خزم و کەسوکاریان لە ڕۆژئاوا و هەموو شارەکانی تری کوردستانیان خستەڕوو کە لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین، بەهۆی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا، هەروەها سوپای تورکیا خەڵکی سڤیل و مندااڵن شەهید دەکات و ئاواره و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکانیش خرانەڕوو، ئێمەش وەک نوێنەری ئافرەتان جەختمان کردەوە لەسەر پەیوەندی دۆستانەی گەلی ئەمەریکا و کورد هەر لە کۆنەوە و هیوای پەرەسەندنمان خواست بەتایبەت لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەوەندی کوردی لە ئەمەریکادا دەژین و هاوکارن لە پێشکەوتن و خزمەتکردنی ئە وڵاتە، هەروەها داوامان کرد ئەمەریکا پشتیوانی لە کورد بکات و بەچاوی شەریک و دۆست سەیری بکات بە تایبەت ئەوە لەبیر نەکات کە کورد بەخوێنی خۆیان گەلانی ئەورووپا و ئەمەریکا و جیهانیان لە مەترسی پەرەسەندنی تیرۆر پاراست.

لە واشنتۆن گەنجێکی هەرێمی کوردستان بەفەرمی نوێنەرایەتی لاوانی سیاسی جیهان دەکات



فەلاح حەسەن نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو لاوە کوردەیە کە جێگری سەرۆکی هەردوو ڕێکخراوی سیاسی لاوانی دیموکراتی جیهان و ئەورووپایە، لەکۆبونەوەی سالانەی سەرکردایەتی یەکێتی پارتە دیموکراتەکانی جیهاندا بەفەرمی وتاری لاوانی سیاسی جیهانی پێشکەشدەکات.

فەلاح حەسەن بە میدیایی IDUی سەر بە پارتە دیموکراتەکانی جیهانی ڕاگەیاند کە خۆشحاڵە وەکو گەنجێکی کورد متمانەی لاوانی سیاسی جیهانی بەدەستهێناوەو نوێنەرایەتیان دەکات و گوتاری ڕێکخراوەکەی پێشکەش دەکات لەبەردەم سەرۆکی حکومەتی پێشووی کەنەدا (سێر ستیڤن هارپەر) کە ئێستا سەرۆکی پارتە دیموکراتەکانی جیهانە و بە ئامادەبوونی زیاتر لە 70 سەرۆک و نوێنەرانی تری پارتە دیموکراتەکانی ولاتان .

لەبەشێکی گوتارەکەی و دیدارە تایبەتیەکانیدا ئەم لاوە کورەد هەوڵدەدات پەیامی دۆستایەتی و ئاشتیخوازی گەلی هەرێمی کوردستان بەئامادەبووان بگەیەنێت و پشتگیری زیاتر بەدەستبهێنێت بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی.

جگە لە عەرەبکردن، بەشیعەکردنیش لە کەرکووک دەستپێکردووە

عەمید ئیدریس ڕەفعەت: 26 هەزار خێزانی عەرەب هاوردەی کەرکووک کراون



بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک، ئاماری نوێ لەبارەی هاوردەکردنی عەرەبی شۆڤێنی بۆ کەرکووک و دەوروبەری ئاشکرا دەکات و دەڵێ، ئەو عەرەبە هاوردانە کارتی زانیاریان پێ دراوە و جگە لە عەرەبانەدن، بەشیعەکردنیش دەستپێکردووە.

عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: پڕۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکووک دریژەی هەیە و بەردەوامیش عەرەبی شۆڤێنی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاوردەی کەرکووک دەکرێن، بەپێی ئاماری بەردەستی ئێمە، دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، 26 هەزار خێزانی عەرەب هاوردەی کەرکووک کراون. بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک گوتیشی: چوار هەزار لەو خێزانە هاوردانە لە ناوچەکانی باشووری عێراقەوە هاوردەی کەرکووک کراون، جگە لە پڕۆسەی عەرەبانەدن و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، ئێستا پڕۆسەی بەشیعەکردنی کەرکووکیش دەستپێکردووە.

عەمید ئیدریس ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هاوردەکردنی ئەو هەزاران خێزانە عەرەبە لە کاتێکدایە، کە کارتی زانیاریان بۆ دروست دەکرێت لەسەر کەرکووک، کەچی بە گوێرەی دەستووری عێراق، کەرکووک ناوچەیەکی کێشەلەسەرە و تا یەکلاکردنەوەی چارەنووسەکەی نابێت دەستکاری بکرێت، بە تایبەتی هاوردەکردنی خەڵکی دەرەوەی کەرکووک و پێدانی کارتی زانیاری.

بارەگای موقتەدا سەدر بەفڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆردوومانکرا



سالح محەمەد عێراقی نزیک لە سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند کە شوێنی نیشتەجێبوونی موقتەدا سەدر لە شاری نەجەف باشووری عێراق لە لایەن فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە بۆردومانکراوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا، سالح محەمەد عێراقی ئاشکرایکردووە کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان، ناوچەی حەنانەی شوێنی نیشتەجێبوونی موقتەدا سەدر لە شاری نەجەف بۆردومانکردووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە وەڵامی فەرمانەکانی موقتەدا سەدر بۆ پاراستنی خۆپێشاندەران لە بەغدا و نەجەف، ناوچەکە بۆردومانکراوە و باسی لەوەش کردووە کە لێکۆڵینەوە لەوبارەوە دەستی پێکراوە. هاوکات ئەفسەرێک لە پۆلیسی نەجەف ڕایگەیاند کە بۆردومانەکە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە. جێی باسە بۆردوومانکردنی خانووەکەی سەدر لەکاتێکدایە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان باس لە سەردانی سەدر بۆ ئێران دەکەن لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەڵام تاوەکو ئێستا نازانرێت هۆکاری سەردانەکەی سەدر بۆ تاران چییە و بۆچی لەمکاتەدا ئەنجامیداوە. هەروەها سالح محەمەد ئەلعیراقی، کە کەسایەتییەکی نزیکە لە موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر، دەڵێت: دەمەوێ ئەوە بڵێم، دوای ئەوەی شەوی شەمە سەدر فەرمانیدا "کلاو شینەکان" شۆڕشگێڕانی بەغدا و نەجەف بپارێزن، بەرەبەیانی دوێنێ بارەگای حەننانە بەفڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کرایە ئامانج.



مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی زیاتر دەبێت

عێراق.. خۆپیشاندەرێکی زۆر ڕوو لە ناوەڕاستی بەغدا دەکەن

عەشیرەتەکانی کەربەلا دەروازەکانی شارەکەیان دادەخەن و هیچ میوانێک لە شارەکەیان وەرناگرن

بەشیر حەداد: ئەو گروپانەی تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن دەیانەوێ دۆخی عێراق بە ئاقارێکی خراپدا بەرن

هەرچەندە تا ئێستا حکوومەتی عێراقی بەفەرمی ناسنامەی ئەو چەکدارانەی ئاشکرا نەکردووە، کە رۆژی هەینی خۆپیشاندەرانی بەغدایان "کوشت و بڕکرد، بەڵام پەنجەی تۆمەت بۆ حزبوڵای عێراقی دریژ دەکرێت. لەمبارەیەوە دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بێ ئاماژەدان بە ناسنامەی ئەو گروپ و چەکدارانەی کە خۆپیشاندەران دەکوژن، بۆە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە: ئەو گروپانە دەیانەوێ دۆخی عێراق بە ئاقارێکی خراپدا بەرن، داوامان کردووە ناسنامەیان ئاشکرا بکرێت. دکتۆر بەشیر حەداد، هەڵایسانی شەڕی نێوخۆیی لە عێراق بە یەکێک لە ئەگەرەکان ناوبردو گوتیشی: گەر دۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا لە دەست دەردەچێت و شەڕێکی خوێناوی دروست دەبێت.

ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا ڕۆژی هەینی گەیشتە 16 کەس

هەروەها دوێنێ شەمە لەبارەی ژمارەی قوربانیی خۆپیشاندەرانی ڕۆژی هەینییەوە، سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئاکامی تەقەی ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لە بەغدای پایتەختی عێراق کوژراون، لە 11 کەسەوە بەرزبوویەوە بۆ 16 کەس. سەرچاوەکە کە لە فەرمانگەی تەندروستی بەغدا کار دەکات ڕایگەیاندووە: دوای ئەوەی ڕۆژی هەینی، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد لە ڕێگەی دەروازە سنووریيەکەیان داخستووە.

عەشیرەتەکانی کەربەلا هیچ میوانێک لە شارەکەیان وەرناگرن

هەر دوێنێ شەمە عەشیرەتەکانی کەربەلا بڕیاریان دا دەروازەکانی شارەکەیان دابخەن و هیچ میوانێکیش لە شارەکەیان وەرنەگرن. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، داخستنی دەروازەکان لە دوێنێ شەمەوە تا چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێ. هۆکاری داخستنی دەروازەکانی کەربەلا خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی شارەکە، کە بارودۆخی ئەمنی بە تەواوی تێکداوە. کەربەلا بە دووری 105 کیلۆمەتر کەوتووەتە باشووری بەغدای پایتەختی عێراق و بەهۆی بوونی مەزاری ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی، ئیمامی سێیەمی شیعەکان، شارێکی پیرۆزی شیعەکانە.

کوژرانی فۆتۆگەرافەرێکی ڕۆژنامەوان لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا

لە بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەتی عێراق لە ناوەڕاستی شاری بەغدا، فۆتۆگەرافەرێکی ڕۆژنامەوان لە لایەن ژمارەیەک کەسی نەناسراوەوە کوژرا. ئەفسەرێک لە پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند، لە بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەتی عێراق لە گۆڕەپانی خەڵلانی ناوەڕاستی بەغدا، ژمارەیەک کەسی نەناسراوە بە چەقۆ هێرشیان کردووەتە سەر فۆتۆگەرافەری ڕۆژنامەوان، ئەحمەد مەهەنا و کوشتوویانە. بە گوتەی سەرچاوەکە، ئەحمەد مەهەنا لەو کاتەدا بە چەقۆ هێرشی کراوەتە سەر کە چەکدارانی نەناسراو هێرشیانکردووەتە سەر گۆڕەپانی خەڵلانی و تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە. ئەحمەد مەهەنا کە بە کوژراوەیی ڕاپەڕیوە، نزیکەی 460 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزاری دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارکراون.

ئەیاد عەڵلاوی: نابێت بەرپرسانی ئەمنی بەرامبەر ئەو هێرشانە بێدەنگ بن

ئەمنییەکان هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی ئەو کەسانە خستووەتەگەڕ کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانیدا کردووە.

خۆپیشاندەرانی واست دەروازەیەکی سنووریيان لەگەڵ ئێراندا داخست

لەلایەکیەشەوە دوێنێ شەمە ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند، بە هەزاران خۆپیشاندەران لە ناوچەکانی دیکەوە ڕوویان لە گۆڕەپانەکانی تەحریر و خەڵلانی ناوەڕاستی بەغدا کردووە. لای خۆیەوە سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە، ئەیاد عەڵلاوی هۆشداری دا لە بەردەوامی ئەو هێرشانەی کە لە لایەن کەسانی دەرەوەی یاسا دەکرێتە سەر خۆپیشاندەران و ڕایگەیاند کە پێویستە حکوومەتی دەستەلەکارکێشاوە و بەرپرسانی ئەمنی ڕێکاری توند بەرامبەر ئەو کەسانە بگرنەبەر کە هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەرن. ئەیاد عەڵلاوی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەشکردووە نابێت بەرپرسانی ئەمنی بەرامبەر ئەو هێرشانە بێ دەنگ بن کە دەکرێتە سەر خۆپیشاندەران و دەبێت ئەو کەسانە دەستگیر بکرێن و سزاش بدرێن. سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە، ئەیاد عەڵلاوی باسی لەوەشکردووە، هەندێک لایەنی سوودمەند و نەناسراو هەوڵدەدەن لەمیانی ئەو خۆپیشاندانە ئاشتیانەی کە لە عێراق ئەنجام دەدرێن دەستکەوت بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. هەردوێنێ شەمە سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند خۆپیشاندەرانی واست دەروازەیەکی سنووری لە پارێزگاکە لەگەڵ ئێراندا داخست. لەوبارەوە ئەفسەرێک لە فەرماندەیی پۆلیسی واست بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە کە خۆپیشاندەرانی قەزای بەدرە ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، ئەو ڕێگە سەرەکییەیان داخستووە کە شاری کوت بە دەرازەی میهران لەگەڵ ئێراندا دەبەستێتەوە. ئەفسەرەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت ئەوەشی گوتووە: خۆپیشاندەرانی قەزای بەدرە وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە ڕووداوەی تەقەکردنەکەی ڕۆژی هەینی لە خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەڵلانی ناوەڕاستی بەغدا، کردبوو، جگە لەوەش ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بە پەرۆشییەوە خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت لە شاری بەغدا ڕوومااڵ دەکرد.

بااڵوکردنەوەی یەکەکانی سوپا لە گۆڕەپانی خەڵلانی

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا، فەریق ڕوکن قەیس محەمەداوی ڕایگەیاند، فەرمانیان بە یەکەکانی سوپا کردووە کە بە ئامانجی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی خەڵلانی ناوەڕاستی بەغدا بااڵوببنەوە و هاوکات وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی تەقەکردنەکەی ڕۆژی هەینی لە خۆپیشاندەران دەکات. لەوبارەوە قەیس محەمەداوی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی عێراق ئاشکرایکردووە کە فەرمان بە یەکەکانی سوپا کراوە کە لە گۆڕەپانی خەڵلانی بااڵوببنەوە بۆ ئەوەی گیانی خۆپیشاندەران بپارێزن. لای خۆیەوە گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، خالید مەحنا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە پەڕاوێزی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی تەقەکردنەکەی ڕۆژی هەینی لە خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی خەڵلانی ناوەڕاستی بەغدا دەکەنەوە. خالید مەحنا ئاشکراشیکردووە کە هێزە ئەمنییەکان هەوڵەکانیان بە ئامانجی گەڕان و دەستگیرکردنی ئەو کەسانە خستووەتەگەڕ کە ڕۆژی هەینی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە لە گۆڕەپانی خەڵلانی.

جێی باسە بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، نزیکەی 460 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزاری دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

لێکۆڵەرێکی سیاسی: بانکە عێراقییەکان پابەندن بە سزاکانی سەر بەرپرسانی عێراقی



لێکۆڵەرێکی سیاسیی عێراقی ڕایدەگەیەنێت، کە بانکە عێراقییەکان پابەندن بە سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر بەرپرسەکانی حەشدی شەعبی و سیاسەتمەدارانی ولاتەکەی. واسق هاشمی، لێکۆڵەری سیاسیی عێراقی بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند، بانکە عێراقییەکان ڕێککەوتنیان لەگەڵ وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا هەیە.

واسق هاشمی هەروەها ڕایگەیاند، کە سزاکەی ئەمەریکا لە دژی ئەو بەرپرسانە، سامان و دارایيان لە دەرەوە بلۆک دەکات و ڤیزای ئەمەریکاشیان پێ نادرێت. ئەو لێکۆڵەرە عێراقییە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بەهۆی ڕێککەوتنی بانکە عێراقییەکان وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، بانکە عێراقییەکان دەبێ پابەند بن بە سزاکانی ئەمەریکا. جێی باسە ڕۆژی هەینی 2019/12/6 وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا بە تۆمەتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و گەندەڵی و بوونی پەیوەندیی بە ئێران، سزای بەسەر چوار سەرکردەی عێراقدا سەپاند. چوار سەرکردە عێراقییەکەش بریتین لە:

- قەیس خەزعەلی، سەرۆکی میلیشیای عەسایب ئەهلی حەق
- لەیس خەزعەلی، برای قەیس خەزعەلی
- خەمیس خەنجەر، سەرۆکی هاوپەیمانیی ئەلیحوەر
- حوسێن فالح عەزیز لامی، بەڕێوەبەری ئاسایشی حەشدی شەعبی

سەربازانی فەڕەنسا مەشق بە هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەن

سەربازانی فەڕەنسی کە لە ژێر سەرپەرشتی ئەمەریکا بەردەوامی بە مانەوەی خۆیان دەدەن لەو ناوچانەی سووریاو ڕۆژئاوای کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە بەڕێوەدەبرێ و زۆرینەیان کوردن، مەشق و ڕاهێنانی ئاراستەکردنی گوللەتۆپیان بە شەڕڤانانی ئەو هێزە کرد.

بەپێی زانیارییە خۆجێیەکان یەکە تۆپهاوێژەکانی فەڕەنسا کە لە کێڵگەی نەوتی عومەر لە پارێزگای دێرازۆر جێگیرکراون، شەوی هەینی مەشق و ڕاهێنانیان بە شەڕڤانان کردووە لە سەر ئاراستەکردنی گوللەتۆپ. مەشق و ڕاهێنان و ئاراستەکردنی گوللەتۆپەکانیش نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاندووە دەنگی تەقینەوەی زۆریش بەهۆی مەشقەکەوە لەناوچەکە بیستراوە. بەپێی ئەو زانیاری میدیاکان، نزیکەی 200 سەربازی فەڕەنسا لە چوار خاڵی سەربازی لە دێرازۆر، حەسەکە و ڕەققە جێگیرکراون. تەواوی ئەو خاڵە سەربازیانەی سەربازانی فەڕەنسی لێجێگیرکراون، بە هاوبەشی لەگەڵ سەربازانی ئەمەریکا بەکارهێندرێن. جێی باسە سەربازانی فەڕەنسا لە سووریا لە دوو یەکە پێکدێن، ئەوانیش 'هێزە تایبەتەکان' و 'سەربازە ئەرکدارەکانی ناو هێزەکانی هاوپەیمانان'ن.

ئەمەریکا.. بەهۆی وێنەگرتنی ڕووداوی تەقەکردنەکەی فلۆریدا شەش سعوودی دەستگیرکران

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بااڵویکردەوە لە نزیک تەقەکردنەکەی فلۆریدا باشووری ڕۆژهەاڵتی ئەمەریکا شەش سعوودی دەستگیرکراون کە سەرقاڵی وێنەگرتنی ڕووداوەکە بوون. ڕۆژی هەینی ڕووداوێکی تەقەکردن لە بنکەیەکی ئاسمانیی سەربە هێزی دەریاوانیی ئەمەریکا لە ویلایەتی فلۆریدا ڕوویدا و بەهۆیەوە چوار کەس کوژران و یەکێکیان ئەنجامدەری هێرشەکەبوو کە هەڵگری ڕەگەزنامەی سعوودی بوو.

بەرپرسێکی ئاگادار لە لێکۆڵینەوەکانی ڕووداوەکە کە ناوی ئاشکرا نەکردووە بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاندووە، ئەو شەش سعوودیە لەو کاتەدا دەستگیرکراون کە سەرقاڵی وێنەگرتنی ڕووداوی تەقەکردنەکە بوون. سەرچاوەکە زانیاری زیاتری لەوبارەوە نەخستووەتەڕوو.

پێشتر شای سعوودیە، سەلمان بن عەبدولعەزیز لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندبوو کە ئەنجامدەری هێرشەکەی ویلایەتی فلۆریدا بەهیچ شیوەیەک نوێنەرایەتی سعوودیە ناکات. جێی باسە ئەو ڕووداوەی فلۆریدا، دووەم ڕووداوی هاوشێوەیە کە لە میانی ئەم هەفتەیەدا لە بنکە سەربازییەکان لە ئەمەریکا ڕووبدات. ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو، ڕووداوێکی تەقەکردن لە بنکەی سەربازیی پێرل هاربەر لە ویلایەتی هاوای ڕووبدابوو و بەهۆیەوە سێ کەس کوژران کە یەکێکیان ئەنجامدەری هێرشەکە بوو. دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، دەرکەوت کە ئەنجامدەری هێرشەکە سەر بە هێزی دەریاوانیی ئەمەریکا بووە.

ئەو 10 خۆراکەی کە بەرەنگاری ئازار دەبنەوە



د . هەڤین کەمال

د . هەڤین کەمال شاه محمد،پسپۆڕ لە زانستی ئازار و بەنج ،شارەزا لە چارەسەری فەقەرات و نەخۆشی جومگەکان بێ نەشتەرگەری،ئەندامی پرۆڤیشنالی ئەکادیمیایی ئەمریکی بۆ ئازار شکاندن،لەوانی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بابەتێکی لەژێر ناوی(ئەو 10خۆراکەی کە بەرەنگاری ئازار دەبنەوە) بڵاوی کردۆتەوە ،کەبەمجۆرە پۆلینی کردون:

زەنجەبیل : بەکاردێت بۆ ئازاری جومگەکان ، داخورانی جومگەکان ، ئازاری سووڕی مانگانە لە ئافرەت دا.. مادەی ئازار شکێن و دژە هەوکردنی تیایە.

تورمک و بلوبیری و شلک : ئەمانە دژە ئۆکسیدانت و دژە هەوکردنیان تیایە ئازار کەم دەکەنەوە ...

ناوکە کولەکە : مادەی مەگنیسیومیان تیادایە بە شێوەیەکی زۆر ، کە کاریگەریەکی باشیان هەیە لەکەم کردنەوەی سەر ئێشە لەو کەسانەی شقیقەیان لەکەڵدایە .

ماسی سلمون : ڕێژەیەکی زۆر دژەهەوکەرەکان و ئۆمیگا ٣ تیادایە کەئازاری جومگەکان ناهێلێت ، هەروەها جۆری ماسی تریش وەکو تونا ، سردین ماددەی ئۆمیگا ٦ یان بەڕێژەیەکی زۆر تیایە کەیارمەتی کەم کردنەوەی هەوکردن ئەیەن ...

زەردەچەوە : جۆرێکە لە بەهاراتەکان، کە ئازار شکێن و دژە هەوکردنی تیایە ، بینراوە ئەو نەخۆشانەی کە ڕۆماتیزم و داخورانی هەوکردن ...

جومگەیان هەیە کە ماددەی زەردەچەوەیان خواردووە بە شێوەی سەپلەمینتی (کورکمین) ، جولەیان باشتر بووە و ئازاریان کەمتر بۆتەوە ، بە تایبەتی ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ بیبەری ڕەش دا.. ئەتوانرێت هەمووی تێکەڵ بکرێت لەگەڵ زەنجەفیل دا و بەشێوەی چا بخورێتەوە لەگەڵ هەنگویندا.

گێلاس: لەتوێژینەوەیەکدا بینراوە ئەو کەسانەی کە لە پێشبڕکێی ڕاکردن بەشداربووون و لەپێش ٧ ڕۆژدا لە ڕاکردنەکە شەربەتی گێلاسیان خواردووە بە شێوەیەکی زۆر، ئازاری ماسولکەیان کەمتر بووە لەوانەی کە بەکاریان نەهێناوە ، ئەمیش لەبەر ئەوەی ماددەی دژە ئۆکسیدەکانیان تێدایە و هەروەها دژە هەوکردن ...

زەیتی زەیتونی ئەسڵی : ئەمیش وەکو ئازارشکێنەکان کار دەکەن بەتایبەتی لە ئازاری قورگدا ، هەروەها خاسیەتی نەرم کردنەوەشی تیادایە کەجومگەکان نەرم دەکاتەوە جولەیان ئاسان دەکات یارمەتی ئەو کەسانە ئەدات کە توشی داخورانی جومگەکان و ڕۆماتیزم بوون...

بیبەری سووری تیژ: ماددەی کاپسایسینی تیایە کەئەو گەرمیەی ئەیاتێ کە لابیبەری سورا هەستی پێئەکرێت ، زۆر کات لە لەزگەی ئازارا بەکار دێت ، هەروەها مادەی ئیندۆرفین زیا ئەکات لە لەشدا کە ئازار شکێنێکی سروشتیە ..

نەعنای سەوز : زەیتی نەعنا یەکێکە لەئازار شکێنە سروشتیەکانی کە بەکار دێت بۆ کەم کردنەوەی پێچی سک و ئازاری سک ، چای نەعنا کاریگەریەکی زۆر باشی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی تەهەیوجی کۆڵۆنیان هەیە ، یان پێچی سکیان هەیە ، چای نەعنای بەرازیلی یەکێکە لە هەرە ئازار شکێنە باشەکان. شەرابی سوور : تویژینەوەکان دەڵێن کە کاریگەریەکی باشی هەیە لەکەم کردنەوەی ئازاری پشتی ئەوانەی موشکلەی ئاوسان یان ئینزلاقی دیسکەکانیان هەیە ئەویش بە مەرجێک لە یەک پەرداخ زیاتر نابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خواردنەوەی بەڕێژەیەکی زۆر زیانی گەلێک زۆرە بۆ تەندروستی مرۆڤ ؛بۆیە باشترە بەکارنەهێنرێت.



نهێنی هونەر لەجوانی سروشتدایە





ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

سەرەتاو کۆتایی ژیان هەر سروشتە .. سروشت هەموو جوانی یەکانی تێدا دەبینیتەوە .. ئامرازەکانی تری ژیان ئەو سروشتە جوانترو گەشاوە تر دەکات ، بەتایبەتی کاتێک مرۆڤ بیەوێت ماڵەکەی خۆی جوان بکات .. سروشت بۆ خۆی جوانە بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆن بەکاری بهێنن ، هونەریش بەشێکی ژیان و ژیانداری یە ، هەر بۆیە مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە کە هونەر تێکەڵ بکات بە سروشت و ژیان و ژیانداری ، ئەو کاتەی کە سەردانی نێو شارو شارۆچکەکان دەکەیت ، یان کاتێک دەچیتە سەر چیایەکی بەرز ئەگەر دەستکاری و گۆڕانکاری تێدا بکەیت ئەوکات مرۆڤ حەز دەکات هەردەم سەردانی ئەو جێگایانە بکات و خۆش گوزەرانیەکی تێدا ببینێت ، چ بە دار ڕواندن یان گوڵ و گوڵزارو هونەری پەیکەرو دیواربەندی و دەست بردن بۆ بەردەکانی سروشت و ئاوو جوانکاری تێدا بکات ، کەماڵەکەی خۆتت خۆش دەوێت و هەرجارەی تابلۆیەکی بیرەوەری هەڵدەواسیت.. ئاوهاش دەبێت جوانکاری لە سروشتە جوانەکەی وولاتدا بکەیت ، شارەوانی هۆزیەکە بۆ بەردەوام پێش چوونی ئەو جوانکاریانە بەتایبەتی جوانی بەگوڵ و باخچەو هونەرو کەلتوورو جوانکاری لە سروشدا، بۆیە مانەوەی و پیشکەوتووی وڵاتان لەو خاڵەدا خۆی کۆ کردۆتەوە وە سەرەنجی زۆر لە گەشتیاران و سەرەنج دەرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت چ لە هاتنەوەی جارێکی تر بۆ ئەو شارە یان بۆ سروشتەکەی ، بۆیە هونەری خزمەتکاری بەشێکە لە جوانی سروشتەکان و گرنگی دان بە و هونەرو جوانیانەی کە مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەنجامی بدات بەتایبەتی لە کوردستانی خۆماندا کە هەموو کەش هەواکان گونجاون وە لەبارن بۆ ڕێکخستنەوەی سروشتی و هونەری و میکانیزمی جوانکاری بۆ سروشت و وڵات .

دڕێسێک هەوکردنی سییەکان و ڕەبۆ دەستنیشان دەکات

کۆمپانیای سامسۆنگ پەڕەی بەجۆرە دڕێسێکی نوێ داوە بەناوی (Samsung smart-shirt) کە دەتوانێ پشکنینی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان بکات وەک نەخۆشی ڕەبۆ هەوکردنی سییەکان و هەوکردنی قەسەبات ئەمەش لەڕێی چەند هەستەوەرێکی بەهێز و ووردەوە بۆ شیکاری دەنگەکانی هەناسەدان و پێوانی هێز و توانای هەناسەدان و هەناسە هەڵمژین.

بەپێی ئەو داهێنانە بێت ئەو تەکنەلۆژیایەی نێو دڕێسەکە پشت بەمێژووی پزیشکی و ئاماژەی بارستایی جەستە و تەمەن و ڕەگەز و کێش و درێژی دەبینێت. ئەمەش دەبەستڕێتەوە بەئەپلێکەیشنێکی سەر مۆبایلی زیرەکەوە تا لەسەر شاشەکە پێوانە و دەرەنجامەکان بەووردی دەربخات و بەکارهێنەرەکە بتوانێ بیخوێنێتەوە و جۆری نەخۆشیەکە دیاری بکات.

دڕێسەکە دەتوانێ چەندین نەخۆشی وەک ڕەبۆ، هەوکردنی سییەکان،پەتای کۆئەندامی هەناسەدان، هەوکردنی دڕێژخایەنی قەسەبات، گیرانی دڕێژخایەنی سییەکان، دیاری بکات.

یارا

لەلایەن یوتوبەوە خەڵاتی زێڕینی پێ بەخشرا

گۆرانی بێژی شۆخی لوبنانی (یارا) لەلایەن ماڵپەری یوتوبەوە خەڵاتی زێرینی پێ بەخشرا، ئەمەش دوای ئەوەی فۆلەوەرزەکانی ملیۆن کەسیان تێپەڕاند. لەم بارەوە گۆرانی بێژی شۆخی لوبنانی (یارا) دووپاتی کردەوە کە پێشوتر لەلایەن یوتوبەوە بەرنامەکەی خرابووە سەر ئەو ماڵپەرەوەو ڕۆژانەش بینەری بەرنامەکانی لە بەرزبوونەوەی بەرچاودایە. گۆرانی بێژی شۆخی لوبنانی (یارا) دواین کلیپی بەناوی (شو بدو) بڵاوکردەوەو لە کاتێکی پێوانەییدا دوو ملیون کەس تەماشایان کرد.

برایەتی پێشەنگی بۆ سیروانی نوێ چۆڵکرد و سۆرانیش لەسەر ئاستە باشەکانی بەردەوامە



ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

ئەم هەفتەیە خولی نایابی کوردستان پێی نایەگەڕی حەوتەم ، هەفتە لەدوا هەفتە گۆڕانکاری لەرێزبەندی خولەکە دەکرێت، هیچ یانەیەک بەبەردەوامی لەپێشەنگی خولەکە نامێنێت، بەیەک دۆراندن و بردنەوە پێشەنگ دەستاودەستی پێدەکرێت، ئەم پێنج شەمەیە گەڕی حەوتەم بەرێوەچوو، چەندین یاری گرنگ و هەستیار ئەنجامدران، بەتایبەتی پاڵەوانەکانی سالانی ڕابردوو توانای هاتنە پێشەوەی ڕێزبەندی خولەکەیان نەماوە و لەوە تێگەیشتوون ئیتر باوی ئەوە نەماوە بەهێزەکان لە9خاڵ بێ هێزەکان لەناو ببەن، ئەگەر سەیری یاری نێوان سۆران و پێشمەرگەی هەولێر پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو بکەین بۆمان دەردەکەوێت کەیانە بەهێزەکان ئاستیان دابەزیوەوە، یانە بەسەرکەوتووەکانی ئەمساڵیش ڕکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوە دەکەن، سۆران لەنێو هاندەرانی خۆیدا بەرانبەر پێشمەرگەی هەولێر بەتاکەگۆڵێگ یەکسانبوو ،هەردوولا خاڵێکی یاریبەکەی بەرکەوت ، سۆران لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 12خاڵ جێگیر بووە، پێشمەرگەی هەولێریش بەکۆکردنەوەی 9خاڵ لە پلەی شەشەمدا دەبیندرێت، هەروەها لەیاریبەکی دیکەدا هەردوو یانەی نەورۆز برایەتی ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، نەورۆز لەیاریبەکی چاوەڕواننەکراودا توانی بەئەنجامی 3-0گۆڵ لەیانەی برایەتی بباتەوە و پێشەنگی بەبرایەتی چۆڵکرد و گەورتەرین دیاری پێشکەش بەسیروانی نوێ کەگەرانەوەی یانەکەبوو بۆ پێشەنگی یانەکان، نەورۆز بەسەرکەوتنە گەورەیە خۆی گەیاندە پلەی حەوتەمی ڕێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 8خاڵ.

پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە بەجیاوازی پارسالّ ئاستی تیپەکەکان زۆر لەیەکدی دوورن، تیپە بەهێزەکان پێدەچێت یاری بۆ بەرێکردنی خولەکە دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە تیپەکانی دیکەی کەناو وناوبانگیان نییە ، ئەوان ئێستا لەڕکابەریدا لەسەر پلەکانی پێشەوەی ڕێزبەندی خولەکە، بۆئەوەنەش هەردوو یانەی سۆران و دەربەندیخان یەکەم سالّە سەرکەوتوونە بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان، بەڵام هەردوو یانەکە بەشێوەیەکی جددی و بەئاستێکی لێپهاتوو بەرانبەر یانەکان یاری دەکەن، بۆیە ئەم وەرزە خولی نایابی کوردستان لەزۆر ڕووەوە گۆڕانکاری بەسەر هاتووە بەتایبەتی لەئاستی یانەکان و هەروەها بگرە یاریزانە گۆڵکارەکانی پارسالّیش ئەمسالّ نەیان توانیوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان لەیاریبەکاندا پێشەکەش بکەن.

ڕێزبەندی هەفتەی حەوتەم خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت: -1سیروانی نوێ14 خاڵ -2برایەتی 12خاڵ -3سۆران 12 خاڵ -4هەولێر 11خاڵ.



لیڤاندۆفسکی بڕوایەکی بەهێزی هەیە کە چامپیۆنزلیگ دەبەنەوە

هاوکارکەڵەوری

ڕیبرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بڕوایەکی زۆری هەیە کە دەتوانن نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەست دەهێنن و ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان شایستەن چونکە خاوەنی ژمارەیەک یاریزانی بەتوانان.

یانەی باڤاری لەم وەرزەدا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئاستێکی باشیان پێشکەشکردووە و لەم سۆنگەیەوە لیڤندۆفسکی ئەو بڕوایەی لا دروستبووە.

تۆڕی سکای سپۆرتی ئەڵمانی لێدوانەکەی ئەو پۆڵەندییەی بەمشێوەیە بڵاوکردۆتەوە: ئاستمان زۆر باشە و پێم وایە لە قۆناغەکانی داهاتووشدا باشتر دەبین، بەتایبەتیش لە بوونی ئەو هەموو یاریزانە بەتوانایە، سالّی تازە پیم وایە سالّی باڤاری دەبێت، چونکە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەست دەهێنین.

بارسیلۆنا گرێبەستەکەی لەگەڵ فاتی تازە دەکاتەوە

سۆلین سلێمان

لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا یانەی بارسێلۆنا ڕایگەیاند کە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئانسو فاتی کە بچووکترین یاریزانی ئەو یانەیە کە تەنها تەمەنی 17ساڵە، نوێ دەکاتەوە، کە لە ماوەی ڕابردودا لە 11یاریدا بەشداری کردووە ، بەڵام تەنها توانیویەتی 2گۆڵ بۆ یانەکەی تۆمار بکات ، بە واژۆکردنی ئەو گرێبەستە تا ساڵی 2022ئەو یاریزانە لە یانەی بارسێلۆنا دەمێنێتەوە، واتە بۆ دوو ساڵی تر گرێبەستەکەیی نوێ کردەوە، و مەرجی هەڵوەشاندەوەشی 170ملیۆن دۆلارە.





کوتینهۆ: بڕیاری گواستنەوەم بۆ بایرن ڕاست بوو

یاریزانی بەرازیلی، فیلیپ کۆتینهۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، کە لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ڕابردوودا، بە خواستن لە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانییەوە ڕووی تێکردووە، دووپاتی کردەوە، بڕیاری گواستنەوەی بۆ یانەکەی باڤاریا ، لەسەرەتای وەرزی تازەدا، بڕیارێکی ڕاست و دروست بوو. کۆتینیۆ، لەو لێدوانەیدا کە ڕۆژنامەی (سپۆرت)ی کەتەلۆنی بڵاوی کردووەتەوە گوتی: هەر لەیەک ساتەوە هەستم بە ئاسوودەیی کرد، من 100%دڵنیام، ئەو بڕیارەی کە داومە بڕیارێکی ڕاست بوو". ئەمەو ئەو لێدوانەی کۆتینیۆ لە کاتێکدایە، کە دەنگۆکانی ئەگەری، بایرن میونخ هەڵسێت بە بەکارهێنانی بڕگەی بڕاردەی کڕینی ئەو یاریزانە و بردنی بۆ ڕیزەکانی بە شێوەیەکی کۆتایی لە ئارادایە.

کۆتینیۆیش لە مبارەیەوە گوتی: پلانی من مانەوەمە لێرە بۆ ماوەی یەک وەرز، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەم، بۆ ئەوەی باشترین ئاستم پێشکەش بکەم". هەروەها گوتی: ئەگەر هەموو شتێک بەو شێوەیە گوزەر بکات، کە ئومێدی بۆ دەخوازم، دەمەوێت لێرە مێنمەوە. شیاوی باسکردنە، فیلیپ کۆتینیۆ، لەم وەرزەدا لەگەڵ یانەی بایرن میونخ، بەشداریی لە 18یاریدا کردووە، 3گۆڵی تۆمار کردووە و 5گۆڵیشی بۆ هاوتیپەکانی دروست کردووە.

ڕەمزی میرەکانی

ڤالڤێردی: بەختم هەیە کە ڕاهێنانم بە مێسی کردووە



ئێرنستۆ ڤالڤێردی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ئاماژە بە ئاستی لیۆ مێسی دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو تەمەنی 32 ساڵە و سبەی وازناهێنێت، کەواتە مێشکی بەوە سەرقاڵ نابێت، چونکە هەر یاریزانێک کاتێک تەمەنی دەگاتە 30ساڵ ئاساییە بیرلەو بابەتە بکاتەوە.

ڤالڤێردی دەڵێت: بەتێپەڕبوونی کات زیاتر چێژ لە مێسی وەردەگرین، من بەختم هەیە کە ڕاهێنانم بەو یاریزانە کردووە، هەروەک پێشتر باسیان لە دی ستیڤانۆ دەکرد، ئیمەش دەتوانینبڵێین لەسەردەمی مێسی داین، هەروەها گوتی: شەش تۆپی زێڕینم بینیوە، ئەمە جێی سەرسوڕمانە، هەروەها وێنەی مێسی لەگەڵ هەر شەش تۆپەکە، ئەمە پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ هەرکەسێک لەپشتییەوە بێت.

دوای دابڕانی مانگ و نیوێک خیمینیز گەڕایەوە مەشقەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید

خۆسیە ماریا خیمینیزی بەرگریکاری ئۆرگوایی، دوای دابڕانی ماوەیەکی زۆر بەهۆی پێکانەوە، پەیوەندی بەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە کردەوە و دەستی بە مەشقەکان کردەوە.

خیمینیز کە مانگ و نیویک لە یاریبەکانی یانەکەی دوورکەوتەوە، بۆ یاریبەکەی چوارشەممەیان بەرامبەر یانەی لۆکۆمۆتیڤ موسکۆ لە خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا ئامادەدەبێت، بەڵام مەرج نییە بتوانێت هەردوو گیم یاریی پیبکرێت، چونکە بەتەواوی چاک نەبۆتەوە.

لەبارەی گەڕانەوەی ئەو یاریزانەش، سیمیۆنی ڕاهێنەر دەڵێت: خۆشحاڵین بەچاکبوونەوەی بەڵام پیم وایە هێشتا ماویەتی بگەڕێتەوە سەر ئەو ئاستەی کە بتوانین لە هێڵی بەرگری پشتی پێ ببەستین، هەوڵ دەدەم بۆ یاریبەکەی چوارشەممە سوودی لیوەرگرم.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun 8. Dec. 2019 No: (5887)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



پێشانگەی
پێشمەرگە
فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەوانی
ئازاد لەشکری
شوێن: هۆڵی ب. هونەری شێوەکاری-میدیا
کات: 11 ی بەیانی
ڕێکەوت: 9 / 12 / 2019

Azad Lashkari
Persional Exhibition in Arbil-media hall
Time: 11 am





کۆڕی مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا لە یەکێتی نووسەرانی هەولێر

دوای ئەوەی کۆساتیرەکانی مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا لە دوو تەوێی کتێبێکی (350) سێ سەدوو پەنجا لاپەرەدا بەچاپ و دیزاینێکی زۆر شایستە بلاوکرایەوە، لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابوردوو ڕێکەوتی 5/12/2019 کۆڕێکی شایستەیان بۆ سازکرد، کەتیایدا مامۆستا سەلام پوختەیەکی لەبارەی هونەری نووسینی سایتر و ئەو بەرهەمەشی پێشکەشکرد و وردەکاری چەندچیرۆکێکیشی بەهوونە هێنایەوە و دواتر لەلایەن کۆمەڵێک نووسەری بەتوانا ڕاو سەرنجی ورد لەسەر ئەم کتێبە پێشکەشکرا کە کۆڕەکەی دەوڵەمەندتر کردو کۆڕەکەش لەلایەن مەسعود پەرێشانی شاعیرەوە بەڕێوە برا لەسەرەتاکەیدا گوتی مامۆستا چۆن بەندینخانەی بەزاند و پەتی سێدارەشی پچڕاند ئاواش خۆی فێرە ئەو زمانە کوردییە پاراوەکرد کە لەبنەڕەتدا بەعەرەبی خوێندبووی.
شایەنی گوتنە کۆڕەکە کەزیاتر لەکاتژمێرو نیوێکی خایاند و دواتر کتێبەکە بەدیاری لەلایەن نووسەرەوە بەواژی خۆی پێشکەش بەئامادەبووان کرا.

«خەبات»



خەبات لەلایەن فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی کەرکووک خەڵات کرا

دوێنی لە ئۆفیسی سەرەکیی ڕۆژنامە، خەڵاتی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک (خولی حوسێن میسری) بە خەبات بەخشرا. خەڵاتەکە لەلایەن بەڕێز سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامە لە بەڕێز خالدار قەوالی لە لیژنەی فیستیڤاڵەوە وەرگیرا، شایانی باسە خەڵاتەکە لە پای بەشداریکردن و گرنگی پێدانی خەبات بە چالاکییەکانی پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە کەرکووک (خولی حوسێن میسری) بوو، کە لە ڕۆژانی 27ی 11تا 30ی 11ی 2019لە کەرکووک بەڕێوەچوو.

ڕەوا جەمال: جیاواز لە پیشەی پزیشکی، کاری هونەری حەزی منداڵیە



خەبات: سولێن سلێمان

هونەرمەند و پزیشکی بە توانا، ڕەوا جەمال لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت:- لە ساڵی 1982 لە شاری سلێمانی لە دایکبووم، قۆناغەکانی خوێندم هەر لەو شارە تەواوکردووە، لە ساڵی 2006 کۆلێژی پزیشکی ددانم لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردە، دواتر هەر لە زانکۆی سلێمانی،لەساڵی 2012 بروانامەی ماستەرم لە بواری تیشکی ددان بە دەست هێناوە. گووتیشی بوون بە گۆرانیبێژ حەزوخولیایەکی منداڵیم بوو، سەرەتا بە گوتنی گۆرانی هەندێک لە گۆرانی بێژە بەرێزەکانی پێش خۆم دەستم پێ کرد و دەنگی خۆمم تاقی کردەووە، لە کۆتایی ساڵی 2009سەرەتای ساڵی 2010 هەندێک لەو گۆرانییانەم لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و یوتیوبی خۆم بڵاوکردەوە، یەکەم قیدیۆ کلیپ تایبەت بە خۆم کە بڵاوکردەوە ساڵی 2012 بوو بەناوی "گەر لەدەستم بێت" هونەر حەزوخولیایەکی تایبەتی منە، سەبارەت بە پشتگیرییەکەی خۆی دەڵێت:- هاوڕێکانم و هەواداران خۆشەویستانەی کە بەردەوام لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان پشگیریم لێ دەکەن و دەست خۆشیم بۆ دەنێرن کەس و کارەکانم بە تایبەتیش دایکی ئازیزم، لە پرسیارێکدا کە تا ئێستا خاوەنی چەند ئەلبومە ؟ دەڵێت: تا ئێستا خاوەنی دوو ئەلبومم بە ناوەکانی "گەرامەوە" و "بۆ کوێی بڕۆم" و سەرجەم ئەو بەرهەمانە و چەند سرودێکی بۆ پێشمەرگە و بۆ منداڵان و کوردستان دەتوانم بڵێم بە هەمووی دەکاتە نزیکەی35 بەرهەمی گۆرانیم، هەروەها دەڵێت: بەرای من هونەری کوردی دەبێت بایەخی پێ بدرێت کارئاسانی زیاتر بکرێت بۆ هونەرمەندان و تا بتوانن سالانە بەرهەمی نوێی یان ئەلبومی نوێی بڵاو بکەنەوە یان کۆنسێرت ئەنجام بدەن یان بەشداری فیستیڤاڵ بکەن و کەرنەڤاڵە جیهانییەکان بکەن، بە داخەوە خەریکە هونەری کوردی بەرەو دواوە دەروات، چونکە بەکارهێنانی ئاوازی تورکی و فارسی ولاتانی دراوسێ هێنانی ئاوازی بیانی تەنها وشەی کوردی دەخرێتە سەری و هیچی تر نییە. بە هیوام بەو شێوەیە نەمێنێتە، سەرسامی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکانم بە تایبەتی عود و گیتار کە دوو ئامێری زۆر کاریگەرن، بەڵام بە داخەوە دەرفەت نەبووە کەوا بتوانم خۆم فێر بکەم لایەنی کەم تا ئێستا دەرفەت نەبووە. گوێی لە گۆرانی زۆربەی هونەرمەندان دەگرم بەتایبەتی هونەرمەندانی پێش ئەم سەردەمە، باسی ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندان دەکات و دەڵێت:- ئاستەنگ زۆرە کە ڕووبەڕووی هونەرمەند بێتەوە بەتایبەتی تێچوی دروستکردنی ئەلبووم یان سازدانی کۆنسێرت بۆ هونەرمەندان ئەگەر بتەوێت لە هۆڵێکی پرۆفێشنالی وەک هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا کۆنسێرتێک ئەنجام بدەیت داوای 10هەزار دۆلار دەکات بۆ کرێی ڕۆژێک کۆنسێرتێک ئەوە هیچ کارئاسانی نییە بۆ هونەرمەند. پێویستە نرخێکی وا دابنرێت کە هونەرمەند بتوانێت کۆنسێرت بکات و بتوانێت گوێگرو هەواداەکانی خۆێ ببینێت، لەگەڵیان کۆبێتەوە و گۆرانییان بۆ بڵێت، ئەوە یەکێکە لەو ئاستەنگانە کە ڕووبەڕووی هونەرمەند دەبێتەوە..